ژمارە (452) دووشەممە 2017/4/10 - 21ی نەورۆز 2717 (750) دینار

## پیاوێک دەستدرێژی دەکاتە سەر کچێکی شەش ساڵان



رووداو- هەولێر

لە هەولێر پیاوێکی خێزاندار دەستدرێژی دەکاتە کچێکی تەمەن شەش ساڵان. پیاوەکە لەسەر سکاڵای کەسوکاری کچەکە، لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە. (ت) تەمەن 27 ساڵ، ئەو پیاوەی دەستدرێژی کردووەتە سەر منداڵەکە، خێزاندارە و شوفێری تاکسییە. (ت) کە ئێستا لە زیندانە بە (رووداو)ی گوت "نزیکەی کاژێر نۆی شەو بوو، ئەو منداڵەم بینی دەچووە سوپەرمارکێتێک. منیش چاودێریم کرد تا هاتە دەرەوە و چووە کۆڵانێک، لە تاکسییەکەم دابەزیم و خستمە نێو ئۆتۆمبێلەکە. بردمە شوێنێکی چۆڵ، هەر لەناو تاکسییەکەم بۆ ماوەی 20 خولەک دەستدرێژیم کردە سەری، پاشان بردمەوە شوێنەکەی خۆی". (ت) ئەوە یەکەمجاری نییە دەستدرێژی دەکاتە سەر منداڵان. پێشتریش دەستدرێژی کردووەتە سەر منداڵێکی. (ت) گوتی "دوو مانگ لەمەوبەر کوڕێکی 7 ساڵان لە عەنکاوە دەستی لێڕاگرتم گوتی بمبە بۆ کەسنەزان، منیش بردمە دووسایدی گەڕەکی لاوان و دەستدرێژیم کردە سەری".

ملازم هەڵگورد خالید، ئەفسەری لێکۆڵینەوە لە بنکەی پۆلیسی عەنکاوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو پیاوە دوای دەستگیرکردنی، راستەوخۆ دانی بە هەموو تاوانەکانیدا نا". گوتیشی "ئەو پیاوە پێشینەی لەو جۆرە تاوانانە هەیە".

«2

### واژۆ بۆ لەکارلادانی نەجمەدین کەریم کۆدەکرێتەوە

4

گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان:

### دەوڵەتەکەی پارتی و یەکێتی هاوشێوەی لیبیای موعەممەر قەزافی دەبێ

5

هۆشیار زێباری:

### عەبادیش وەکو مالیکییە

4

## گۆڕان داوای نیوەی پۆستەکانی سلێمانی و هەڵەبجە لە یەکێتی دەکات

# یەکێتی لە 848 پۆست تەنیا 31 پۆستی داوەتە گۆڕان



« 3

## پێڵاوەکانی کۆچبەرێکی کورد لە ئەوروپا ناوبانگ پەیدا دەکەن

«11

هەڤپەیڤین 14

### کوردێک یەکەمین کۆمپیوتەری کوانتەمی دژە هاک دروست دەکات



کۆمەڵایەتی 13

### کچێکی 12 ساڵان بە گومانی کوشتنی باوکی دەستگیر دەکرێ

ژنان 12

### دوای نەشتەرگەریی لووت، فیلەر و بۆتۆکس زۆرترین داواکارییان لەسەرە



هونەری 10

### درامای تورکی نیو ملیار بینەری هەیە



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە ( 452 ) - دووشەممە 2017/4/10



## دوو کورد دەبنە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی تۆرکۆ

ڕووداو- هەولێر

لە کۆی ئەو 21 کوردەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی شارەکانی فینلاند بەربژێر کردبوو، دوو بەربژێر لە بازنەی شاری تۆرکۆ دەرچوون. ڕۆژی 2017/4/9 هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی فینلاند بەڕێوەچوو، کە 21 کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتە خۆیان کاندیدکردبوو، بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کە دامەزراوەی هەڵبژاردنی فینلاند بڵاوی کردووەتەوە دوو کورد بەناوەکانی موهیس عەزیزی بەربژێری پارتی کۆکۆمۆس، واتە سەنتەر هەروەها بورهان ئەحمەدی بەربژێری سۆسیال دیموکراتەکان لە بازنەی هەڵبژاردنی شاری تۆرکۆ، دووەم گەورە شاری فینلاند دەرچوون.

# لە هەولێر دەستدرێژی دەکرێتە سەر کچێکی شەش ساڵان



(ت): ماوەی 20 خولەک دەستدرێژیم کردە سەر کچەکە

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

لە هەولێر دەستدرێژی دەکرێتە سەر کچێکی منداڵی تەمەن 6 ساڵان. لەسەر سکاڵای کەسوکاری کچەکەش پیاوێکی خێزاندار لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ و دان بە تاوانەکەیدا دەنێت.

(ت) کە تەمەنی 27 ساڵە و دەستدرێژیی کردووەتە سەر منداڵەکە، پێشتر کرێکاری شارەوانی بووە، بەڵام ماوەی چوار ساڵە ئیشی تاکسی دەکات.

(ت) کە ئێستا لە زیندانە، چیرۆکی دەستدرێژیکردنە سەر ئەو کچەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "ئیشی تاکسیم دەکرد، نزیکەی کاژێر نۆی شەو بوو، بەڕێکەوت ئەو منداڵەم بینی دەچووە مارکێتێک. منیش چاودێریم کرد تا هاتە دەرەوە و چووە کۆڵانێک، لە تاکسییەکەم دابەزیم و دەستم گرت و خستمە نێو ئۆتۆمبێلەکە. ئینجا بردمە شوێنێکی چۆڵ و هەر لەناو ئۆتۆمبێلەکە دەستدرێژیم کردە سەری".

(ت) وردەکاریی زۆرتر باس دەکات و دەڵێت "لەپشتەوە چوومە لای، دەستگەمەم لەگەڵی دەکرد، تەنانەت کە دەستم لێدەدا، هەندێک شوێنی بریندار بوو" دەشڵێت "منداڵەکە دووجار لەژێر دەستم گریا و بە زمانی عەرەبی قسەی دەکرد، بەڵام من لەبەرئەوەی عەرەبی نازانم لێی تێنەدەگەیشتم. 20 خولەک دەستدرێژیم کردە سەری تا کارەکەم تەواو کرد، دواتریش بردمەوە ئەو شوێنەی سەرەتا لێیم هەڵگرتبوو، لە ئۆتۆمبێلەکە دامبەزاند و دەستم بە ئیش کردەوە".

(ت) دوای دەستدرێژیکردنە سەر ئەو منداڵە، دووجار چووەتەوە ئەو شوێنەی کچەکەی لێ هەڵگرتووە بۆ ئەوەی بزانێت کەسوکارەکەی بە ڕووداوەکەیان زانیوە و پۆلیسیان لێ ئاگادار کردووەتەوە یان نا.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ئەو کچەی دەستدرێژیی کراوەتە سەر، خەڵکی یەکێک لە شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە و بە چەند شێوازێک دەستدرێژیی کراوەتەسەر.

(ت) نایشارێتەوە کە ئەوە یەکەمجاری نییە دەستدرێژی دەکاتە سەر منداڵان. پێشتریش دەستدرێژی کردووەتە سەر کوڕێکی دیکەی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان کە ئەویش تەمەنی 7 بۆ 8 ساڵان بووە. وەک خۆی بۆ (ڕووداو)ی دەگێڕێتەوە "دوو مانگ لەمەوبەر کوڕێکی 7 ساڵان لە عەنکاوە دەستی لێڕاگرتم گوتی بمبە بۆ کەسنەزان، منیش بردمە دووسایدی گەڕەکی لاوان و لەدواوە دەستدرێژیم کردە سەری، دواتر پێنج هەزار دینارم دایە و ڕۆیشتم".

(ت) جگە لە دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان، هاموشۆی ئەوماڵانەشی کردووە کە لەشفرۆشییان تێدا دەکرێ.

جگە لەو کارانە، گێچەڵی سێکسی بە ئافرەتان کردووە و دەڵێت "سەرەتا لەوەوە دەستم پێکرد، زۆر دەچوومە بازاڕی لەنگەی هەولێر، دەستم لە جەستەی ئافرەتان دەدا و گێچەڵم پێدەکردن، ئەگەر ئافرەتێکم بەتەنیا لەسەر شەقام ببینیبایە، لەدواوە دەستم لە جەستەی دەدا و هەڵدەهاتم".

ئەو پیاوە پێشتریش بە تۆمەتی ئەو جۆرە کارانە دەستگیرکراوە. (ت) دەڵێت "لە چایخانەیەکی ناو بازاڕی هەولێر کارم دەکرد، لە شوێنێکی کەمێک چۆڵ پیاوێکی بەتەمەن کە سەردانی چایخانەکەی دەکرد و پیشەی سواڵکردن بوو، دانیشتبوو، منیش چوومە لای، بەڵام پێدەچوو کەسێک شکایەتی لێکردبم، بۆیە دوای ماوەیەکی کەم هەردووکمان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراین".

ئەگەرچی (ت) ڕەتیکردەوە کە سێکسی لەگەڵ ئەو پیاوە بە تەمەنە کردبێ، بەڵام دەڵێت "40 ڕۆژ زیندانی کرام، بەتۆمەتی ئەوەی لەگەڵ ئەو پیاوە نێربازیمان کردووە".

(ت) زۆر پەشیمانە لەو کارانەی کردوونی و دەڵێت "زۆر پەشیمانم لەم کارانە، بەڵام پەشیمانی دادم نادات، شەرمەزاری هاوژینەکەم و کەسوکارم بووم. داواش لەو کەسانە دەکەم کە ئەو کارە خراپانە دەکەن وازبهێنن، چونکە مایەپووچ دەبن و ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە بەسەر من هاتووە".

### پێشینەی هەیە

لەبارەی ئەو ڕووداوە، ملازم هەڵگورد خالید، ئەفسەری لێکۆڵینەوە لە بنکەی پۆلیسی عەنکاوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژی 28/3/2017 دایک و باوکی منداڵەکە لەلای ئێمە سکاڵایان تۆمار کرد. ئێمەش بەدواداچوونمان کرد. دوای هەفتەیەک لە ڕۆژی 6/4/2017 لەلایەن پۆلیسی بنکەی عەنکاوە توانیمان تۆمەتبارەکە دەستگیر بکەین. دوای دەستگیرکردنیشی ڕاستەوخۆ دانی بە هەموو تاوانەکانیدا نا، کە دەستدرێژی کردووەتە سەر ئەم منداڵە. جگە لە دانپێدانانی خۆی لەلای ئێمە و دادگا، گرتەی ڤیدیۆییشی هەیە، هەروەها لە سنووری بنکەی پۆلیسی عەنکاوە گێچەڵی سێکسی بە چەند ئافرەتێک کردووە". ملازم هەڵگورد گوتیشی "ئەو پیاوە پێشینەی لەسەر ئەم جۆرە تاوانانە هەیە، بۆیە لەسەر بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر لە گرتن و گواستنەوەی هەولێر دەستبەسەرە، تا ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە تەواو دەکرێن، دواتر دادوەر بڕیار لەسەر کەیسەکە دەدات".

# دوو برا لە دەریای ئیجەدا دەخنکێن



دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

جەمال محەممەد قادر، باوکی شەش منداڵ بوو (سێ کوڕ و سێ کچ) بەڵام دوو لە کوڕەکانی پێکەوە لە دەریای ئیجەدا خنکان. ئەو کە بە ئاواتی گەیشتن بە کەنەدا هەموو شتێکی فرۆشت و ڕێگەی قاچاخی گرتەبەر، دوای ئەو کارەساتەی بەسەریاندا هات، ئامادە نییە بەڕێگای یاساییش بچێتە دەرەوە.

جەمال محەممەد، خەڵکی هەڵەبجەی شەهیدە، خۆی دەڵێت کار و کەسابەت لە هەڵەبجە نەمابوو، بۆیە زۆر نائومێد ببوو. ئەو دەیویست ئایندەیەکی باش بۆ منداڵەکانی مسۆگەر بکات، بەڵام لە نیوەی ڕێگادا هەموو ژیانی سەراوبن بوو.

جەمالی تەمەن 43 ساڵ، بە هیوای ئەوەی بگاتە کەنەدا، هەرچی هەیبوو فرۆشتی. پێش ئەوەی بڕیاری چوونە دەرەوە بدات، کەبابچی بوو، بەڵام بازاڕی کز بوو، بەو پارەیەی ڕۆژانە دەستیدەکەوت نەیدەتوانی خێزانەکەی بژێنێ.

جەمال دەڵێت "تاکسییەکم هەبوو فرۆشتم، نێو ماڵەکەشم فرۆشت. نزیکەی 25 هەزار دۆلارم کۆکردەوە، لەگەڵ هاوژین و شەش منداڵەکەم چووینە ئیستەنبوڵ، لەوێ لەڕێی هاوڕێیەکی کەرکووکیمەوە قاچاخچییەکی خەڵکی سلێمانیم ناسی و ڕێککەوتین کە بمانگەیەنێتە یۆنان و هەموو پارەکەم داپێی".

جەمال کە پێشمەرگەی دێرین بووە و لە ساڵانی 1983 تا 1989 لە زیندانی ئەبوغرێب بووە، باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە ویستیان لە تورکیاوە بگەنە یۆنان "قاچاخچییەکە پێیگوتم ڕێگاکە سەلامەتە و هیچ مەترسی و کێشەیەکتان بۆ دروست نابێت، لە ماوەی 40 خولەکدا دەگەنە شوێنی خۆتان، بەڵام ڕاستگۆ نەبوو، چونکە ئێمەی بە یەختێکی 12 مەتری نارد کە ژێرەکەی ژەنگ گرتبووی و 111 کەسی لە کورد و عەرەب و ئێرانی تێکردبوو، بەشێکیان ژن و منداڵ بوون".

کاژێر سێ و نیوی بەرەبەیان بە یەختەکە دەکەونە ڕێ. نزیکەی نیو کاژێر بەڕێگاوە دەبن. بەڵام یەختەکەیان دەتەقێ. جەمال گوتی "18 کۆچبەر خنکان، دووانیان منداڵەکانی من بوون".

دوو منداڵەکەی جەمال یەکێکیان تەمەنی 8 ساڵان بووە و ئەوەی دیکەیان 10 ساڵان بووە. جەمال دەڵێت "کوڕەکەی دیکەشم شەپۆلی دەریا بردی، زۆر بە زەحمەت توانیمان ڕزگاری بکەین، 18 ڕۆژ لە یۆنان لە نەخۆشخانە مایەوە".

سەبارەت بە دۆزینەی تەرمی دوو کوڕەکەشی دەڵێت "دوای 18 ڕۆژ تەرمی منداڵەکانمان لەڕێگەی تیمەکانی فریاگوزاریی یۆنان دۆزرانەوە و گەڕێندرانەوە یۆنان. کە تەرمەکانیان بۆ هێنایەوە بینیم ماسییەکان، لایەکی دەست و قاچی بەڵێنی کوڕمیان خواردبوو، بەڵام هەورامان هیچی لێنەهاتبوو، تەنیا لاشەکەی ئاوسابوو. بە هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خێرخوازێک کە هاوکاریی کردین، توانیمان تەرمی منداڵەکانم بهێنینەوە کوردستان".

### باوکی ئەو دوو کوڕە: دوای 18 ڕۆژ تەرمی دوو منداڵەکەم دۆزییەوە

جەمال کە ئێستا نزیکەی 40 ڕۆژە لەگەڵ چوار منداڵ و هاوژینەکەی لە شارۆچکەی بنەسڵاوە دادەنیشێت، دەڵێت کەسوکاری هیچ نەماون "ئەوکاتەی من لە زیندانی ئەبوغرێب بووم، هەڵەبجە کیمیاباران کرا و 9 کەس لە خێزانەکەم و 17 کەس لە خزم و کەسوکارم بەر کیمیایی کەوتن و تێداچوون. ئێستا لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا دەژیم، ماڵەکەم نە پێخەفێک و نە ئازوقەیەکی تێدا نییە، ماوەی سێ ڕۆژە نە خۆم و نە هاوژین و نە منداڵەکانم هیچمان نەخواردووە، بۆیە داوام لە حکومەت ئەوەیە تەنیا هاوکاریم بکات تاوەکو بتوانم کاریکەم و ماڵ و منداڵەکەم بژیەنم".

دەشڵێت "ئەوکاتەی یەختەکە نقوم بوو، هاوژینەکەم شیشێک چووە بە سکیدا، لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر نەشتەرگەرییان بۆ کرد، بەڵام لەبەر بێ پارەیی، ناتوانم چارەسەری بۆ وەربگرم و ماوەی سێ مانگە لە ماڵەوە خۆم چارەسەری دەکەم".

لەبارەی ئەوەی کە دوای ڕووداوەکە قاچاخچییەکەی بینیوەتەوە؟ دەڵێت "بینینی چی! ئەمانە دەڵێی وەزیرن، هەر ناهێڵن بیانبینین، قاچاخچییەکە ناوی (د.ی. پۆلیس) ە و لەگەڵ (ە.شاحینە) ئیش دەکات، لە تورکیا وەکو وەزیر دەژین. بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵی کرد، پێمگوت تۆ بۆ ئاوات لە ئێمە کرد، لەکاتێکدا منداڵی شارەکەی خۆمی، تەنیا وەڵامی ئەوە بوو کە ئەمە قەدەرە و بەسەر هەموومان دێت".

### بە ڕێگەی یاساییشدا ناڕوات

جەمال دەڵێت کە لە یۆنان بووە، کارمەندانی UN پرسیاریان لێکردووە کە مەبەستی بووە بچێتە چ وڵاتێک، ئەویش گوتوویەتی کەنەدا، بۆیە پێیانگوتووە کەنەدا قبوڵتان دەکات، بڕۆ تەرمی منداڵەکانت ببەوە کوردستان. دوای شەش مانگی دیکە دەتوانی بێیتەوە و سەفەرەکەی خۆت بکەی. جەمال گوتی "نووسراوم لەلایە کە دەتوانم بڕۆم، بەڵام کە ئەو ڕووداوەم بەسەرهات، ئیدی نامەوێت بڕۆمە هیچ وڵاتێک، من لەبەر داهاتووی منداڵەکانم دەڕۆیشتم، بەڵام لەم ڕێگایە دوو منداڵم لەدەستدا، بۆیە ئێستا نەک بە قاچاخ، بەڕێگەی یاساییش ناچمە دەرەوە".

# کوردێک کوێرەوەریی خۆی لەگەڵ پاسپۆرتی عێراقی بۆ ئیتاڵییەکان دەگێڕێتەوە

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

گەنجێکی خەڵکی دهۆک کە ئێستا لە ئیتاڵیا دەخوێنێ، لە فێستیڤاڵێکدا چیرۆکی سەفەرەکانی خۆی و زەحمەتییەکانی بەدەست پاسپۆرتی عێراقی و بەدەستهێنانی ڤیزا بۆ ئیتاڵییەکان دەگێڕێتەوە.

محەممەد هەوار، تەمەن 23 ساڵ، کە پێنج ساڵە بۆ خوێندن چووەتە دەرەوە، یەکێک بوو لەو 160 کەسە بەهرەمەند و سەرکەوتووەی ڕۆژی 2017/4/9 لە ڕۆما بەشداری لە فێستیڤاڵی TEDxRomaدا کرد.

محەممەد باسی ئەزموونی خۆی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "هەر لە منداڵییەوە زۆر خولیای فێربوون بووم. پێنج ساڵ لەمەوبەر بە کەسوکارەکەمم گوت دەچمە دەرەوە دەخوێنم. ئەوە نزیکەی پێنج ساڵە لەسەر خەرجیی خۆم لە کۆلێژی ئەندازیاریی بیناسازی لە ئیستانبوڵ دەخوێنم".

محەممەد زۆر خولیای گەڕانە و هەر کاتێک داوەتنامەیەک بۆ زانکۆکەی هاتبێ، ئەو داواکاریی خۆی پێشکەش کردووە. محەممەد دەڵێت "لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەی لە تورکیا لە زانکۆ بووم، هەر داوەتنامەیەک بۆ زانکۆکەم هاتبا، داواکاریم پێشکەش دەکرد. لەو ماوەیەدا توانیم بچمە چەند وڵاتێکی وەکو یۆنان و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا".

بەڵام محەممەد لە کاتی وەرگرتنی ڤیزای سەفەر بۆ ئەو وڵاتانە زۆر ماندوو بووە، بەهۆی ئەوەی پاسپۆرتی عێراقی هەبووە، بە زەحمەت توانیویەتی ڤیزا وەربگرێ.

ئێستا محەممەد ماوەی شەش مانگە لە ئیتاڵیایە. لە مانگی 11ی ساڵی ڕابردوو کاتێک دەزانێت فێستیڤاڵی تێدئێکس لە ڕۆما بەڕێوەدەچێ، پەیوەندی بە ئەدرەسی لێژنەی بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵەکەوە دەکات بۆئەوەی باسی ئەزموونی خۆی بکات.

محەممەد دەڵێت "بە ئیمەیڵێک چیرۆکی سەفەرەکانی خۆم بۆ باسکردن، بە تایبەتی ئەو زەحمەتی و ناخۆشیانەی لە کاتی وەرگرتنی ڤیزا بەرەوڕووم دەبوونەوە، دواتر باسی ئەو وڵاتانەم بۆ کردن کە بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەبارەی بەشەکەم (بیناسازی) سەردانم کردبوون".

دوای ماوەیەک لێژنەی فێستیڤاڵەکە پەیوەندی بە محەممەدەوە دەکەن و دەڵێن تۆ یەکێکی لە بەشداربووانی فێستیڤاڵەکە. محەممەد دەڵێت "160 کەس سیڤی خۆیان بۆ لێژنەی ڕێکخەری فێستیڤاڵەکە ناردبوو، بەڵام تەنیا 20 کەس قبوڵکران و من یەکێک بووم لەو 20 کەسە". گوتیشی "ئەو 20 کەسە خەڵکی ئیتاڵیا، بەرازیل، هیندستان، مەغرب و سعودیە و وڵاتانی دیکە بوون، من تاکە کەس بووم لە عێراقەوە بەشداریم کردبوو".

محەممەد باسی ئەو گوتارەی کرد کە لە کاتی فێستیڤاڵەکەدا پێشکەشی کردووە و گوتی "لە گوتارەکەمدا باسی ئەزموونی خۆم کرد، پاشان بە داتاشۆ باسی دهۆک و باشووری کوردستانم کرد. هەروەها باسی سەربەخۆیی کوردستان و گشتپرسیم کرد".




### تێدئێکس چییە؟

(TED) ڕێکخراوێکی میدیاییە کە لە 1984 دامەزراوە. بە دروشمی "ئەو بیرۆکانەی شایانی بڵاوکردنەوەن" کار دەکات. ناوی ڕێکخراوەکە کورتکراوەی تەکنۆلۆژیا، سەرگەرمی، دیزاین (Technology، Enter-tainment، Design)ە. بنکەی سەرەکی ڕێکخراوەکە لە نیۆیۆرک لە ئەمریکا و ڤانکۆوەر لە کەنەدایە. (TEDx) بەشێکە لە پرۆگرامەکانی (TED) کە کۆمەڵێک بۆنە لەخۆدەگرێ. هەر کەسێکی خاوەن بڕوانامەی (TED) دەتوانێ ڕێکی بخات. بۆنەکانی (TEDx) قازانج نەویستن، بەڵام ڕێکخەرانی بۆنەکە مافی ئەوەیان هەیە بەشی خەرجی بۆنەکان هاوکاریی دارایی لە سپۆنسەرەکان وەربگرن. ئامانج لەم بۆنانە لێک نزیککردنەوەی خەڵک و دروستکردنی گفتوگۆیە لە نێوان کەسانی خاوەن بیرۆکە و ئەوانەی خولیای پێشکەوتن و کاریگەری دانانیان هەیە. ڕێکخراوی (TED) ساڵانە کۆنفرانسێک لە ڤانکۆوەر ڕێکدەخات. لەو کۆنفرانسانەدا باس لە بابەتی جۆراوجۆر دەکرێ. بۆ ئەم کۆنفرانسە کەسایەتی نێودەوڵەتی یان نێوخۆیی بەناوبانگ بانگهێشت دەکرێن، بۆ ئەوەی بۆچوون و بیرۆکەکانی خۆیان لە 18 خولەکدا بخەنەڕوو. لە نێوان قسەکەرە بەناوبانگەکانی کۆنفرانسەکانی (TED)دا دەکرێ ئاماژە بە بیل کلینتن، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، گۆردن براون و دەیڤید کامیرۆن سەرۆکوەزیرەکانی پێشووی بەریتانیا و ریچارد دۆکینز، زانای بایۆلۆجیستی بەناوبانگی بەریتانی بکرێ.

## شاندی کوردی وەڵامی پرسیارێکی عەبادی نادەنەوە

ڕووداو- بەغدا

ئێوارەی 2017/4/9، لە مەراسیمی ساڵیادی شەهیدکردنی محەممەد باقر سەدر کە لە بەغدا بەڕێوەچوو، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، گوتارێکی پێشکەشکرد و ڕایگەیاند "ئێمە پرسیارمان لە شاندی هەرێمی کوردستان کرد کە هاتن بۆ بەغدا، لەبارەی کاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک، بەڵام ئەوان وەڵامیان نەدایەوە". عەبادی هەروەها گوتی "هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک لەکاتی خۆیدا نەبوو، چونکە ئەو بابەتە لەوکاتەدا دەبێتە هۆی نانەوەی کێشەو گرفت لە نێوان پێکهاتەکانی شاری کەرکووک، کە دۆخی ئێستای کەرکووک ئەوە هەڵناگرێت، هەروەها بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک بڕیارێکی لەناکاوبوو، چونکە کاری لەپێشینەی ئێمە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و داعشە".



### گۆڕان داوای نیوەی ئەو پۆستانە لە یەکێتی دەکات

# لە 848 پۆست یەکێتی تەنیا 31 پۆستی داوەتە گۆڕان

هێڤیدار ئەحمەد

ڕووداو- هەولێر

بزووتنەوەی گۆڕان داوا لە یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان دەکات، لە کۆی (848) پۆستی سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە کە پێشتر ڕێککەوتنیان لەسەر کردووە، نیوەی بدرێنە گۆڕان، بەڵام یەکێتی ڕای وایە کە نابێ گۆڕان داوای مۆدێلی حوکمڕانی "یەکێتی و پارتی" بکات بە دابەشکردنی پۆستەکان "50 بە 50". هەڵسوڕاوێکی دیاری گۆڕانیش دەڵێت "ئەگەر یەکێتی لە ڕێککەوتنەکە پەشیمان بووەتەوە، ئەوا قبووڵمانە".

مانگێکی دیکە ساڵێک بەسەر ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕاندا تێدەپەڕێت کە لە 2016/5/17 لە ماڵی مام جەلال لە دەباشان ئیمزاکرا. یەکێتی هەر لە سەرەتای نەخشەڕێگاکەیدا کە ماوەی ڕابردوو لەلایەن سەرکردایەتی و ئەنجوومەنی ناوەند پەسەند کرا، باسی پابەندبوونی یەکێتی دەکات بە ڕێککەوتننامەکەی لەگەڵ گۆڕان، بەڵام ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی بە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە خەتابار دەکات.

بەهار عەبدولڕەحمان، ئەندامی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ نووسینەوەی ڕێککەوتنی نێوان حیزبەکەی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نایشارێتەوە کە حیزبی دیکە هەبوون "دژایەتی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەیان کردووە". پێشیوایە "گەورەترین ڕێگری لەبەردەم سەرخستنی ڕێککەوتنەکە کارانەکردنەوەی پەرلەمان بووە".

بەهار عەبدولڕەحمان کە ئەندامێکی کارای گۆڕانە لە پەرلەمانی کوردستان و شارەزایی باشی هەیە لە یاسا، بەشێکی سەرەکیی پێشێلکردنی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان دەخاتە ئەستۆی یەکێتی. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "دۆخی نێوخۆی یەکێتی و بوونی دوو باڵ لە نێو یەکێتیدا و بەرژەوەندیی ماددی کۆمەڵێ بەرپرسی یەکێتی کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە".

ئەو بەرپرسەی گۆڕان پێیوایە سەرەڕای ئەوەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکراوە و یەکێتی پۆستەکانی پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی وەکو گۆڕان داوای دەکات پێی نەداوە، دەڵێت "دیموکراسی و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات لە زۆنی سەوز و نیلی لە زۆنی زەرد باشترە".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لە ماوەی ڕابردوودا دوو ڕێککەوتن لە نێوانیاندا واژۆ کراوە. ڕێککەوتنێک بۆ پێکهێنانی ئیدارەی لۆکاڵی سلێمانی و هەڵەبجە بووە. ڕێککەوتنی دووەمیش بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان.

بەپێی ئەو دوو ڕێککەوتنە، وەک هەڵسوڕاوێکی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "مافی حیزبەکەی لەلایەن یەکێتییەوە خوراوە، یەکێتی پابەند نەبووە بە جێبەجێکردنی ماددەکانی ئەو ڕێککەوتنە کە خۆی ئیمزای کردووە. بەتایبەت ئەو بڕگانەی پەیوەندیان بە دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەوە هەیە".

هەڵسوڕاوەکەی بزووتنەوەی گۆڕان ژمارەی پۆستەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە ئاشکرا دەکات کە دەبووایە بەپێی ڕێککەوتنەکەیان لە نێوان گۆڕان و یەکێتی دابەشکرابان. ئەو هەڵسووڕاوەی گۆڕان گوتی "لە سنووری سلێمانی و هەڵەبجە 848 پۆستی ئیداری هەن، ڕێککەوتبووین کە نیوە بە نیوە لە نێوان یەکێتی و گۆڕان دابەش بکرێن، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان کە دەبووایە 224 پۆستی وەربگرێ، تاوەکو ئێستا تەنیا 31 پۆستی وەرگرتووە".

گوتیشی "یەکێتی ئامادە نییە و بەردەوام کێشە دروست دەکات بۆ ئەوەی گۆڕان مافی خۆی وەرنەگرێت".

بەڵام یەکێتی دەڵێت بزووتنەوەی گۆڕان حەقی یەک پۆستیشی نەماوە و پۆستەکانی خۆی وەرگرتووە.

ڕێککەوت زەکی، سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنەکەیە و ئاگاداری وردەکاریی ڕێککەوتنی دابەشکردنی پۆستەکانی نێوان حیزبەکەی و گۆڕانە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو پۆستانەی بەر گۆڕان کەوتوون وەک لە ڕێککەوتنەکەدا هاتووە هەمووی بە گۆڕان دراوە. بزووتنەوەی گۆڕان تەواوی ئیستیحقاقی خۆی وەرگرتووە".

ڕێککەوت زەکی ڕەخنە لە داواکانی گۆڕان دەگرێ بۆ دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی زۆنی سەوز و نیلی بەشێوەی نیوە بە نیوە و دەڵێت "پێشتر تانەیان لە ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی دەدا کە چۆن پۆستەکانیان لە نێوان خۆیاندا 50 بە 50 دابەش کردووە، ئەی چۆن ئێستا دێن و دەیانەوێ هەمان شت دووبارە بکەنەوە".

بزووتنەوەی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی 12 کورسی هەیە و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 11 کورسی و بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە پۆستی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگار دوو ساڵ بە دوو ساڵ لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێ. دوای تەواوبوونی دوو ساڵەکەی یەکێتی، ئێستا بەناوی بزووتنەوەی گۆڕان پۆستی پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێت.

ڕێککەوت زەکی نایشارێتەوە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان "بەو داواکارییەی گۆڕان ڕازینابێت پۆستەکان نیوە بە نیوە دابەشبکات". گوتیشی "گۆڕان 12 کورسی هەیە لە ئەنجوومەنی پارێزگا و بەگوێرەی کورسییەکانی خۆی تەواوی مافی خۆی وەرگرتووە کە 31 پۆستن".

جگە لە پۆستی پاریزگاری سلێمانی، بزووتنەوەی گۆڕان 5 قائیمقام، 18 بەڕێوەبەری ناحیە، شەش بەڕێوەبەری گشتی، پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆ، چالاکییە مەدەنییەکان، پۆلیسی فریاکەوتنی 104، پۆلیسی دارستان هەموو ئەمانە لەدەست گۆڕاندان. وەک ڕێککەوت زەکی دەڵێت "ئێستا سلکی ئەمنی لە سلێمانی کەوتووەتە دەست گۆڕان".

نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لە کاتی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی نێوان حیزبەکەی و یەکێتی ڕاگەیاند "عیبرەت لە نووسینەوەی ڕێککەوتنەکەدا نییە، بەڵکو عیبرەت لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەدایە". دوای تێپەڕبوونی ساڵێک، بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ ڕێککەوتنەکە جێبەجێنەکراوە. بەهار عەبدولڕەحمان بەروون و ئاشکرا داوا لە یەکێتی دەکات "ئەگەر یەکێتی بە فەرمی لە ڕێککەوتنەکە پەشیمان بووبێتەوە، ئەوا گۆڕان قبوڵیەتی، ئەگەر بیانەوێ جێبەجێی بکەن، دەبێ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە بهاوێژن".

**یەکێتی: نابێ گۆڕان داوای مودێلی 50 بە 50ی یەکێتی و پارتی بکات**

**بەهار عەبدولڕەحمان، ئەندامی گۆڕان لە نووسینەوەی ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی:**

**ئەگەر یەکێتی بەفەرمی پەشیمان بووبێتەوە لە ڕێککەوتنەکە، گۆڕان قبوڵیەتی**



### سیروان کوێخا نەجم، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:

# بەشێکی سەرکردایەتی یەکێتی بڕیارەکەی مەکتەبی سیاسی ڕەتدەکەنەوە

نەوزاد مەحموود و ئەرکان عەلی

ڕووداو- سلێمانی

بەشێک لەو سەرکردانەی یەکێتی کە پێیانوایە ڕاگەیێندراوەکەی دواهەمین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیان ڕووی لەوانە، ڕەخنە لەو ڕاگەیێندراوە دەگرن و ڕەتیدەکەنەوە ناوی کەس هێنرابێ بەمەبەستی سزادان یان لێپرسینەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیش کە دەگوترێ یەکێکە لەوانەی مەکتەبی سیاسی داوای کردووە هۆشداریی پێبدرێ، دەڵێت "ناوی کەسیش نەهێنرابێ، خەڵک تێدەگات مەبەستیان من و چەند بەرپرسێکی دیکەی یەکێتییە".

بەهۆی بوونی دوو تێڕوانین و ئاراستەی جیاواز لەنێو یەکێتیدا، وای لێهاتووە یەکێتی بەرەوڕووی پارتی یان گۆڕان، هەر هەنگاوێک هەڵبگرێ، نا و نەخێری بەشێک لەو حیزبە بەخێرایی دەگاتە نێو میدیاکان.

دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕۆژی 2017/4/8 بەسەرپەرشتی کۆسرەت ڕەسوڵ بەڕێوەچوو، ئەوان بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی نێوخۆیی و ئەنجامی دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندی هاوبەشی پارتی و یەکێتی لەگەڵ سەرکردەکانی بەغدا کۆببوونەوە، بەڵام هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاریشیان دا، هۆشداریی توند بدرێتە ئەو بەرپرسانەی یەکێتی کە بە زمانێکی توند ڕەخنە لە سیاسەتەکانی حیزبەکەیان دەگرن، چونکە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، کۆبوونەوەی یەکێتی لەگەڵ پارتی و پێکهێنانی شاندی هاوبەش بۆ پرسی ریفراندۆم، لەلایەن چەند سەرکردەیەکی یەکێتییەوە ڕەخنەباران کرابوو.

سیروان کوێخا نەجم، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، ڕەتیدەکاتەوە سزا درابێ، یان پەیوەندی پێوەکرابێ و بە زارەکیش پێیڕاگەیێندرابێ و ناوی هێنرابێ "بەڵام بێگومان ئەو ڕاگەیێندراوە مەبەستی ئێمەیە، مەبەستی من و کاک عادل موراد و چەند کەسێکی دیکەیە". گوتیشی "بەڵێ من ڕەخنەم لە کۆبوونەوەی یەکێتی لەگەڵ پارتی گرتبوو، بەلاغەکە مەبەستی ئەوانەیە کە لێدوان دەدەن و قسە دەکەن".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، ڕەخنە لە مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی یەکێتی دەگرێت و دەڵێ "کاتی خۆی بەهۆی لێدوانی مەلا بەختیار یەکێتی شەش کورسی هەڵبژاردنی لەدەست دا، ئەی باشە بۆچی کەس لە مەلا بەختیار ناپرسێتەوە و پێی ناڵێن بۆ ئەو زیانەت لە یەکێتی دا".

ڕاگەیێندراوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، هەروا کاردانەوە و دەردەدڵی زۆرتری بەدوای خۆیدا هێنا. ئاڵا تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق، لە نامەیەکی کراوەدا بۆ کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی، جگە لەوەی نیگەرانیی خۆی لە بڕیارەکان دەردەبڕێ، دەپرسێ: "لەکام ماددەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا هاتووە، ئەم هەموو پرسە گرنگە، لەنێوان ئەم چەند هەڤاڵە دەبێت بڕیاری لێبدرێ؟".

ئاڵا تاڵەبانی، بڕیاری دەرکردنی سزا بۆ هەریەکە لە عادل موراد، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، سیروان کوێخا نەجم و لاهور تاڵەبانی، بە دوورکەوتنەوە لە ڕێکارەکانی حیزب دەزانێ و دەڵێت "لەکام پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی، بەرپرسە یەکەمەکان خۆیان کۆدەبنەوە و لەسەر پرسێک هەر خۆیان بەبێ گەڕانەوە بۆ دەزگا شەرعییەکان بڕیار دەدەن". لەوەش سەیرتر بەلای ئاڵا تاڵەبانییەوە ئەوەیە "بەرپرسەکان هەر خۆیان دەبنەوە بە ئەندامی لیژنەکە. سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال لە شاخ و شار و بەغداش کەی مافی دەستتێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی حیزب هەبووە، لەکام سوچی پەیڕەوی یەکێتیدا بەرپرسی سکرتاریەتی مام بۆی هەیە ئەندامی لیژنەی سزادانی کادیر و چاودێری پەیڕەوی ناوخۆ بێت! جەنابی هێرۆخان توو ویژدانت کەی مام قبوڵیەتی ئەندامی خێزانەکەی، ئەندامی لیژنەی سزادانی هاوڕێی شاخ و خەباتی پێشمەرگایەتی بن".

سیروان کوێخا نەجم پێیوایە ئەو بڕیاری سزادانە بەلای بەشێک لە سەرکردایەتی یەکێتییەوە ڕەتکراوەیە و دەڵێ "لەناو یەکێتی کەس ئەوەی بەلاوە پەسەند نییە "نە بەشێک لە سەرکردایەتی و نە ئەنجوومەنی ناوەند و نە بەشێک لە کادرانی یەکێتی، باوەڕیان بەو کەسانەش نییە کە بڕیارەکەیان دەرکردووە".

پۆلا تاڵەبانی، یاریدەدەری مام جەلال بۆ کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بوونی ئەو جۆرە نیگەرانییە نێوخۆییانەی حیزبەکەی بە حاڵەتێکی ئاسایی دەبینێت و پێیوایە کێشەکان باشترە لەنێو ئۆرگانە فەرمییەکانی حیزبەکەیدا یەکلایی بکرێنەوە نەک بە بەیاننامە و لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان.

تاڵەبانی دەڵێت "را جیایی لەنێو یەکێتیدا، لە ڕۆژی یەکەمی دروستبوونییەوە هەر هەبووە و دەرخەری بوونی دیموکراسییە لەنێو حیزبەکەی مامدا، بەڵام نابێت ئەو پرسە گرنگانە بەو جۆرەی ئێستا قسەیان لەسەر بکرێت، بەڵکو شوێنی شەرعییان نێو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و ئۆرگانە باڵاکانی یەکێتییە".

### نەخشە ڕێگاکە قەیرانخوڵقێن بوو

لە سێ مانگی ڕابردوودا ، هەواڵی گەرمی نێوخۆی یەکێتی، سەرقاڵبوونی ئەو حیزبە بوو بە ئامادەکردنی نەخشە ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و حکومڕانی و ئابوورییەکانی باشووری کوردستان، کە سەرباری تێبینی و ڕای جیاوازی ئەنجوومەنی ناوەند و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی، دواجار بەزۆرینەی دەنگی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پەسەند کرا . دوای ئەو پرسەش هەندێک لە ئەندامی ئەو سێ ئۆرگانەی یەکێتی ڕەخنەی ئەوەیان گرت کە نەخشە ڕێگەکە لەباربراوە، بەڵام هەر زوو لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی یەکێتی دڵنیایی دا لەوەی نەخشە ڕێگەکەیان وەک خۆی ماوە و بەمزووانە شاندێک بۆ گفتوگۆکردنی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان پێکدەهێنرێت.

مەلا بەختیار، دوای کۆبوونەوەی هاوبەشی شاندی یەکێتی و پارتی بۆ پرسی گشتپرسی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، گوتی "نەخشەڕێگەکەمان لە پردێ بەجێنەهێشتووە و چەند ڕۆژی داهاتوو بە شاندێکی باڵا دەیکەینە تەوەری دانوستاندن لەگەڵ حیزبەکانی دیکە".

ئەو قسانەی مەلا بەختیار لە کاتێکدا بوون کە ناوبراو بەهۆی نیگەرانی لە شێوازی بڕیاردان لەنێوخۆی حیزبەکەیدا، بایکۆتی سێ دانیشتنی یەک لەدوای یەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی کرد. بەگوتەی ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی "گەڕانەوەی ئەو بۆ کۆبوونەوەکان ئەو ئەنجامەی لێکەوتەوە کە نەیارەکانی سزادران".

### یەکێتی لە سزادانەکان پاشگەز دەبێتەوە

ئارامی حەمەی مینا، سەرپەرشتیاری مەکتەبی شەهیدانی یەکێتی، لە بارەی دوایین پێشهاتەکانی نێو حیزبەکەی بە (ڕووداو)ی گوت "بڕیاری سزادانی چەند بەرپرسێکی یەکێتی، تەنیا قسە بووە و بە نووسراوی فەرمی ئاڕاستەیان نەکراوە و ئەوەندەی منیش زانیاریم پێگەیشتبێت، سزاکان ئاڕاستە ناکرێن و چاوپۆشییان لێدەکرێت".

(ڕووداو) زانیویەتی ژمارەیەک ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نامەیەکیان بۆ کۆسرەت ڕەسوڵ ناردووە، سەرباری داواکردنی هەڵوەشانەوەی سزاکان، داوای بەستنی کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەکەن، ئەگەرنا بە قسەی ئەوان "ئاکامی ئەم دۆخەی یەکێتی باش نابێت".

**بەرپرسێکی یەکێتی:**

**ئەو بەرپرسانەی یەکێتی سزا نادرێن**





## کۆسرەت ڕەسوڵ: هەنگاوەکانمان جددین

ڕووداو- هەولێر

بەپێی ڕاگەیێندراوی نووسینگەی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی، کۆسرەت ڕەسوڵ بە پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبەکەی گوتووە، ئەو هەنگاوانەی نراون بۆ چارەسەری کێشەکانی یەکێتی، جددین. ئەو لێدوانە دوای دەرکردنی سزا بۆ چوار بەرپرسی یەکێتی دێت لەلایەن لیژنەی دیسپلینی یەکێتیی، ئەوانیش (عادل موراد، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، سیروان کوێخا نەجم و لاهور تاڵەبانی). ڕۆژی یەکشەممە 9-4-2017 کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، پێشوازی لە سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبەکەی کردووە. کۆسرەت ڕەسوڵ گوتوویەتی "پێویستمان بە دروستکردنی یەکریزی و کۆدەنگی هەیە لەنێو ڕیزەکانی یەکێتی و سەرجەم هێزە سیاسییە کوردستانییەکان بە جۆرێک لە ئاستی پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا بێت".

### هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان عەبادی و مالیکیدا نابینم و لە جەوهەردا سیاسەتیان یەکە

ڕووداو- هەولێر

هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە کونسوڵخانە و نوێنەرایەتییەکانی وڵاتانیان لە هەرێمی کوردستان لە بڕیاری ئەنجامدانی گشتپرسی ئاگادار کردووەتەوە و ئەو پرسەیان لەگەڵ تاوتوێ کردوون.

زێباری شەوی یەکشەممە لە بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەڤزیۆنی ڕووداودا باسی ئەو کۆبوونەوە بەرفراوانەی کرد کە هەر هەمان ڕۆژی 9ی نیسان لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان سازیان کرد و گوتی "بەباشمان زانی کونسوڵی وڵاتان ببینین و ئێمە (پارتی و یەکێتی) پێکەوە پرسی گشتپرسییان بۆ ڕوون بکەینەوە".

زێباری گوتی کە ئەوان چاوەڕێ نین ئەو وڵاتانەی نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان هەیە دەمودەست پشتگیریی پرۆژەکە بکەن، بەڵام گوتی پێویستە هەموو وڵاتان کە کونسوڵخانە و نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئاگادار بن.

لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی نزیکەی 33 وڵات ئامادە بوون. هۆشیار زێباری گوتی "بۆمان ڕوونکردنەوە کە بۆچی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەیەوێ ئەم هەنگاوە بنێت لەم کاتەدا.. بەڵام پێشبینیی ئێمە ئەوە نەبوو کە بەیاننامەی پشتگیریی بڵاوبکەنەوە".

بەگوتەی ئەو بەرپرسەی پارتی، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بەگشتیی تێگەیشتنیان بۆ پرسەکە هەبووە.

لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری هەریەک لە تورکیا و ئێرانیش ئامادە بوون کە پێشتر وڵاتەکانیان کاردانەوەی توندیان بەرامبەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک نواندبوو.

بابەتی گشتپرسی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەکاتێکدا گەرم دەبێت کە هەرێم دەرگیری کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی نێوخۆیی و هاوکات دەرەکیشە لەگەڵ بەغدا.

لەسەر ئاستی ناوخۆ، پەرلەمانی کوردستان زیاتر لە ساڵ و نیوێکە پەکیکەوتووە و ئەمەش بەلای هێزێکی وەک بزووتنەوەی گۆڕانەوە ئەولەویەتی هەر هەنگاوێکی سیاسییە، بەڵام وادیارە ئەولەویەتەکان لای دوو هێزە نەیارەکە، واتە پارتی و گۆڕان، جێگۆڕکێی زۆریان کردووە.

هۆشیار زێباری هەر لەو بەرنامەیەدا گوتی کە گشتپرسی بەلای ئەوانەوە ئامانجێکی گەورەترە لە حکومەت و پەرلەمان، گوتیشی "بڕیاری ئەنجامدانی گشتپرسی پێویستی بە پەرلەمان نییە".

زێباری لەبارەی ئەوەی کە پرۆسەیەکی وەکو گشتپرسی چۆن لە غیابی پەرلەمان و حزووری ئەو هەموو قەیرانە سیاسی و داراییەی ئەمڕۆدا بەڕێوەدەبەن، گوتی "لەماوەی ڕابردوودا کاری زۆر کراوە، ئەم ماوەیە پرسیاری زۆر لە خەڵکی شارەزا و بە ئەزموون کراوە... پرسیاری گرنگ ئەوە بووە کە ئایا ئێمە پێویستمان بە پەرلەمان هەیە بۆ ئەو بڕیارە یان لایەنی جێبەجێکار کە حکومەتە دەتوانێت ئەو کارە بکات؟ ئەو پرسیارە لە خەڵکی یاسایی و شارەزای یاسای نێودەوڵەتی کراوە، وەڵامەکان ئیجابی بوون، بەڵێ دەتوانین بەبێ پەرلەمان ئەو کارە بکەین. ئەو بڕیارە پێویستی بە پەرلەمان نییە".

بەرپرسە باڵاکەی پارتی جەختی لەوە کردەوە کە مەسەلەی گشتپرسی "بۆ ئەوە نییە لە کێشە سیاسی و ئابوورییەکان رابکەین و بمانەوێ باز بدەین، بەڵام ئەولەویەت هەیە، ئێستا چاوەڕێی ئەوە بین پەرلەمان کارا بکرێتەوە و سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە، بەڵام ئیحتیمال ئەوەیە نەبێ".

زێباری گوتی کە کێشەکانی ناوخۆ چەقیون، چ سیاسی و چ ئابووری "چونکە تەنازولات نییە لە هەموو لایەنەکانەوە، بۆیە ناتوانی هەمووی تەجمید بکەی لەبەر پەرلەمان و حکومەت، گشتپرسی ئامانجێکی گەورەترە لە پەرلەمان و حکومەت. ئەگەر تەفاعولێکی باش هەبێ لەگەڵ کێشەی ریفراندۆم، ڕەنگە کێشەکانی دیکەش چارەسەر بکرێن، بەڵام ڕەبتی هەردووکی بکەین زەحمەتە و هیچیان ناکرێت".

ئاخۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەن سەرپەرشتی پرۆسەیەکی لەوجۆرە بکەن لەسایەی ئەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا؟

هۆشیار زێباری دەڵێت "چارەسەر هەیە و کاری زۆریش بۆ ئەوە کراوە، ئەگەرەکانیش دانراون، ئەگەر ئەمە نەبوو، چۆن بکرێت و چۆن زەمانەتی ئەوە بدەین خەڵک بە ڕێژەیەکی باش بەشدار بێ. ئەو حیساباتانە هەمووی کراون. لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و بەغدا قسە کراوە و ئەنجامی سەردانەکەی بەغداش باش بووە".

لەبارەی ئامانج لەو گشتپرسیەش کە دەگوترێ بۆ بەکارهێنانی ئەنجامەکەیەتی وەکو کارتی گوشار لەسەر بەغدا، زێباری بەشێوەیەکی قەتعی گوتی: "ئامانجەکە دەوڵەتە، بەڵام ڕۆژی دواتر دەوڵەت ڕاناگەیێندرێت، بەڵکو کات دیاری دەکرێت، چونکە ڕاگەیاندنی دەوڵەت زۆر قورسترە لە ریفراندۆم. ئەوەش دەکەوێتە سەر بڕیاری سەرکردایەتی کورد، کەی بە باش دەزانن. پاشان بەو ریفراندۆمە هەڵوێستی وڵاتان قیاس دەکەی و کارتێکی بەهێز دەبێ لەلای تۆ، دواتر خۆت کاتەکەی دیاری دەکەی. بەڵام ئەوەی گرنگە ئامانجی سەرەکیی پرۆسەکە ڕاگەیاندنی دەوڵەتە".

گوتیشی، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ئەگەر داوا بکەن، ئەوا پرۆسەکە لەو شوێنانەش بەڕێوەدەچێ و ئەوە دەکەوێتە سەر ئەنجوومەنی ئەو پارێزگا و قەزایانە خۆیان.

زێباری گوتی کە گشتپرسی و سەربەخۆیی قوربانییان پێویستە، ئێمە قوربانیی زۆرمان داوە بۆ شتی بچووکتر، ڕاستە گوزەرانی خەڵک و چارەسەری کێشەکان گرنگن، بەڵام ناکرێ پرسی چارەنووسساز دوابخرێت.

ئەو گوتی کە کێشەی مووچە و باری خواری گوزەرانی خەڵک تەنیا کێشەی هەرێمی کوردستان نییە و عێراقیش کە وڵاتێکی دەوڵەمەندە "ئەوکاتەی من وەزیری دارایی بووم، هێڵێکی سوورمان دانابوو کە ئیحتیاتی بەردەستی وەزارەت بۆ مووچە سێ ملیار دۆلار کەمتر نەبێ، بەڵام ئێستا ملیارێک کەمترە. عێراق ئێستا نزیکەی 100 ملیاری ناوخۆ و دەرەوە قەرزارە کە وڵاتێکی دەوڵەمەندە و لە ساڵانی بیستەوە نەوت دەفرۆشێت و ژێرخانی هەیە".

وەزیری پێشووی دارایی عێراق کە یەکێک بوو لەو کاربەدەستە کوردانەی لە پۆستەکەی دوورخرایەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان سەرۆک وەزیرانی ئێستا و ئەوەی پێش ئەودا نابینێ.

زێباری لە بەراوردی حەیدەر عەبادی و نوری مالیکیدا گوتی "عەبادی ئوسلوب و پەیام و تەبیعەتی جیاوازە، کەسێکە حەز لە تەشەنوج و ئەزەمات ناکات و بۆ چارەسەر دەگەڕێت، بەڵام لە جەوهەردا سیاسەتیان یەکە لەگەڵ مالیکی، سیاسەتی حیزبی دەعوەیە. تەماشا بکە بێجگە لە هاوکاریی سەربازی و شەڕی داعش و بواری ئەمنی، کێشەکانی دیکە بەرەوپێش نەچوون".

زێباری گوتی کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەو دوو کەسەدا نابینێ "چونکە دەستوور دەڵێ: عێراق وڵاتێکی فیدراڵە، بەڵام مامەڵەی ئەوان مامەڵەی حکومەتێکی ناوەندیی بەهێزە".



### گشتپرسی ئامانجێکی گەورەترە لە پەرلەمان و حکومەت

### ئامانجی سەرەکیی گشتپرسی ڕاگەیاندنی دەوڵەتە

### بڕیاری ئەنجامدانی گشتپرسی پێویستی بە پەرلەمان نییە

# 100 واژۆ بۆ لەکارلادانی پارێزگاری کەرکووک کۆکراوەتەوە

ئەهرۆ محەممەد
ڕووداو- هەولێر

لەسەر بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، واژۆ بۆ لەکارلابردنی پارێزگاری کەرکووک کۆدەکرێتەوە. نوێنەرێکی پارێزگای کەرکووکیش لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هۆشداری دەدات لەوەی کە ئەگەر ئەو پرسە ببرێتە پەرلەمان، تەواوی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەشێوێت.

عەبدولقەهار سامەڕایی، پەرلەمانتاری سەر بە یەکێتی هێزە عێراقییەکان (سوننە) و کەسی نزیک لە سەلیم جبووری، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، سەردانی شاندەکەی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، دۆخێکی گونجاوی بۆ چارەسەرکردنی پرسی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک ڕەخساندووە، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش سوورە لەسەر ئەوەی ئەو پرسە بە دیالۆگ و لێکگەیشتن چارەسەر بکرێت کە هەموو لایەک پێی ڕازی بن و سەروەریی عێراقیش پارێزراو بێت، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش توانای چارەسەرکردنی ئەو پرسەی هەیە، بەڵام دەبێت لایەنەکان هاوکاربن و واز لە موزایەدە بهێنن.

سامەڕایی، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە تاوەکو ئێستا لایەنەکان لەسەر دەقی پرۆژەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن و بە دووریشی زانی ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو، پەرلەمان ئەم پرسە بخاتە بەرنامەی کارەوە. ئەو پێیوایە پێویستی بە گفتوگۆی لایەنە سیاسییەکان هەیە، ئەگەر گەیشتنە ڕێککەوتن، ڕەنگە بخرێتە بەرنامەی کاری پێنجشەممەی پەرلەمانەوە.

ڕۆژی 2017/3/28 ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بڕیاری دا ئاڵای کوردستان لە فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکانی پارێزگاکە بەرز بکرێتەوە، ئەمەش کاردانەوەی نێوخۆیی و هەرێمیی لێکەوتەوە و پەرلەمانی عێراق، بەبێ بەشداریی کورد، هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی لە کەرکووک ڕەتکردەوە.

ڕۆژی چوارشەممە 2017/4/5 شاندێکی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بە بەشداریی نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پرسی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ئەنجامدانی گشتپرسی چوونە بەغدا، شاندەکە پێکهاتبوون لە فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ، فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی و عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی.

کاردانەوەکانی بەغدا بەرامبەر ئەو هەنگاوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و خودی پارێزگاری کەرکووک بەردەوامن. ئێستا لە پەرلەمانی عێراق هەڵمەتێکی واژۆکۆکردنەوە بۆ لەکارلادانی نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک دەستی پێکردووە.

عەبدولهادی موحان، پەرلەمانتاری ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت" 100 واژۆیان بۆ لەکارلابردنی پارێزگاری کەرکووک کۆکردووەتەوە".

نیازی میعمارئۆغلۆ، بڕیاردەری پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانتاری تورکمانی لە ئیئتیلافی مواتن ڕایگەیاند، بەنیازن لە پەرلەمانی عێراق زیاتر لە 200 واژۆ بۆ لەکارلابردنی نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک کۆبکەنەوە. ئۆغلۆ دەشڵێت پەنا بۆ دادگای فیدراڵی دەبەن و داواش پێشکەش بە حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکەن. هەوڵ دەدەن داوای لەسەرکارلابردنی پارێزگار و هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاری کەرکووک بخەنە بەردەم پەرلەمانەوە.

بەڵام ڕێبوار تەها، نوێنەری پارێزگای کەرکووک لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆکردنەوەی واژۆ لەلایەن پەرمانتاران نایاسایی و نادەستوورییە، چونکە دوو ڕێگەی یاسایی بۆ لەسەرکارلابردنی پارێزگار هەیە، ئەمەش مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، یەکەم: لە ڕێگەی ئەنجوومەنی پارێزگاوە، دووەم: سەرۆک وەزیران داوایەک پێشکەش بە پەرلەمانی عێراق بکات، ئەمەش لە سێ باردا دەبێت. یەکەم: پارێزگار لە گەندەڵییەوە گلابێت و لەسەری سەلمێنرابێت. دووەم: پۆستەکەی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی قۆستبێتەوە و لەو ڕێگەیەوە سەروەت و سامانی کۆکردبێتەوە. سێیەم: یەک لە مەرجەکانی بوونە پارێزگاری لەدەست دابێت، ئەمە لەکاتێکدا هیچ یەکێک لەوانە لە پارێزگاردا نییە".

ڕێبوار تەها، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێیوانییە پەرلەمانی عێراق و بەغدا هەڵەیەکی وەک دەنگدان لەسەر ڕەتکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک دووبارە بکەنەوە "چونکە ئەو کات بە تەواوی پرۆسەی سیاسی و پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و هاوسەنگییەکان سەرلەبەری تێکدەچن".

### سامەڕایی: سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق توانای چارەسەرکردنی پرسی ئاڵای کوردستانی هەیە

### پەرلەمانتارێکی کورد: بە دوو ڕێگا پارێزگار لە پۆستەکەی دووردەخرێتەوە

### پەرلەمانتارێکی کورد: بڕواناکەم پەرلەمان هەڵەیەکی وەک دەنگدان لەسەر ڕەتکردنەوەی ئاڵای کوردستان دووبارە بکاتەوە



## شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان:

# دەوڵەتەکەی پارتی و یەکێتی هاوشێوەی لیبیای موعەممەر قەزافی دەبێ



> کاندیدمان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەبێت

> گومانمان لە نیەتی پارتی و یەکێتی هەیە

> پارتی و یەکێتی بە ڕێگایەکی هەڵەدا بۆ سەربەخۆیی دەڕۆن

د.شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (رووداو) دەڵێت ئەوان دژی گشتپرسی نین، بەڵام گومانیان لە نیەتی پارتی و یەکێتی هەیە. هەروەها دەڵێ: "یەکێتی کەوتووەتە دوای پەیامەکەی پارتی". شۆڕش حاجی باسی ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی دەکات و دەڵێت زۆرینەی سەرکردایەتی یەکێتی ڕێگرن لە بەردەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە. هەروەها دەڵێت "لەژێر کاریگەریی هەژموونی پارتی دەیانەوێ لەسەر حیسابی ڕێککەوتنی ئێمە، لەگەڵ پارتی ڕێکبکەون".

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
رووداو- سلێمانی

**رووداو: کۆبوونەوەتان لەگەڵ شاندی هاوبەشی پارتی و یەکێتی ڕەتکردەوە لە کاتێکدا کۆبوونەوەکە بۆ پرسێکی هەستیاری وەکو گشتپرسی بوو، هەست ناکەن بڕیارەکە پەلە بوو؟**

**شۆڕش حاجی:** با لە سەردانی شاندی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بۆ لای مامۆستا عەلی باپیر دەستپێبکەم، کاک مەلا بەختیار گوتی ئەمجارە لە گشتپرسی جدین، ئەمە خۆی لە خۆیدا گومان لەسەر جدییەتی هەوڵەکانی پێشوو و ئێستایان دروستدەکات، وەکو بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونییەوە گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان لە پرەنسیپە سەرەتاییەکانی ئێمە بووە، ئەمە پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەییە و نابێت لە نێوان دوو حیزب باس بکرێت، بەڵکو دەبێ لە باڵاترین دەسەڵاتی شەرعی و یاسایی کە پەرلەمانی کوردستانە، باس بکرێت و دەنگی لەسەر بدرێت.

**رووداو: تۆ پەرلەمانتار بووی، گشتپرسی پێویستی بە یاسا هەیە؟ چونکە پارتی و یەکێتی دەیانەوێ بەبێ یاسا گشتپرسی بکەن؟**

**شۆڕش حاجی:** گشتپرسی بە تەنیا پایەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بۆ زانینی بۆچوونی خەڵکە کە دەیانەوێ لە عێراق جیاببنەوە یان نا. هەر گشتپرسییەک بۆ موزایەدەی سیاسی و بەدەستهێنانی پلەو پۆست بێت لە بەغدا وەکو ئەوەی لە ساڵی 2005 کردیان، ئێمە دژین. ئێمە ئەزموونێکی خراپمان لەگەڵ پارتی و یەکێتی هەیە. لەساڵی 2005 ریفراندۆم کرا و 98%ی خەڵکی کوردستان دەنگی بە جیابوونەوە لە عێراق دا، بەڵام ئەوان چوون لە بەغدا مامەڵەیان پێوە کردو پۆست و پارەیان پێوەرگرت. ئەگەرنا وەکو پرەنسیپ بڕوامان بە مافی بڕیاردانی چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستان هەیە.

**رووداو: بۆچی ئێوە گومانی خراپ و پێشوەخت لە پرۆسەکە دەکەن و بە موزایەدە و ناجدی وەسفی دەکەن؟**

**شۆڕش حاجی:** پرۆسەکە بۆیە موزایەدەی سیاسییە، چونکە ئێستا کاتی یەکخستنی گوتاری کورد و نێوماڵی کوردستان و خۆئامادەکردنە بۆ هەموو ئەگەر و پێشهاتەکان، ئەگەر دوو حیزب بێن بڕیار لەسەر چارەنووسی گەلێک بدەن، ئەوە جێگای گومانە. گومانەکەشمان بەوە پشتڕاست دەکەینەوە کە تەنیا دوو حیزب بڕیار لەسەر ئەو پرسە بدەن بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان.

**رووداو: ئەگەر گشتپرسی بەبێ یاساو کاراکردنەوەی پەرلەمان کرا، بە نەخێر دەنگی پێدەدەن، یان وەکو گشتپرسی ڕێکخراو و دەزگایەک سەیری دەکەن؟**

**شۆڕش حاجی:** لە هیچ حاڵەتێکدا دژی گشتپرسی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان نین، بەڵام بۆچوونی ئێمە لەبارەی کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەت لەگەڵ پارتی جیاوازە. ئێستا یەکێتیش کەوتووەتە دوای پەیامەکەی پارتی. گشتپرسی هەنگاوێکە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بۆیە داوا لە پارتی و یەکێتی دەکەین با بە خەڵکی کوردستان بڵێن لەدوای دەرکەوتنی ئەنجامی گشتپرسییەکە هەنگاوی عەمەلی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دەنێن و پایەکانی دیکەی دەوڵەتی سەربەخۆ بونیاد دەنێن؟

پارتی و یەکێتی، بە تایبەتی پارتی لە یەکەم هەنگاودا بە ڕێگایەکی هەڵە بۆ سەربەخۆیی ڕۆیشتوون و دەیانەوێ باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێری کە پەرلەمانی کوردستانە تەجاوز بکەن. پارتی و یەکێتی ئەگەر دەوڵەتیش دروست بکەن، دەوڵەتێکی هاوشێوەی لیبیای

> لە هیچ حاڵەتێکدا دژی گشتپرسی نابین

> زۆرینەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نایانەوێ ڕێککەوتنی ئێمە و ئەوان جێبەجێ بکرێت

> هەژموونی پارتی لەسەر یەکێتی هۆکارێکی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی بوو

موعەممەر قەزافی دروستدەکەن، بەڵام ئێمە لەگەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆین کە کەرامەتی مرۆڤ تێیدا پارێزراو بێت، سامانی نیشتمانی بە دادپەروەری دابەش بکرێت، هاونیشتمانیان متمانەیان بە دەسەڵات هەبێت.

**رووداو: پارتی و یەکێتی لەگەڵ بەغدا دەستیان بە گفتوگۆ کردووە و دیارە کە جدین، بۆچی ئێوە بە گومانن؟**

**شۆڕش حاجی:** هەندێک شت وامان لێدەکات گومانمان لەم هەوڵەی پارتی و یەکێتی هەبێت. ئەوان بە چ چاو و ڕوویەک دەچنە بەغدا لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کۆدەبنەوە لە کاتێکدا پەرلەمانی کوردستانیان پەکخستووە و ڕێگری لە چوونی سەرۆکی پەرلەمان بۆ هەولێر دەکەن؟

**رووداو: شاندی وڵاتانی بیانی و دراوسێ لەگەڵ ئێوە کۆبوونەتەوە، لە بارەی گشتپرسی هەڵوێستیان چییە؟**

**شۆڕش حاجی:** هەتاوەکو ئەم گفتوگۆیەی ئێمە، ئێران، تورکیا و بەغدا و وڵاتانی زلهێزی وەکو ئەمریکا و بەریتانیا و ئەورووپا لە کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ ئێمە و لە هەڵوێستی فەرمیی خۆیاندا جەخت لەسەر یەکپارچەیی عێراق دەکەنەوە.

**رووداو: هەڵوێستی گۆڕان لەبارەی کاردانەوەکانی دوای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک چییە؟**

**شۆڕش حاجی:** هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک مافێکی سروشتی و ڕەوای خەڵکی کەرکووکە، ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بڕیار دەدات چ ئاڵایەک لەم شارە هەڵبکرێت جا لە بەغدا و پەرلەمانی عێراق دەڵێن نادەستوورییە قسەیەکی دیکەیە، بەڵام پارتی و یەکێتی لە ماوەی 14 ساڵ حوکمڕانییان لە کەرکووک دەبوو نموونەیەکی وایان پێشکەش کردبایە کە پێکهاتەکان داوای گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکەن، نەک داوای مانەوە لەگەڵ بەغدا و دروستکردنی هەرێمێکی سەربەخۆ. پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزاری و نەهێشتنی متمانەی پێکهاتەکان بە کورد وایکرد ئێمە گومانمان لە نیەتی پارتی و یەکێتی هەبێت لەسەر گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

جگە لەوە ئەو دوو حیزبە پرسیان بە ئێمە نەکردووە لەسەر ئاڵای کوردستان لە کەرکووک، بۆیە گومانمان بۆ دروست بووە کە ئەمە بەشێکە لە ململانێی نێوخۆی حیزبی یاخود وەکو کارتێکی گوشار بەرامبەر بەغدا بۆ وەرگرتنی پلە و پۆستی دوای داعش، یان بە ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپی بڵێن لە دوای داعش بایەخمان پێبدەن، بۆیە زانیاریمان نییە. ئێمە پێمانوایە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک نابێتە هۆی گەڕانەوەی ئەو شارە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، وەکو بزووتنەوەی گۆڕان پێمانوایە لە ساڵی 2005 نەدەبوو کەرکووک بخرێتە نێو ماددەی 140. لە هیچ شوێنێکی دونیا نەبووە میللەتێکی سەرکەوتوو خاکی باوک و باپیرانی بخاتە نێو مامەڵەیەکی چەند ساڵە. جگە لەوە دەبوو سەرکردایەتی سیاسیی کورد جەختی لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە وادەی دیاریکراوی خۆی بکردایە.

**رووداو: ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان جێگری مام جەلال بووە و لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور ڕۆڵی هەبووە، بۆچی خۆتان بێبەری دەکەن لە ماددەی 140؟**

**شۆڕش حاجی:** من باسی کاک نەوشیروان ناکەم، باسی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەم ئەو کاتە گۆڕان نەبوو، بۆیە لەو ماددەیە بەرپرس نییە.

**رووداو: مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە سلێمانی کۆبووەوە و دوای کەمتر لە 24 کاژێر، بە ئامادەبوونی بارزانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی دانیشتن و بڕیاری گشتپرسی درا، کۆبوونەوەکە بۆ ئێوە چاوەڕواننەکراو بوو؟**

**شۆڕش حاجی:** کۆبوونەوەی یەکێتی و پارتی بۆ ئێمە موفاجەئە نەبوو، ئەوەمان لە یەکێتی چاوەڕێ دەکرد، چونکە لە مانگی پێنجی ساڵی ڕابردووەوە ڕێککەوتنمان لەگەڵ یەکێتی واژۆ کردووە، بەڵام بەشی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕێگر بوون لە جێبەجێکردنی نێوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە لە کاتێکدا زۆرینەی کادیر و دەنگدەرانی یەکێتی و بەشێک لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەکەن، بەڵام زۆرینەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕێگربوون.

**رووداو: مادام زۆرینەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ ڕێککەوتنەکە نین، بۆچی ئەوەندە دڵتان پێی خۆشە؟**

**شۆڕش حاجی:** هەموو حیزبەکانی کوردستان و عێراق جگە لە پارتی دەستخۆشییان لەو ڕێککەوتنە کرد، پێمانوابوو ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی بەشێکی زۆری کێشەکان، بەڵام زۆرینەی مەکتەبی سیاسی کە دەسەڵاتدارن لە نێو یەکێتی، ڕێککەوتنەکە جێبەجێ ناکەن.

**رووداو: نەوشیروان مستەفا لە ڕێوڕەسمی واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەدا گوتی عیبرەت لە جێبەجێکردندایە، گۆڕان بەرنامەی پێداچوونەوەی بە ڕێککەوتنەکە هەیە؟**

**شۆڕش حاجی:** ئێمە بەرنامە و هەڵسەنگاندنی خۆمان بۆ ڕێککەوتنەکە هەیە، بەڵام چاوەڕێمان دەکرد سەرکردە و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕێز لە واژۆی خۆیان بگرن، بەڵام نەیانگرت. سەرکردەکانی یەکێتی بە زارەکی پابەندبوونی خۆیان بەو ڕێککەوتنەوە دەربڕیوە، چونکە زۆربەی خاڵەکانی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، بەڵام زۆرینەی مەکتەبی سیاسی نایانەوێ ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێت، ئێستا بە ڕوونی لە نێو یەکێتی دوو ئاراستە هەیە: یەکێکیان دژی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەیە و لەگەڵ ڕێککەوتنە لەگەڵ پارتی لەسەر حیسابی ڕێککەوتنی ئێمە. ئاراستەی دیکەش لەگەڵ جێبەجێکردنی تەواوی ڕێککەوتنەکەیە.

**رووداو: پارتی بە پێشوازینەکردن لە شاندی هاوبەشی ئێوە و یەکێتی سەرکەوتوو نەبوو لە دروستکردنی درز لەو ڕێککەوتنە؟**

**شۆڕش حاجی:** یەکێک لە هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنی ئێمە و یەکێتی، هەژموونی پارتییە لەسەر هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی. ئێمە لە ئایندەدا لەسەر ئەو پرسە قسەی خۆمان دەبێت.

**رووداو: شکستتان هێنا لەوەی بەو ڕێککەوتنە لەگەڵ یەکێتی پارسەنگی هێز بگۆڕن؟**

**شۆڕش حاجی:** ئێمە سازش لەسەر بەرنامەی خۆمان ناکەین، بۆ هەموو ڕووداوێک سیاسەت و بەرنامەی خۆمان هەیە. ئێمە تەحەمولی بەرپرسیارێتی شکستی ئەم حکومەتە شکستخواردووە ناکەین، چونکە تەنیا ساڵێک و 3 مانگ لەم حکومەتەدا بووین، بە دانپێدانانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزیرەکانی ئێمە وەزیری سەرکەوتوو بوون و هیچ گلەیی لێیان نەبووە. هەموو وەزیرەکانی ئێمە هەوڵیانداوە بەرنامەی چاکسازیی گۆڕان جێبەجێ بکەن. لە پەرلەمانی کوردستان یاسای سندووقی داهاتە نەوتییەکان پەسەند کرا بۆ ئەوەی داهاتی نەوت شەفاف بێت. ئەوەندەی پێمانکرا توانیمان چاکسازی بکەین، بەڵام دەسەڵات و بە پلەی یەکەم پارتی، ڕێگربوون لە هەنگاوە چاکسازییەکانی ئێمە لە حکومەت.

**رووداو: ئەگەر حکومەت شکستخواردووە بۆچی ناکشێنەوە بە یەکجاری؟**

**شۆڕش حاجی:** هۆکاری نەکشانەوەمان لە حکومەت پەیوەندی بەوە هەیە کە ئەو پۆستانەی وەرمانگرتوون مەکرەمەی کەس نین، بەڵکو ئیستیحقاقی هەڵبژاردن و دەنگی خۆمانە و ئێمە بڕیار دەدەین کەی بکشێینەوە.

**رووداو: نەکشانەوەی ئێوە پرۆسەکەی ئاڵۆز کردووە، چونکە بوونی ئێوە بە فەرمی لە حکومەت و نەبوونتان لە واقیعدا وایکردووە ناتوانرێت دەستکاریی حکومەت بکرێت؟**

**شۆڕش حاجی:** دەستی کەسمان نەگرتووە، با پارتی و یەکێتی بچن دەستکاریی حکومەت بکەن و پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان دابەش بکەنەوە، بەڵام نایکەن، چونکە ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی تێکدانی یەکڕیزی نێو ماڵی کورد و ئاژاوەی لێدەکەوێتەوە.

**رووداو: ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیە بێت هەڵبژاردن دۆخەکە یەکلادەکاتەوە؟ لەسەر هەڵبژاردنیش ناکۆکن؟**

**شۆڕش حاجی:** ئێمە سوورین لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە کاتی خۆی، بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە شکستخواردووە بگۆڕدرێ.

**رووداو: گۆڕان تێبینی چی لەسەر یاسای هەڵبژاردن هەیە؟**

**شۆڕش حاجی:** یاسای هەڵبژاردن پرسێکی نیشتمانییە و دەبێ بە تەوافوق لەژێر قوبەی پەرلەمان پەسەند بکرێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کوردستان فرە بازنە بێت، چونکە دابەشبوونی نوێنەرایەتی ناوچەکان لە خزمەتی پرۆسەی دیموکراسییە، هەروەها لیستی نیمچەکراوە

> پشتگیری مانەوەی کورسی کۆتاکان دەکەین

> لەگەڵ دانانی بەربەستی هەڵبژاردنین

> هەندێک سەرکردەی یەکێتی ڕێزی واژۆی خۆیان نەگرت

بێت تاوەکو خەڵک دەنگ بە کاندیدی سەرکەوتوو بدەن.

**رووداو: داوای کەمکردنەوەی کورسی کۆتاکانتان کردووە؟**

**شۆڕش حاجی:** نەخێر ئێمە لەگەڵ هێشتنەوەی کورسی کۆتاکانین، بەڵام لەگەڵ ڕێکخستنەوەی نوێنەری تورکمان و کلدوئاشوورییەکانین کە نوێنەری ڕاستەقینەیان هەبێ، ئەویش تۆماری دەنگدەرانی خۆیان هەبێت نەک فەوجێکی زێرەڤانی یان لیوایەکی حەفتا و هەشتا بچن دەنگ بە کاندیدی پێکهاتەکان بدەن، چونکە ئەندامی ئەوانە.

**رووداو: گۆڕان تۆمەتبار دەکرێت بەوەی پێشنیازی کردووە بەربەستی هەڵبژاردن هەبێ، تاوەکو حیزبە بچووکەکان نەچنە پەرلەمان. دەتانەوێ ئەزموونی هەڵبژاردنی 1992 دووبارە بکەنەوە؟**

**شۆڕش حاجی:** ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەو حیزبانەی نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکن بچنە پەرلەمان، بۆیە پێشنیازمان کردووە بەربەستی یاسایی 2% یان 3% دابنرێت لە بەردەم حیزبەکان.

**رووداو: ئەگەر یاسای سەرۆکایەتی هەموار نەکرێتەوە، کاندیدتان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

**شۆڕش حاجی:** لەگەڵ کاراکردنەوەی پەرلەمان و هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانین، سیستەمەکە ببێتە پەرلەمانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت، کێشەی یاساییش هەیە کە کێ داوای هەڵبژاردن دەکات، بەڵام ئەگەر ئەمەش نەکرا و بە یاسا کۆنەکە هەڵبژاردن کرا، بێگومان ئێمە کاندیدی خۆمان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

**رووداو: پەیوەندی گۆڕان و پارتی چۆنە ئێستا؟**

**شۆڕش حاجی:** پەیوەندی ئێمە و پارتی ئاساییە، پێشوازیمان لە پەیامەکەی کاک مەسعود کرد و پێشوازیمان لە شاندی پارتیش کرد، داوامان کرد میکانیزمێک بۆ گۆڕانکاری لە هەر سێ سەرۆکایەتییەکە هەبێ، بە ڕاشکاوانە قسەی خۆمان پێگوتن، بەڵام دواتر شاندەکە نەهاتنەوە و کاک مەسعود و حیزبەکەی لە پەیامەکەیان پەشیمان بوونەوە. وەکو هەموو جارێکی دیکە بۆ چاوبەستەکی و کوشتنی کات ئەو شاندانە کۆبوونەوە.

**رووداو: مالیکی چەند جارێکە بە ناڕاستەوخۆ باسی گۆڕان و هەندێ لایەنی دیکە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو دەکات کە حکومەتی زۆرینە پێکبهێنن، ئێوە هیچ بەرنامە و هەوڵێکی لەوجۆرەتان هەیە؟**

**شۆڕش حاجی:** ئێمە لەگەڵ زۆربەی حیزبە عێراقییەکان پەیوەندیی هاوسەنگمان هەیە، لەگەڵ هیچ لایەنێک نین دژی لایەنێکی دیکە. ئێمە لە بەغدا لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانە هاوپەیمان و هاوئاهەنگی دەکەین کە بەرژەوەندی کورد دەپارێزن. گۆڕان، مالیکیی نەکردە سەرۆکوەزیرانی عێراق، ئەوە پارتی بوو دوو خول کردیانە سەرۆکوەزیران.

**رووداو: هەڵسەنگاندنتان بۆ حکومەتی عەبادی چییە؟**

**شۆڕش حاجی:** عەبادی ئیشی بە کورد و کاک مەسعود و هێزی پێشمەرگەیە بۆ شەڕی داعش. دوای شەڕی داعش ڕیزبەندی نوێ لە عێراق دروست دەبێت، ئێمەش ئەوکات قسەی خۆمان دەکەین.

**رووداو: ئێران و تورکیا هیچ داوەتێکی فەرمییان ئاراستەی گۆڕان کردووە؟**

**شۆڕش حاجی:** تورکیا و ئێران بە فەرمی داوەتیان کردووین کە سەردانی ئەنقەرە و تاران بکەین بۆ کردنەوەی بارەگا و نوێنەرایەتی، بەڵام ئێمە پابەندی پرەنسیپی خۆمانین کە نابێت حیزب پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت هەبێت، بەڵکو دەبێ تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی هەبێت و پەیوەندییەکان بە دامەزراوەیی و نیشتمانی بکرێن، بەڵام پارتی و یەکێتی وەکو سەردەمی شاخ و بەرەی کوردستانی کاردەکەن، تاوەکو ئێستا نوێنەرایەتییان لە تورکیا و ئێران هەیە.

## سازمانی خەبات گۆڕانکاری دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

کۆنگرەی سازمانی خەبات سێ ڕۆژی خایاند. پێش کۆنگرە چاوەڕانیان دەکرد زۆر شت بگۆڕدرێ. لە کۆنگرەی ئەمجارەدا چەند گۆڕانکارییەک کرا لەوانە، دانانی دەفتەری سیاسی کە بۆ ئەو ڕێکخراوە نوێیە، سکرتێری گشتی کە لای ئەوان بەڕێوەبەری گشتی پێدەگوترێت کۆنگرە هەڵی دەبژێرێت کە پێشتر کۆمیتەی ناوەندی هەڵیدەبژارد. زیاتربوونی ڕێژەی ژنان لە ڕێبەرایەتی سازماندا. گۆڕانی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ڕێبەریی و ئەرکدارکردنی ڕێبەریی بۆ چالاکتر کردنەوەی ڕێکخستنەکان و پێشمەرگە. سازمانی خەبات ساڵی 1980 وەک ڕێکخراوێکی ئیسلامی- نەتەوەیی دامەزرا. دواتر وازی لە ئیسلامیبوونەکەی هێنا. لەم کۆنگرەیەشدا هەنگاوێکی دیکە لێی دوورکەوتەوە.




کوردستانی
ڕووداو
ژمارە ( 452 ) – دووشەممە 2017/4/10

# "ترسی نانبڕین" کاری ناوەندەکانی ڕاپرسی زەحمەت کردووە

### ڕاپرسییەکانی ئاکەپە: ڕێژەی دەنگی بەڵێ 56%ی تێپەڕاندووە

### ڕاپرسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن: 52%ی دەنگدەران پشتیوانی لە دەنگی نەخێر دەکەن


(فۆتۆ: AFP)

**هێمن عەساف**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 16ی نیسان خەڵکی تورکیا بەشداری لە گەورەترین ڕووداوی سیاسی چەند دەیەی ڕابردووی وڵاتەکەیاندا دەکەن کە گشتپرسییەکە بۆ گۆڕینی دەستووری وڵات، بۆیە لە 81 پارێزگای ئەو وڵاتە گۆڕەپانەکان بەردەوام قەرەباڵغن، ئەو 10 پارتەی کە مۆڵەتی کاری سیاسییان هەیە، بەسەر دوو بەرەی "بەڵێ" و "نەخێر"دا دابەش بوون، لایەنگرەکانی ئەو پارتانە ماڵ بەماڵ دەگەڕێن بۆ ئەوەی لە شەش ڕۆژی داهاتوودا دەنگی خەڵک بۆ لای کەمپینی خۆیان ڕابکێشن، ئەوەش بۆ گشتپرسییەک کە تێیدا خەڵک بڕیار لەسەر سیستەمی حوکمڕانیی وڵاتەکەیان دەدەن، ئاخۆ ببێتە سەرۆکایەتی و سەردەمێکی نوێ لە تورکیا دەستپێبکات، یان سیستەمەکە وەکوو خۆی (پەرلەمانی) بمێنێتەوە.

### ئەنجامی ڕاپرسییەکان

ئەو ڕاپرسییانەی لەلایەن دامەزراوەکانی سەر بەئاکپارتی دەکرێن، دەڵێن ڕێژەی دەنگی بەڵێ 56%ی تێپەڕاندووە. لە بەرامبەریشدا ڕاپرسییەکانی جەهەپە ئاماژە بەوە دەکەن کە 52%ی دەنگدەران پشتیوانی لە دەنگی نەخێر دەکەن.

لە ڕاپرسییەکانی پەیمانگا، کۆمپانیا و دەزگا سەربەخۆکانیشدا ژمارەی جۆراوجۆر دەردەکەوێ. لە دەستپێکی بانگەشەکانەوە 10 ڕاپرسی کراون، لە هەشتیاندا بەرەی "بەڵێ" شکستی هێنابوو، بەڵام دوو ڕاپرسییەکەی دیکە کە لەلایەن هەردوو کۆمپانیای نێت و سۆنارەوە کرابوون، دەریانخستبوو دەنگی بەڵێ بەڕێژەی 51% پێش دەنگی نەخێر کەوتووە.

کۆمپانیای S&M لە دوایین ڕاپرسیدا کە ڕۆژی شەشی نیسان کراوە، دەریخستووە دەنگی "بەڵێ" بۆ 54% زیادی کردووە. ڕێژەی دەنگی ڕاڕاکان فاکتەرێکی زۆر گرنگی یەکلاکەرەوە بووە لەم گشتپرسییەدا کە 15%ی هەبووە و لە دوو هەفتەی کۆتایی بانگەشەکەدا بۆ 8% دابەزیوە. ئەوەش سەلمێنراوە کە 6%ی بۆ دەنگی بەڵێ و 2%یش بۆ دەنگی نەخێر دابەش بوون، بەڵام هێشتاش 7%ی دەنگی ڕاڕا و 3%ی ئەو کەسانە کە سوورن لەسەر بەشدارینەکردن و بایکۆتکردن، لە پرۆسەکەدا ڕۆڵی کاریگەریان دەبێ.

### بۆچی دەنگی "بەڵێ" زیادی کرد؟

بەپێی ڕاپرسییەکان، کۆمەڵگای تورکیا بەگشتیی لەگەڵ ئەوە نین سیستەمی حوکمڕانی لە وڵاتەکەیان بگۆڕدرێ و دەسەڵاتی ڕەها بدرێتە دەست تاکەکەسێک، چونکە پێیانوایە ئەمە ڕێگە بۆ دیکتاتۆرییەت لە تورکیا خۆشدەکات، بەتایبەتی بۆ کەسێکی وەک ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کە دوژمنێکی سەرسەختی سێکولاریزمە، بەڵام خەڵکی تورکیا ترسی ئەوەیان هەیە بە گرووپی فەتحوڵڵا گولەن، پەکەکە یان گرووپە چەپە ڕادیکاڵەکانی تورکیاوە ببەسترێنەوە، لە ئاکامی ئەمەشدا دەستگیر بکرێن، کارەکانیان لەدەستبدەن یان پەراوێز بخرێن. ئەمەش وایکردووە خەڵکێکی زۆر (ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێ) پشتگیری لە دەنگی "بەڵێ" بکەن.

جەهەپە کە بە پارتی ئۆپۆزسیۆنی دایک لە تورکیا دەزانرێ، ڕایگەیاندووە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا زیاتر لە ملیۆنێک هاووڵاتی بەتۆمەتی جۆراوجۆر نانبڕاو کراون، هەڵمەتی گرتن و دەستبەسەرکردنی ئەو کەسانەش درێژەی هەیە کە لە بەرەی "نەخێر" دان، بەندکراوەکانیش تۆمەتی ئەندامێتی لە گرووپی گولەن و پەکەکەیان دەدرێتە پاڵ. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی خەڵک بەگشتی و فەرمانبەرانی حکومەت بەتایبەتی بۆ خۆپاراستن لە گرتن و دەرکردن بە ناچاری بڵێن پشتیوانی لە دەنگی "بەڵێ" دەکەن.

### فاکتەری کورد لە گشتپرسییەکەدا

هەوڵەکانی ئاکپارتی لەسەر ڕاکێشانی دەنگی ناسیۆنالیستە تورکەکان چڕبووەتەوە. پاش هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر دامودەزگا حکومییەکانی کەرکووک و گەرمبوونی باسی گشتپرسی بۆ یەکلابوونەوەی چارەنووسی پارێزگاکە، بەرپرسانی ئاکپارتی خاڵێکی هەستیاریان دەستکەوت بۆئەوەی بە دەبڕینی هەڵوێستی توند و ئاگرین سۆزی ناسیۆنالیستەکان بورووژێنن.

بەرپرسانی ئاکپارتی دەشزانن شارەکانی باکووری کوردستان یەکلاکەرەوە دەبن لەو گشتپرسییەدا و ئەوەی دیارە، لەوێ دەنگی "نەخێر" بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەپێشە، بەڵام بەپێی ئاکامەکانی گەڕی دووەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا لەساڵی 2016 ، گریمانەی ئەوە دەکرێ ڕێژەی دەنگەکانی پارتی دادوگەشەپێدان زیاتر بێ لەوەی چاوەڕێ دەکرێ.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (فایننانشاڵ تایمز)ی بەریتانی، دەنگدەرانی کورد بەسەر سێ بەرەدا دابەشبوون: ژمارەیەک لەوانەی لە هەڵبژاردنی پێشوودا دەنگیان بە ئاکپارتی دابوو، ئێستا دوودڵن لەوەی پشتگیری لە "بەڵێ" بکەن، هۆکاری ئەوەش بۆ وێرانبوونی شار و شارۆچکەکانی باکوور لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا دەگەڕێتەوە. ژمارەیەکیش لەوانەی دەنگیان بە (هەدەپە) دابوو، ئێستا بەنیازن دەنگ بە ئاکپارتی بدەن، چونکە (هەدەپە) نەیتوانی پرۆسەی ئاشتی زیندوو بکاتەوە. گرووپی سێیەمیش ئەوانەن کە دەنگەکانیان لەچاو هەڵبژاردنەکەی پێشوو گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. ڕاپۆرتی ڕۆژنامە بەریتانییەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە گیرانی دەمیرتاش کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەمپینەکانی هەدەپە بۆ دەنگی "نەخێر" هەبووە.

سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە، لە دوایین پەیامی خۆیدا لە گرتووخانەی ئەدێرنەوە داوای لە گەلی تورکیا کرد کە هەرگیز نەترسن و لەسەر سندووقی دەنگدان تۆڵەی خۆیان لە دەسەڵات بکەنەوە. ئەحمەد تورک، هاوسەرۆکی پێشووی شارەوانیی مێردینیش، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە (ڕووداو)ی گوت "حکومەتی ئاکپارتی لە ڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە هەوڵی کۆکردنەوەی دەنگ دەدات". ئەو سیاسەتڤانە کوردە داوای لە گەلی کورد لە تورکیا کرد بە "نەخێر" دەنگ بدەن، بۆ ئەوەی مۆتەکەی ترس و تۆقاندن لەنێو کۆمەڵگەدا دووربخرێتەوە.

هەفتەی پێشوو ئەردۆغان سەردانی ئامەد و ژمارەیەک شاری دیکەی باکووری کوردستانی کرد. لەو بەسەرکردنەوەیەدا، سەرۆککۆماری تورکیا بەڵێنی سەقامگیری و ئاسایش و دابینکردنی هەلی کاری بۆ گەنجان بە خەڵکی شارە کوردییەکان دا، لە کاتێکدا ڕێژەی بێکاری لە باکووری کوردستان گەیشتووەتە سەرووی 34%. بەڵێنەکانی ئەردۆغان و ڕەوشی نالەباری ژیانی خەڵک لە باکووری کوردستان هۆکارێکی دیکەن بۆئەوەی ڕێژەی دەنگەکانی بەڵێ ڕوو لە هەڵکشان بکات.

جەم کوچوک، سەرۆکی ناوەندی بەناوبانگی لێکۆڵینەوە و ڕاپرسییەکانی "نێت" بە (ڕووداو)ی گوت "دەنگەکانی بەڵێ بەشێوەیەکی بەرچاو لە شارەکانی باکووری کوردستان ڕووی لە زیادبوون کردووە بەهۆی بەڵێنەکانی ئەردۆغان و هەندێک پرۆژەی حکومەتی تورکیا، بەڵام لە هیچ شارێکی کوردیدا دەنگی بەڵێ یەکەم نابێت و دەنگی نەخێر زۆرینەی ڕەها دەبێت بەهۆی هەژموونی هەدەپە لە ناوچەکە کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرن".

### هەفتەی کۆتایی

ئەم هەفتەیە یەکلاکەرەوەیە بۆ سەرجەم لایەنەکان، چونکە ڕۆژی 9ی نیسان 119 باڵیۆزخانە و کونسوڵگەریی تورکیا لە 57 وڵاتدا پرۆسەی دەنگدانی 2 ملیۆن و 929 هەزار و 389 دەنگدەری تورکیا کە مافی دەنگدانیان هەبوو کۆتایی هات. زۆرترین ڕەوەندی تورکیا کە مافی دەنگدانیان هەیە لە ئەڵمانیا بوو کە ملیۆنێک و 405 هەزار دەنگدەر بوو. بەپێی بڕیارێکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا، پرۆسەی دەنگدان بۆ ڕەوەندی تورکیا لەسەرانسەری جیهان یەک بازنە دەبێت و ڕەوەندی تورکیا بۆی هەیە لە هەر شوێنێکی جیهان دەنگ بدات. بڕیارە سبەی سێشەممە 11ی مانگ دەنگدانی پێشوەختە بۆ گرتووخانەکان، سوپا، هێزە ئەمنییەکان، نەخۆشخانەکان، ڕاگەیاندنەکان بکرێت و تا 14ی ئەم مانگە بخایەنێت. کۆی گشتیی 58 ملیۆن و 222 هەزار و 937 کەس مافی دەنگدانیان دەبێت و ژمارەی دەنگدەرانی ناوخۆی تورکیاش 55 ملیۆن و 336 هەزار کەسن.

## حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا بڕیاری بایکۆتیان نەداوە

# 45 هەزار کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان کاندید کردووە



**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی سێشەممە 2017/4/11 دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ دوازدەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران دەکرێتەوە. شەش حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە ئێستاوە بڕیاری خۆیان لەبارەی هەڵبژاردنەکە داوە و لەگەڵ ئەوەن کورد بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنە بکات، بەڵام پێناچێ دەنگی ئەوان کاریگەریی هەبێ، چونکە لە تەنیشت سندوقی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، سندوقی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئیسلامیی شار و گوندەکانیش دادەنرێ.

ڕۆژی 19ی ئایاری 2017 دوازدەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران و پێنجەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئیسلامیی شار و گوندەکان بەڕێوەدەچێ. هەر لە ئێستاوە 15 کەس ڕایانگەیاندووە کە خۆیان کاندید دەکەن، دیارترینیان سەید ئیبراهیم ڕەئیسییە. هەروەها 12 کەسی دیکەش ناویان وەکو بەربژێر هاتووە، بەڵام تاوەکو ئێستا بە فەرمی ڕایاننەگەیاندووە. لەوانەش حەسەن ڕۆحانی، سەرۆک کۆماری ئێستای ئێران. سەعید جەلیلی، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران. عەلی شەمخانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران.

زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە مەیدانی چالاکییەکانیان لە باشووری کوردستانە، مەیلیان بەلای بایکۆتکردنی هەردوو هەڵبژاردنەکەیە، چونکە پێیانوایە لە کەشێکی "نادیموکراتیک"دا بەڕێوەدەچێ.

ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو، شەش حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان — دوو لایەنی دێموکرات، سێ لایەنی کۆمەڵە و سازمانی خەبات — لە بنکەی سەرکردایەتی کۆمەڵە- ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران- لە زێرگوێز لە نزیک سلێمانی کۆبوونەوە تاوەکوو سەبارەت بە هەڵبژاردن هەڵوێستێکی هاوبەش وەربگرن.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری گشتیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست- ڕایگەیاند کە بۆچوونەکانیان سەبارەت بە هەڵبژاردنەکە لە یەکدی نزیک بووە. عەلیزادە گوتی "هەمووان پێمانوابوو کە هەڵبژاردن لە دۆخێکی زۆر نادیموکراتیکدا بەڕێوەدەچێت". بۆیە لەگەڵ ئەوەدابوون خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن.

کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ: بەپێی ئەزموونی ڕابردوو هەڵبژاردن هیچ مانایەکی نییە و خەڵکی ئێران و نەتەوەکانی نێو خاکی ئێران خۆیانی تێدا نابیننەوە".

بەگوتەی پەرویزی، حدکا ئەم خولەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئێرانیش بایکۆت دەکات، بەڵام ئەوان دەیانەوێ هەموو لایەنەکان بە کۆدەنگی بایکۆتی بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک) دوو خولی ڕابردووی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی بایکۆت نەکردووە و ڕوانگەکانی بۆ هەڵبژاردن لە حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمێک جیاواز بووە، بەڵام ئەمجارە ئەو حیزبەش مەیلی بەلای بایکۆتکردنی هەڵبژاردندا هەیە.

قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی حدک، دەڵێ "مەیلمان بۆ هاوکاری لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە هەندێ بۆچوونەکانی خۆمان، لە پێناو پێکەوە هاوکاری و هاودەنگی، دەست هەڵدەگرین".

بەگوتەی قادر وریا، حەسەن ڕوحانی، سەرۆک کۆماری ئێران، ئەزموونێکی لاوازی لە پەیوەندیی لەگەڵ داخوازییەکانی کورددا هەیە و بناژۆخوازەکانیش شتێکی ئەوتۆیان بۆ کورد پێ نییە.

هاوکاتبوونی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لەگەڵ هەڵبژاردنی شووڕای ئیسلامیی شار و گوندەکان، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کورستانی ناچار کردووە چەند ڕۆژێک خۆیان بگرن، بۆ ئەوەی زیاتر تاوتوێی بارودۆخەکە بکەن و ئیجا بڕیاری کۆتایی لەسەر چۆنیەتی بایکۆتی هەڵبژاردن بدەن.

خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و گوندەکان کۆتایی هاتووە، ئێستا لیژنە چاودێر و جێبەجێکارەکان دۆسیەی بەربژێرەکان، بە مەبەستی پەسەندکردن یا ڕەتکردنەوەی شیاوییان، تاوتوێ دەکەن.

لە هەر پێنج پارێزگاکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ورمێ، سنە، کرماشان، لوڕستان و ئیلام) 45 هەزار کەس بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و گوندەکان، خۆیان کاندید کردووە.

زۆریی ژمارەی بەربژێرەکان، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکان دەکاتە شوێنێک بۆ ڕکابەری لەنێوان بنەماڵە، خێڵ، گەڕەک، ناسیاوەکان و ئەمەش وا دەکات خەڵکێکی زیاتر لە هەڵبژاردندا بەشداریی بکەن. بۆیە بایکۆت کەمڕەنگ دەکاتەوە، لە ڕۆژی هەڵبژاردندا سندووقەکانی دەنگدانی سەرۆک کۆماری و ئەنجوومەنی شار و گوندەکان پێکەوە دادەنرێن.

ئەنوەر محەممەدی، ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەڵێ "ئەم دوو هەڵبژاردنە پێکەوە کێشە و گرفت بۆ بایکۆتکردن دروست دەکات". ئەنوەر موحەممەدی پێیوایە، کۆماری ئیسلامی بە ئەنقەست ئەم دوو هەڵبژاردنە لە یەک ڕۆژدا بەڕێوەدەبات، بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەن.

قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی حدک، دەڵێ "ئەگەر لە ئەنجوومەنی شار و گوندەکاندا خەڵکی باش هەبێت و لە فیلتەری پەسەند یا ڕەتکردنەوەی شیاوییەکان دەرباز بن، باشتر وایە بایکۆت نەکرێ، بەڵام ئیرادەی دەسەڵات لە ئێران ڕەتکردنەوەی شیاوی بەربڵاوی بەربژێرەکانە"..

### حدک: لەگەڵ بایکۆتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و گوندەکان نین ئەگەر کاندیدەکان باش بن

### حدکا لەگەڵ بایکۆتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و گوندەکانیشە

لە ڕوانگەی حدکاوە، ئەنجوومەنی شار و گوندەکان تەنیا شتێک بۆ پڕوپاگەندە و نیشاندانی دەسەڵاتی خەڵکییە، ئەنجوومەنەکان لە دەسەڵات داماڵراون و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکان تەنیا شانۆگەرییە. بۆیە ئەم حیزبە لەگەڵ بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و گوندەکانیشە.

ئەگەرچی کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حدکا، پێیوایە ڕەنگە هەندێ کەس بۆ وەرگرتنی هەندێ ئیمتیاز خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکان بپاڵێون، بەڵام ئەو دەڵێ "ئێمە دەمانەوێ خەڵک وشیار بکەینەوە بۆ ئەوەی بەشداریی لە دەنگداندا نەکەن".

ئەو شەش حیزبەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دیسان پێکەوە کۆببنەوە، بۆ ئەوەی لەسەر دوایین هەڵوێستی هاوبەشی خۆیان لەبارەی هەڵبژاردن، خۆیان یەکلایی بکەنەوە.

مزگەوتەکەی بەغدادی لە سێ لاوە گەمارۆدراوە

# 512 داعش بە درۆن کوژراون

ئەهرۆ محەممەد
رووداو- هەولێر

ئەو شوێنەی ئەبووبەکر بەغدادی خەلافەتەکەی تێدا ڕاگەیاند، لە سێ لاوە لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە گەمارۆدراوە. گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان دەڵێت "60%ی بەری ڕاستی موسڵ کۆنترۆڵکراوەتەوە". شرۆڤەکارانی سەربازیش داوادەکەن پلانی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ گۆڕانکاریی تێدابکرێت و مزگەوتەکەی بەغدادی دوایین شوێن بێ کە کۆنترۆڵ بکرێتەوە.

هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی و بەرپەرچدانەوەی خێرا لە ڕۆژهەڵات و باشووری ناوچەی موسڵی کۆن لە پێشڕەویدان، هێزەکانی دژەتیرۆریش لە ڕۆژئاوای شارەکەدان، بەڵام ماوەیەکە پێشڕەوییەکانیان لە هەندێک شوێن وەستاون یان زۆر بەسستی بەڕێوەدەچن. دۆخەکە بەجۆرێکە کە نزیکەی مانگێکە ئەو هێزانە چەند سەد مەترێک لە مزگەوتی نوور، کە بەغدادی خەلافەتەکەی تێدا ڕاگەیاند، هەروەها منارەی حەدباوە دوورن، بەڵام نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی بکەنەوە.

عەمید یەحیا ڕەسوڵ، گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ بە هیچ شێوەیەک نەوەستاوە، بەڵام هێزەکانیان زۆر بەوریایی و لەسەرخۆ پێشڕەوی دەکەن، بەمەبەستی پاراستنی گیانی خەڵکی سڤیل، بەتایبەتی ئەو ناوچانە ژمارەی دانیشتوانییان چڕە، کۆڵانەکانیان تەسکن و خانووەکانیان کۆنن.

سەبارەت بە گۆڕانکاری لە پلانی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری موسڵدا، عەمید یەحیا گوتی "ڕەنگە بەپێی پێویست گۆڕانکاری لە پلانەکەدا بکرێت و نوێ بکرێتەوە، لە هەر شوێنێک پێویست بێت دەستکاری دەکرێت".

بەگوتەی عەمید یەحیا ڕەسوڵ، تاوەکو ئێستا 60%ی بەری ڕاستی موسڵ لەلایەن هێزەکانیانەوە کۆنترۆڵکراوەتەوە، بەونزیکانەش تەواوی شارەکە کۆنترۆڵدەکرێتەوە.

بەپێی دوایین زانیارییەکان کە هێزە عێراقییەکان داویانەتە (رووداو)، ئەو هێزانە لە سێ لاوە (باشوور، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات) موسڵی کۆنیان گەمارۆداوە. تەنیا لای باکوور ماوە. شەڕی کۆڵان بە کۆڵان بەردەوامە. داعش و هێزە عێراقییەکان بەئەندازەیەک نزیکن کە گوێیان لە دەنگی یەکدی دەبێت. ڕۆژی یەکشەممە 2017/4/9، گەڕەکی مەتاحین لەلایەن هێزەکانی دژەتیرۆرەوە کۆنترۆڵکراونەتەوە.

ڕۆژی 2017/2/19، حەیدەر عەبادی، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکوەزیرانی عێراق، دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی بەری ڕاستی موسڵی ڕاگەیاند. دوای ئەوەی بەری چەپی ئەو شارە لەدەست چەکدارانی داعش دەرهێندرایەوە.

لیوا ماجد جاسم ئەلقەیسی، شرۆڤەکاری سەربازی و ستراتیژی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، لەدوای ڕووداوی بۆردوومانکردنی خەڵکی سیڤیل، ئێستا هێزە عێراقییەکان زۆر لەسەرخۆ و بەوریاییەوە پێشڕەوی دەکەن. پێشڕەوییەکانیان زۆر لەسەرخۆیە. هاوکات بەشێکی دیکەش بۆ تەکتیکی داعش دەگەڕێتەوە، لە بەکارهێنانی خۆکوژەکان، ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو، تونێلەکان، جێگیرکردنی نیشانەشکێنێکی زۆر، بەکارهێنانی خەڵکی سیڤیل وەک قەڵغانی مرۆیی، هەروەها بەشێکی زۆری چەکدارەکان بیانین و بەتەواوی گەمارۆدران، بۆیە جگە لە شەڕکردن تاوەکو کوژران هیچ بژارەیەکی دیکەیان نییە.

ئەلقەیسی باسی گرنگیی موسڵی کۆن دەکات و بە ناوچەیەکی ستراتیژیی گرنگ ناوی دەبات، کە مزگەوتی نوور و منارەی حەدباشی لێیە "کۆنترۆڵکردنەوەی بەتەواویی ئەو ناوچەیە، بەمانای یەکلاکردنەوەی شەڕی موسڵ و نەمانی داعش لە موسڵ دێت. ئەمە واتە کۆتاییهێنان بە پرۆژەی خەلافەت، کە جگە لەوەی سیمبولێکی ئایینە، هاوکات داعش لەو مزگەوتەوە فەرمانڕەوایەتیی بەسەر خەڵکدا دەکرد".

ئەو پسپۆڕە سەربازییە، تێبینیی لەسەر پلانی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ هەیە و بە پێویستی دەزانێت کە پێداچوونەوەی تێدا بکرێت "لەوانە کردنەوەی بەرەی دیکەی شەڕ لە باکوور و باکووری ڕۆژئاوای موسڵ. هەروەها گەمارۆدان و بەجێهێشتنی ناوچەی موسڵی کۆن تاوەکو تەواوی ناوچەکانی دیکەی بەری ڕاست کۆنترۆڵدەکرێنەوە و دوایین شوێن موسڵی کۆن کۆنترۆڵ بکرێتەوە"، بەڵام دان بەوەشدا دەنێت کە "کردنەوەی بەرەی دیکەی شەڕ، پێویستی بە هێزی زیاتری سەربازی هەیە، هەروەها ژمارەیەکی زیاتری خەڵک لە ناوچەی دیکە ئاوارە دەبن و پێویستیان بە ئامادەکاری هەیە بۆ پێشوازی لە ئاوارەکان".

ئەبوو ئەحمەد، کە یەکێکە لە دانیشتووانی بەری ڕاستی موسڵ و تازە لەدەست داعش ڕزگاری بووە، بە (رووداو)ی گوت "لە سەردەمی داعشدا نەدەبوو کەس دەرگای ماڵەکەی دابخات و دەبووایە لەسەر پشت بێت، بۆئەوەی کاتێک فڕۆکە جەنگییەکان بۆردوومان دەکەن، چەکدارانی داعش خۆیان بە ماڵەکاندا بکەن. هەرکەسێک دەرگای ماڵەوەی داخستبایە، لەلایەن داعشەوە سزادەدرا".

بەگوتەی فەریق ڕائید شاکر جەودەت، فەرماندەی پۆلیسی فیدراڵی، درۆن (واتە فڕۆکەی بچکۆلەی بێ فڕۆکەوان)ی پۆلیسی فیدراڵی "512 چەکداری داعشیان لە بەری ڕاستی موسڵ کوشتووە، کە 77یان نیشانەشکێن بوون. هەروەها 274 کیلۆمەتری چوارگۆشەیان لە بەری ڕۆژئاوای مووسڵ کۆنترۆڵکردووەتەوە. هەروەها 256 ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و 162 مۆتۆرسکیلیان تێکشکاندووە".



گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان بۆ (رووداو):

**پلانی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ نوێ دەکرێتەوە**

شرۆڤەکارێکی سەربازی:

**دەبێ مزگەوتەکەی بەغدادی دوایین شوێن بێ کۆنترۆڵ بکرێتەوە**

# پێشمەرگە لە نەینەوا 27 هەزار بۆمبی پووچەڵ کردووەتەوە

سیروان عەباس
رووداو- هەولێر

تیمەکانی بەشی ئەندازەی فەرماندەیی زێرەڤانی، زانیاریی ورد لەبارەی بۆمبە چێنراوەکانی داعش بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکەن و دەڵێن شارەزای هەموو پلانەکانی دانانەوەی بۆمب بوون و زۆر بە ئاسانی بۆمبەکانی داعش پووچەڵ دەکەنەوە. ئەوان ئێستا ڕۆژانە 270 بۆمب پووچەڵ دەکەنەوە.

یەکێک لە چەکە کاریگەر و بە زیانەکانی داعش لە شەڕدا دانانەوەی بۆمب بووە لەو شوێنانەی لە ژێر کۆنترۆڵیاندا بووە.

موقەدەم سۆران یوسف فەرماندە لە بەشی ئەندازەی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی دەڵێت بەهۆی جیاوازیی تاکتیکی شەڕکردن و گۆڕانکاری لە چەندێتی و چۆنیەتی دانانەوەی بۆمبەکان لەلایەن داعشەوە، پێشمەرگەش ناچار بووە پلان و تاکتیکی خۆی بگۆڕێت، بەتایبەت بەشی ئەندازە.

لیوا مەحموود کاکەیی، بەرپرسی کەتیبەی ئەندازەیی سەربازی سەر بە فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی یەک زانیاری لە بارەی بۆمبەکانی داعش ئاشکرا دەکات و دەڵێت "بۆ ئەوەی پێشمەرگە یان هاووڵاتی زیاتر شەهید ببن، چەکدارانی داعش بیریان لە هەموو ڕێگایەک دەکردەوە، وەک بەستنەوەی بۆمب بە دەرگا و پەنجەرە، دەرگای ساردکەرەوە و شتی سەرنجڕاکێش، بەڵام بەشی ئەندازەی پێشمەرگە هەر زوو شارەزای تاکتیکەکانی داعش بوو، بۆیە دەبوو بچوکترین گومان یەکلا بکەینەوە".

سەبارەت بە چۆنیەتی تەقینەوەی بۆمبە چێنراوەکانیش دەڵێت "هەندێک لە بۆمبەکان بە دوو ڕێگا دەتەقینەوە، قاچ لەسەر دانان و کاتی دەرهێنان و هەڵگرتنی سەری بۆمبەکە، بەڵام بەمدواییە داعش بۆ هەر بۆمبێک سێ ڕێگەی تەقینەوەی دادەنا: قاچ خستنە سەر بۆمبەکە، هەڵگرتنی سەری بۆمبەکە یان لەکاتی دەرهێنانی لەژێرەوە. بۆ یەکەمجاریش ئەم ڕێگەیەی داعش بووە هۆی شەهیدبوونی موقەدەمێکی بەشی ئەندازە".

## بۆمبەکانی داعش لەچی دروستکراون؟

نەقیب سالار حەسەن قادر، ئەفسەر لە بەشی ئەندازەی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی باسی چۆنیەتی دروستکردنی بۆمبەکانی داعش دەکات و دەڵێت "بۆمبەکان لە دوو بەش پێکهاتوون، تەقەمەنی و ڕووپۆشەکەی، هەردووکیشی دروستکراوی ڕێکخراوەکە خۆیەتی. بۆ تەقەمەنییەکە زۆرتر پشت بە کلۆر، پەینی کیمیایی و غاز دەبەستن. بۆ ڕووکەشەکەشی پشت بە بەرمیل، دەبە، مەنجەڵ و ئاسنی کارگەکانی خۆیان دەبەستن". گوتیشی "بچووکترین بۆمبی داعش 15 کیلۆیە و گەورەترینیشیان کێشەکەی 200 کیلۆیە".

بە گوتەی موقەدەم سۆران، داعش چەند ڕێگایەکی بۆ تەقاندنەوەی بۆمبەکان بەکاردەهێنا. لەوانەش کۆنترۆڵ، مۆبایل، ڕاستە، ڕاکێشان، قاچ لەسەر دانان و کردنەوەی دەرگا و پەنجەرە، بەڵام دەڵێت "ئەو ڕێگایەی زۆرترین پێشمەرگەی شەهید کردووە، ڕاستەیە کە دەتوانرێت بە شاراوەیی لەهەموو شوێنێک دابنرێت و بەهۆی قاچ لەسەردانان دەتەقێتەوە".

فاشیلترین بۆمبی داعش ئەو بۆمبانەن کە لە ڕێگەی مۆبایلەوە دەتەقێنرێنەوە. چونکە پێویستی بە دوو هۆکار هەیە، یەکەم ئەو کەسەی دەیتەقێنێتەوە ئامانجەکە بە چاوی خۆی ببینێ، هەروەها شەبەکەی مۆبایلیش هەبێ، ئەو دووانەش لە کاتی شەڕدا پێکەوە زۆر ئەستەمن.

## کار بە ڕۆبۆت ناکەن

موقەدەم سۆران یوسف دەڵێت بەشی ئەندازە خاوەن ڕۆبۆتی تایبەت بە هەڵگرتنەوەی مینە، بەڵام لە شەڕی داعشدا کاریان پێنەکردووە، لەبەرئەوەی کاری ڕۆبۆت هێواشە و لە شەڕدا ناکرێ بە هێواشی کاربکرێ، بە تایبەتی لەکاتی پێشڕەویکردن دەبێت تیمەکانی ئەندازە بە خێرایی ڕێگەکان خاوێن بکەنەوە بۆ ئەوەی بەبێ مەترسی پێشمەرگە تێپەڕێت. ناوبراو دەڵێت "ئێمە دەتوانین لە ڕۆژێکدا 270 بۆمب پووچەڵ بکەینەوە، ئەو کارەش بە هیچ ئامێرێک ناکرێ".

ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە ئاماژەی بەوەش کرد کە تاوەکو ئێستا تیمەکانی ئەندازەی پێشمەرگە پۆشاکی تایبەتی هەڵگرتنەوەی بۆمبیان نییە، چەند جارێکیش لەلایەن هاوپەیمانانەوە بەڵێنیان پێدراوە، بەڵام تەنیا زارەکی بووە.

## هەڵەی ئەندازەی پێشمەرگە یەک لە هەزار بووە

مولازمی یەکەم ڕزگار مەسعود خەلیل، ئەفسەری ئیداری و ژمێریاری لە بەشی ئەندازەی زێرەڤانی بە (رووداو)ی گوت "لەماوەی دوو ساڵ و نیودا لە سنووری نەینەوا توانیومانە نزیکەی 9000 بۆمب پووچەڵ بکەینەوە، سەرەڕای پووچەڵکردنەوە و تەقاندنەوەی دەیان تۆن تی ئێن تی.

هەروەها بەرپرسی کەتیبەی ئەندازەیی سەربازی سەر بە فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی یەک لە سنوورەکانی نەینەوا و کەرکووک دەڵێت 18 هەزار بۆمبیان پووچەڵ کردووەتەوە.

مەحموود کاکەیی ئاماژە بە ڕێژەی هەڵەی تیمەکانی ئەندازەی پێشمەرگە دەکات و دەڵێت: "سەرەڕای تاکتیکە جۆراوجۆرەکانی داعش، هەڵەی تیمی ئەندازە یەک لە هەزار بووە".



# بەغدا پۆلیسی شنگال دەباتە موسڵ

ناسر عەلی
رووداو- دهۆک

دوای ئەوەی سەرەتای مانگی ڕابردوو، وەزارەتی نێوخۆی عێراق بڕیاریدا 169 پۆلیسی شنگال بۆ سەنتەری شاری موسڵ بگوازێتەوە، فراکسیۆنی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ئەو بڕیارە ڕەتدەکاتەوە. سەرۆکی ئەو فراکسیۆنە دەڵێت بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابین یەک پۆلیسی شنگال بچێتە نێو موسڵ. سەرۆکی لیژنەی ڕاوێژکاری و گەڕانەوەی ئارامی بۆ نەینەوا دەڵێت "شنگال خۆی پێویستی بە ئارامییە و ناکرێ پۆلیسی ئەوێ بنێردرێنە موسڵ. بەڕێوەبەری پۆلیسی شنگالیش دەڵێت بڕیاری گواستنەوەمان پێگەیشتووە، بەڵام هێشتا جێبەجێمان نەکردووە".

ڕۆژی 10 ی ئاداری 2017، وەزارەتی نێوخۆی عێراق بە نووسراوێکی فەرمی بڕیارێکی تایبەتی سەبارەت بە گواستنەوەی 167 پۆلیسی کوردی ئێزدی و موسڵمان لە شنگالەوە بۆ سەنتەری شاری موسڵ دەرکرد. دواتر ڕۆژی 1ی نیسانی 2017، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی موسڵ نووسراوێکی دیکەی بۆ پۆلیسی شنگال ناردووە و تێیدا داوایکردووە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن.

سەیدۆ شنگالی، سەرۆکی فراکسیۆنی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو بڕیارە دژی کوردە و بە هیچ شێوەیەک جێبەجێی ناکەین". ڕۆژی 8 ی ئەم مانگە، فراکسیۆنی برایەتی و پێکەوەژیان لە بارەگای خۆیان لە شاری دهۆک بە تێکڕای دەنگ

فراکسیۆنی برایەتی و پێکەوەژیان:

**بە تێکڕای دەنگ ئەو بڕیارەمان ڕەتکردەوە**

بەڕێوەبەری پۆلیسی شنگال:

**بڕیارەکەمان پێگەیشتووە**

ئەو بڕیارە ڕەتکراوە، سەیدۆ دەڵێت" دوای ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارە، ئێمە نووسراوێکی فەرمیمان بۆ بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی نەینەوا ناردوومانە و بە تەلەفۆنیش پێمانگوتووە بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکەین یەک پۆلیسی شنگال بچێتە نێو موسڵ".

شنگال یەکێکە لە قەزاکانی سنووری پارێزگای نەینەوا، لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای نەینەوایە، ئەویش لە ناوچەکانی مادەی 140ە و ئێستا نزیکەی 500 پۆلیسی ئەو ناوچەیە، کە کوردی ئێزدی و موسڵمانی شنگالن، سەر بە پۆلیسی عێراق و وەزارەتی نێوخۆی بەغدان، بەڵام دوای کۆنترۆڵکردنەوەی بەشێک لە ناوچەکانی شنگال، نزیکەی دوو ساڵە ئەوان لە ناوچەی سنوونێ و شنگال لە ئەرکدان و ناوچەکانی خۆیان دەپارێزن.

مەعن باسم، سەرۆکی لیژنەی ڕاوێژکاری و گەڕانەوەی ئارامی بۆ پارێزگای نەینەوا، کە خۆی لە پێکهاتەی کریستیانی دەشتی نەینەوایە، ئەو بڕیارە بە بڕیارێکی سیاسی ناودەبات و دەڵێت "هەموو دنیا دەزانێت ئێستا شنگال پێویستی بە پۆلیس و ئارامییە، چۆن دەکرێ پۆلیسی ئەو ناوچەیە ببەنە موسڵ؟" ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا پێیوایە "بڕیارەکە بڕیارێکی سیاسییە و دەیانەوێت بەوشێوەیە ڕایبگەیەنن کە شنگال سەر بە عێراقە".

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای شنگال لەسەر ئەو بڕیارە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیاری گواستنەوەمان پێگەیشتووە، بەڵام تاوەکو ئێستا جێبەجێمان نەکردووە. چونکە ئێستا شنگال پێویستی بە ئێمەیە، چۆن پۆلیس ڕەوانەی موسڵ بکەین؟" ڕائید زیاد حوسێن، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای شنگال، دەڵێت "فراکسیونی برایەتی و پێکەوەژیان پەیوەندییان پێوەکردین و گوتیان ئەو بڕیارەیان ڕەتکردووەتەوە، بەڵام هێشتا هیچ نووسراوێکمان لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی نەینەواوە پێنەگەیشتووە".

ڕووداو
ژمارە (452) - دووشەممە 2017/4/10



## باج لە کارمەندانی کەرتی تایبەت وەردەگیرێت

ڕووداو- هەولێر

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ڕۆژی 21ی ئەم مانگەی وەک دوا وادە بۆ دانی باج لەلایەن کۆمپانیا و فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت دیاریکردووە. بەپێچەوانەشەوە، سزای پێویست بەسەر کۆمپانیا و فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت دەسەپێنرێت. بە گوێرەی یاسای باجی دەرامەت کە ساڵی 2011 لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە "بە ڕێژەی 5% باج بەسەر ئەو فەرمانبەر و کارمەندانەی کەرتی تایبەتدا سەپێندراوە کە مووچەکانیان لە یەک ملیۆن دینار زیاترە".

# بازاڕکردن بە ئۆنلاین لە کوردستان گەشە دەکات

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەئامانجی گەیشتن بە زۆرترین کڕیار و فرۆشتنی خێرای کاڵاکانیان، چەندین پێگەی ئەلیکترۆنی و پەیج و ئەکاونت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کراونەتەوە و کڕیار لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت کاڵا بکڕێت و فرۆشیاریش دەتوانێ لە بازنەیەکی فراوانتر لە بازاڕ کاڵاکانی بفرۆشێت. خاوەنی یەکێک لەو فرۆشگا ئەلیکترۆنیانە دەڵێت بازاڕیان گەرمە، بەڵام گرفتی گەیاندنی کاڵایان هەیە.

فرۆشگای ئەلیکترۆنی بریتییە لە پێگەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ فرۆشتن و خستنەڕووی کاڵا کە لەو ڕێگەیەوە فرۆشیار دەتوانێ بە کەمترین ماوە بگاتە زۆرترین کڕیار و کاڵاکانی بفرۆشێت، کڕیاریش دەتوانێ هەر لە ماڵەوە یان لە ئۆفیسی کارەکەیەوە ئەو کاڵایە داوا بکات کە لە فرۆشگا ئەلیکترۆنییەکان نمایش کراون.

ئەو شێوازە بازرگانی و بەبازاڕکردنە دەمێکە لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڕێچکەی خۆی گرتووە و چەندین پێگەی جیهانی بۆ ئەو مەبەستە کراونەتەوە، بەڵام ئەو کارە لە کوردستان هێشتا لە قۆناغی سەرەتادایە، بۆیە بێ گرفت نییە.

سەلمان ئیدریس، گەنجێکی شاری هەڵەبجەیە و خاوەنی فرۆشگای ئەلیکترۆنییە لە فەیسبووک بەناوی (بازاڕکردن- shopping). ئەو دەڵێت "فرۆشی کاڵا لەڕێگەی فرۆشگای ئۆنلاینەوە هەرگیز بەراورد ناکرێت لەگەڵ فرۆشی کاڵا لە فرۆشگای ئاسایی، چونکە لەو ڕێگەیەوە فرۆشیار دەتوانێ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لە جوگرافیایەکی فراواندا کاڵاکانی نمایش بکات و بگاتە زۆرترین کڕیار".

سەلمان، سەرەتا کاڵای بۆ خەڵک دەفرۆشت، بەڵام ئێستا خۆی کاڵا لە چینەوە دێنێ و لە پەیجەکەی نمایشیان دەکات. سەلمان گوتی "بەهۆی قەیرانی داراییەوە هێشتا بازاڕ سستە، بەڵام خۆشبەختانە بازاڕی ئێمە گەرمە، مانگانە بایی زیاتر لە 5000 دۆلار کاڵا دەفرۆشم".



ئەو کاڵایانەی سەلمان لە فرۆشگە ئەلیکترۆنییەکەیدا نمایشیان دەکات هەمەجۆرن و نرخیان لە 5 هەزارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 150 هەزار دینار، بۆ ئەوەی زۆرترین کڕیاریش بەلای خۆیدا ڕابکێشێ زۆر جار کاڵاکانی لەسەر خواستی خەڵک هاوردە دەکات.

بۆ ئەوەی بەزۆرترین کڕیار بگات و کاڵاکان لە کەمترین ماوەدا بفرۆشرێن، سەلمان زۆربەی کاڵاکانی بە 25 تاوەکو 30 دۆلار لە فەیسبووک سپۆنسەر دەکات، بۆیە دەڵێت لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان کڕیاری هەیە.

بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی پێشکەوتووی بانکی و ناچالاکیی پۆستە لەنێوان شار و شارۆچکەکان، سەلمان و زۆربەی ئەوانەی ئەو جۆرە بازرگانییە دەکەن، ناچارن بە تاکسی و پاسی هێڵی نێوان شار و شارۆچکەکان کاڵاکانیان بگەیەننە دەستی کڕیارەکانیان.

سەلمان دەڵێت بەو هۆیەوە گرفتی زۆریان بۆ دروست دەبێ " هەندێجار کاڵا بۆ کڕیار دەنێرین، کڕیار وەڵامی تەلەفۆن ناداتەوە، یان پاشگەز دەبێتەوە لە کڕین، ئامادەش نییە خەرجی گەیاندنەکەش بدات، خەرجیی گەیاندن و هێنانەوە لەسەر ئێمە دەکەوێت، بۆیە هیوادارم حکومەت بتوانێ ئاڵوگۆڕی پۆستە لەنێوان شارەکان چالاکتر بکات و بانکە ئەهلی و حکومییەکانیش پەرە بە سیستەمی کرێدی کارت بدەن".

جگە لە فرۆشگا ئەلیکترۆنییەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چەند ماڵپەڕێکی تایبەتی فرۆشگای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان کراونەتەوە.

ڕەوەند عەبدولڕەحمان، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری تەکنیکیی کۆمپانیای بازاڕگە بۆ فرۆشتنی کاڵا بەشێوەی ئەلیکترۆنی کە ماوەی مانگێکە بەڕووی کڕیاراندا کراوەتەوە، دەڵێت "فرۆشگای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان زۆر بەرفراوان بووە، هەموو کەسێک دەتوانێت پەیجێک یان ماڵپەڕێک بۆ فرۆشتنی کاڵاکانی بکاتەوە".

بەڵام سەرجەم فرۆشگا ئەلیکترۆنییەکان بە گوتەی ڕەوەند بەدەست دوو گرفتەوە دەناڵێنن، ئەوانیش گرفتی پارەدان و گەیاندنی کاڵاکانە بە کڕیار.

ڕەوەند گوتی "بۆ چارەسەری گرفتی پارەدان ئێمە لە ماڵپەڕەکەمان سیستەمێکی بانکیمان داناوە، هەر کەسێک لە ماڵپەڕەکەی ئێمە خۆی تۆمار بکات، کارتێکی زیرەکی بەخۆڕایی بۆ دروست دەکەین، لەو ڕێگەیەوە دەتوانێ لە سەرجەم ئەو کۆمپانیا و فرۆشگا ئەلیکترۆنیانەی لای ئێمە تۆمار کراون کاڵا بکڕێت، دەتوانێ باڵانسی کارتەکەشی لەڕێگەی کارتی تایبەتی بازاڕگە و ئاسیا حەواڵە و زەین پڕبکاتەوە".

هەرچەندە ماوەیەکی کەمە ماڵپەری بازاڕگە ئەکتیڤ بووە، بەڵام تاوەکو ئێستا زیاتر لە 500 کەس خۆی لەماڵپەڕەکە تۆمار کردووە و 60 کۆمپانیای هەرێمی کوردستان بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان گرێبەستیان لەگەڵ کردووە، 12 فرۆشگای ئەلیکترۆنیش بۆ چارەسەری گرفتی پارەوەرگرتن خۆیان لەگەڵ سیستەمی بازاڕگە ڕێکخستووە.

ڕەوەند دەڵێت "ئێمە لە کۆمپانیاکەمان گرفتی گەیاندنمان چارەسەر کردووە، ئۆتۆمبێلی تایبەت بە کۆمپانیامان هەیە، سێ جۆر گەیاندنیشمان هەیە. گەیاندنی ئاسایی کە 48 کاژێر دەخایەنێ و بەخۆڕاییە. گەیاندنی خێرا کە 12 تاوەکو 18 کاژێر دەخایەنێ بەگوێرەی قەبارەی کاڵاکە کرێ وەردەگرین، گەیاندنی VIP ی خۆڕاییمان بۆ ئەو کڕیارانە هەیە کە بە بەهای سەرووی ملیۆنێک دینار یان 800 دۆلار کاڵا لە بازاڕگە دەکڕن".

سەبارەت بە چارەسەری گرفتی پارەدانیش، ڕەوەند دەڵێت "ئەگەر یاساکانی هەرێمی کوردستان ڕێگەمان پێ بدات، لە داهاتوودا بۆ چارەسەری یەکجاری گرفتی پارەدانی فرۆشگا ئەلیکترۆنییەکان بانکێکی ئۆنلاین دابمەزرێنین، سمارت کارتی بازاڕگەش لە زۆربەی مۆڵ و سوپەرمارکێتەکان دادەنێین، تاوەکو خەڵک پێویستی بەهەڵگرتنی پارەی کاش نەبێت و لەڕێگەی سمارتکارتەکەی ئێمە کاڵا بکڕێت و پارە بدات".

هەرچەندە ئامارێکی ورد لەسەر ژمارەی پەیج و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکانی بازاڕکردن نییە، بەڵام بەگوێرەی بەدواداچوونی بەرپرسانی کۆمپانیای بازاڕگە زیاتر لە 50 ماڵپەڕ و ژمارەیەکی زۆر پەیجی فرۆشگای ئەلیکترۆنی هەن.

### سوودیان لە گرفتیان زیاترە

د.لوقمان عوسمان عومەر، پسپۆڕی گەشەپێدانی ئابووری و بانک لە بەشی ئابووری کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "لە وڵاتانی پێشکەوتوو فرۆشگا و بازاڕگە ئەلیکترۆنییەکان بەدیوی دووەمی چالاکی ژیانی ئابووریی دادەنرێن و بوونیان زۆر پێویستە، هەرێمی کوردستانیش پێویستە هەنگاو بۆ بازرگانیی ئەلیکترۆنی بنێ، چونکە سوودەکانی لە گرفتەکانی زیاترە". گوتیشی "لە هەرێمی کوردستان بانکەکان و هاووڵاتیان گرفتی متمانەیان لەگەڵ یەک هەیە، بۆ ڕەواندنەوەی ئەم گرفتە پێویستە بانکەکانی هەرێمی کوردستان بەسوودوەرگرتن لەو یاسایانەی بەرکارن سمارت کارتی بانکی بۆ هاووڵاتیان دروست بکەن، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن سوود لە فرۆشگا ئەلیکترۆنییەکان وەربگرن".

**سوودەکانی فرۆشگای ئەلیکترۆنی**

**بۆ فرۆشیار:**

1 - پێویستی بە پێشەنگا و ئیدارە و دانی باج نابێ.

2 - زۆرترین کڕیار کاڵاکانی دەبینێ.

3 - سنووری فرۆشتنی کاڵاکانی فراوانە

4 - دەتوانێ بە تێچوویەکی زۆر کەم بەردەوام ڕێکلام بۆ کاڵاکانی بکات.

**بۆ کڕیار:**

1 - بە ئاسانی دەستی بەو کاڵایە دەگات کە پێویستییەتی.

2 - تێچووی بازاڕکردن و کاتی بۆ دەگەڕێتەوە

3 - زۆرترین بژارەی لەبەردەستە بۆ کڕین.

## لە ماوەی 40 ڕۆژدا 12 هەزار هێلکەی بۆ هاتووە

# لە هەولێر هەڵهێنەرێکی تایبەت بە مریشکی خۆماڵی دادەنرێ

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەئامانجی زیادکردنی مریشک و پەلەوەری دیکەی خۆماڵی، گەنجێکی شاری هەولێر هەڵهێنەرێکی تایبەت بە دانانەوەی هێلکەی مریشک و پەلەوەری دیکەی خۆماڵی دادەنێ. لە ماوەیەکی کەمدا بە هەزار هێلکەی بۆ نێردراوە تاوەکو لە هەڵهێنەرەکەی دایانبنێتەوە.

هەرێمی کوردستان خاوەنی 40 پڕۆژەی هەڵهێنەری جوجەڵەی گۆشتە کە وزەی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 208 ملیۆن جوجەڵە. ئەو پرۆژانە جوجەڵە بۆ 1.317 کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت دابین دەکەن. بەشێکیشی بۆ شارەکانی عێراق هەنارده دەکرێت، بەڵام هیچیەک لەو پرۆژانە تایبەت نین بە دانانەوەی هێلکەی مریشکی خۆماڵی.

ئارام عەبدوڵڵا، خاوەنی هەڵهێنەرەکە بۆ بیرۆکەی پرۆژەکەی دەڵێت "چەند ساڵێکە مریشک و پەلەوەری جوانی بەخێودەکەم و بازرگانیی پێوە دەکەم، هەرکاتێک ژمارەیەک هێلکەی مریشک بە تایبەتی مریشکی جوانم دەستدەکەوت، لە دانانەوەیان گرفتم بۆ دروست دەبوو، چونکە بەشی زۆری هەڵهێنەرەکانی جوجەڵەی گۆشت ئامادە نەبوون هێلکەی مریشک و پەلەوەری خۆماڵی دابنێنەوە، لەمەوە بیرۆکەی دامەزراندنی هەڵهێنەرێکی تایبەت بە مریشک و پەلەوەری خۆماڵیم لەلا دروست بوو".

هەڵهێنەرەکەی ئارام عەبدوڵڵا ماوەی 40 ڕۆژە دەستبەکار بووە، بەڵام هەر زوو ناوی دەرکرد، تەنیا لە ماوەی ئەو 40 ڕۆژەدا 12 هەزار هێلکەی بۆ هات.

ئارام دەڵێت "ئامانج لە دامەزراندنی ئەو هەڵهێنەرە، بووژانەوە و زیادکردنی مریشک و پەلەوەری دیکەی خۆماڵییە، بۆیە پێشوازیم لە هەرکەسێک کردووە تەنانەت یەک هێلکەشی هێنابێ، خۆشبەختانەش بیرۆکەکەم هەر زۆر زوو پێشوازی لێکرا، لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانەوە زیاتر لە 12 هەزار هێلکەم بۆ خەڵک داناوەتەوە".



(فۆتۆ: ڕووداو)

ئارام هێلکەی پەلەوەری جۆراوجۆری بۆ هاتووە، بەڵام زۆرتر هێلکەی مریشک. ئەو گوتی "لەو 12 هێلکەیەی بۆ خەڵکم داناوەتەوە نۆ هەزاریان هێلکەی مریشک بووە. نزیکەی 1500 هێلکەی قاز و 1000 هێلکەی مراویشم داناوەتەوە".

سامی عارف، کێڵگەیەکی بچووکی بەخێوکردنی مریشکی ئەمەریکی و هۆڵەندی هەیە، یەکێکە لەو کەسانەی هێلکەی لە هەڵهێنەرەکەی ئارام داناوەتەوە، دەڵێت "دامەزراندنی ئەم هەڵهێنەرە کارئاسانییەکی زۆری بۆ کردووین، هەر کاتێک بمانەوێ هێلکەی بۆ دەبەین". گوتیشی "پێشتر هێلکەکانمان لەژێر مریشک و قەل دادەنایەوە، ڕێژەی هەڵهێنانی زۆر باش نەبوو، بەڵام ڕێژەی هەڵهێنان لەو هەڵهێنەرە بەرزە، 88 هێلەکەم دانایەوە 80 یان بوون بە جوجەڵە".

هەڵهێنەرەکەی ئارام یەکەم هەڵهێنەری تایبەت بە مریشک و پەلەوەری خۆماڵی نییە، بەڵام گەورەترین هەڵهێنەری هێلکەی مریشکی خۆماڵییە کە وزەی یەک وەجبە هەڵهێنان 18 هەزار و 800 هێلکەیە.

ئارام عەبدوڵڵا، جگە لەو 12 هەزار هێلکەیەی بۆ خەڵکی داناوەتەوە، بۆ خۆیشی شەش هەزار هێلکەی مریشکی داناوەتەوە، جوجەڵەکانیش بەخەڵک دەفرۆشێت، بۆیە پرۆژەکەی ئەو جگە لە دانانەوەی هێلکە، بووەتە شوێنێکیش بۆ دەستکەوتنی جوجەڵەی خۆماڵی.

ئارام دەڵێت "نیازم وایە هێلکەی ئەو پەلەوەرە جوانیانەی بە پارەیەکی زۆر لە دەرەوە دەهێنرێنە کوردستان، هاوردە بکەم و لێرە دوای دانانەوە بە خەڵکیان بفرۆشم، وەک تاقیکردنەوەش 2000 هێلکەی عەلەشیشی بەریتانیم هێناوە و دامناوەتەوە".

لە هەرێمی کوردستان کێڵگەی گەورەی بەخێوکردنی مریشکی خۆماڵی نییە، بۆیە هێلکەی خۆماڵی جگە لەوەی بە بڕێکی کەم دەستدەکەوێ، نرخەکەشی گرانە.

ئارام دەڵێت "بەشێک لەو هێلکانەی لە بازاڕ دەفرۆشێن و خەڵک بۆ دانانەوە دەیانکڕێت گرفتیان هەیە، چونکە لێرە مریشک بەشێوەیەکی زانستی بەخێوناکرێ. بەگوێرەی ژمارەیان کەڵەبابی باشیان بۆ دانانرێت، هەندێجاریش کەڵەبابەکەیان باش نییە، بۆیە بەشێک لە هێلکەکان ناتروکێن".

ئارام نموونە بەو هێلکانە دەهێنێتەوە کە بۆ خەڵکی داناوەتەوە و دەڵێت "خەڵک هەبووە 100 هێلکەی هێناوە، 90%ی هێلکەکان تروکاون. خەڵکیش هەبووە 40 هێلکەی هێناوە تەنیا سێ هێلکەی لێ دەرچووە".

نازم عەلی، دوکانێکی فرۆشتنی هێلکەی پەلەوەری خۆماڵی لە گۆڕەپانی فرۆشتنی پەلەوەر هەیە، زیاتر لە 10 ساڵە هێلکەی خۆماڵی دەفرۆشێت. لەبارەی نرخ و دەستکەوتنی هێلکەی خۆماڵی دەڵێت "زۆرتر لە گوندەکانەوە بۆمان دێت، نرخی هێلکەکان بەگوێرەی جۆری پەلەوەر دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئێمە 3 هێلکەی مریشکی ئاسایی بە هەزار دینار دەفرۆشین، هێلکەی مریشکی برهمای گەورە بە 15 هەزار دینارە. هێلکەی مریشکی شامی بە پێنج هەزار دینارە. هێلکەی مریشکی ئیسپانی بە سێ هەزار دینارە. هێلکەی مریشکی چینی دوو هەزار دینارە و هێلکەی قازیش بە-4 7 هەزار دینارە".

بە گوتەی نازم، ئەمساڵ بە بەراورد بە ساڵی رابردوو هێلکەی پەلەوەری خۆماڵی بەتایبەت هێلکەی مریشکی جوانی زیاتر خواستی لەسەرە، کەسی وا هەیە 100 تاوەکو 200 دانە هێلکە بۆ دانانەوە دەبات.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "هەڵهێنەرەکانی جوجەڵەی گۆشت ئەگەر 100% کار بکەن ساڵانە توانای دانانەوەی نزیکەی 208 ملیۆن هێلکەیان هەیە کە 80%یان دەبنە جوجەڵە، پێویستیی کێڵگەکانی پەلەوەر بە زیادەوە پڕ دەکەنەوە، هەندێجاریش جوجەڵە بۆ شارەکانی عێراق دەنێرن".

سەبارەت بە هەڵهێنەری مریشکی خۆماڵیش، ڕەمەزان محەممەد گوتی "بەخێوکردنی مریشکی خۆماڵی نەچووەتە قاڵبی بازرگانی، بۆیە هەڵهێنەرەکان بەشێوەیەکی گشتی هێلکەی پەلەوەری گۆشت دادەنێنەوە، نەک هێلکەی مریشکی خۆماڵی".

ڕەمەزان پشتگیری پرۆژەکەی ئەو گەنجە دەکات و دەڵێت "ئەو جۆرە هەڵهێنەرانە لەو قۆناغەدا ڕێگەیەکی باشن بۆ زیادبوونی پەلەوەری خۆماڵی و پڕکردنەوەی ئەو خواستەی لە شارەکان و لادێکان لەسەر دانانەوەی هێلکەی پەلەوەری جوانی دروست بووە".

**ژماری پڕۆژە هەڵهێنەرەکان لەسەر ئاستی کوردستان و وزەی ساڵانەیان**

| پارێزگا | ژمارە پرۆژە | وزەی بەرهەمهێنان جوجەڵە |
|---|---|---|
| هەولێر | 24 | 130.346.000 |
| سلێمانی | 8 | 27.430.000 |
| دهۆک | 5 | 39.432.000 |
| گەرمیان | 3 | 10.680.000 |
| کۆی گشتی | 40 | 207.888.160 |

# فریای کێڵگەی نەوتی تەقتەق بکەون



بیلال سەعید *

یەکێک لە هەواڵە خۆشەکانی ساڵی 2006 بۆ هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان، بریتی بوو لە دەستکردن بە بەرهەمهێنانی پێنج هەزار بەرمیل نەوت لە یەکەم بیرە نەوتی کێڵگەی تەقتەق لە ناوچەی شیواشۆک لەلایەن کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجیی تورکی، بەڵام ئەم هەواڵە خۆشە کە گەنەڵ ئینێرجی و حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕێیان دەکرد ماوەی 25 ساڵ بەردەوام بێت بەپێی ناوەڕۆکی گرێبەستەکە، ئێستا ساڵ لەدوای ساڵ خەونەکە بەهۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و یەدەگی نەوت، خەریکە دەبێتە سەراب.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی کە کۆتایی مانگی ڕابردوو بڵاوی کردەوە، کۆتایی ساڵی 2016 ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوت لە کێڵگەی تەقتەق گەیشتووەتە 36 هەزار بەرمیل نەوت، بەڵام لە مانگی ئاداری ئەمساڵ بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنان گەیشتووەتە تەنیا 19 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە".

واتە لە ماوەی ساڵێکدا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 17 هەزار بەرمیل، (ڕێژەی 47%) کەمی کردووە. بەپێی هەندێک سەرچاوەی نارەسمی، لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو بەرهەمی کێڵگەکە زیاتر کەمی کردووە و گەیشتووەتە تەنیا 16 هەزار و 900 بەرمیل نەوت.

جگە لە کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت، یەدەگی نەوتی کێڵگەکەش بە بەردەوامی ڕووی لە کەمبوونەوەیە. بەگوێرەی خەمڵاندنێکی کۆمپانیای (ماکدانیاڵ) ئێستا یەدەگی کێڵگەی نەوتی تەقتەق تەنیا 59 ملیۆن بەرمیل نەوتە، لەکاتێکدا لە کۆتایی ساڵی 2015 یەدەگی ئەو کێڵگەیە 172ملیۆن بەرمیل بووە، واتە بەراورد بە ساڵی 2015 یەدەگی کێڵگەکە بەڕێژەی 66% کەمی کردووە.

ئەم کێڵگە نەوتییە لە قۆناغی ڕابردوودا یەکێک لە کێڵگە سەرەکییەکانی نەوتی کوردستان بوو هاوشان لەگەڵ کێڵگەی نەوتی شیخان و تاوکێ، لە هەندێک قۆناغدا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو کێڵگەیە گەیشتووەتە زیاتر لە 140 هەزار بەرمیل، لەکاتێکدا بەرهەمی ئێستای نزیکبووەتەوە لە تەنیا 10%ی بەرهەمهێنانی قۆناغەکانی سەرەتا.

کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بارەی پرسی دابەزین و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و یەدەگی نەوتی کێڵگەکە تا ئێستا هەرچەندە هیچ قسەیەکی فەرمییان نەکردووە، بەڵام بە خوێندنەوە سەرەتاییەکان دەکرێت هۆکاری سروشتی و تەکنیکی لە پشت کەمبوونەوەی بەرهەم و یەدەگی نەوتی کێڵگەکە هەبێت، لەوانەش:

1- زیادبوونی ئاو لە بیرە نەوتەکانی کێڵگەکە.

2- گوشارخستنە سەر بیرە نەوتەکان بۆ دەرهێنانی نەوتی زیاتر.

3- خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ بیرە نەوتییەکان و تێکچوونی چینەکانی بیرەکە.

4- لێنەدانی بیری نوێ و نۆژەنکردنەوەی ئەو بیرە نەوتانەی پێشتر لێدراون.

هەرچەندە لای بەشێک لە پەرلەمانتار و هاووڵاتیانی ئاسایی جگە لەم ئەگەرە سەرەتاییانە بەجۆرێکی دیکە هۆکاری سیاسیش بەهۆکارێکی دیکە دادەنێن بۆ کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەکە، بەڵام ئەوەی پێویستە بکرێت، ئەوەیە کە کەمبوونەوە بەردەوامەکانی ئەم کێڵگەیە مەترسیدارە و پێویستە فریابکەوین، ئەگینا چەندین مەترسی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەوانە:

1- ڕۆژ بەڕۆژ ئاستی گومان و دوودڵییەکان لەسەر پرۆسەی نەوتی کوردستان لەزیادبووندایە، بۆیە پێویستە حکومەت و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان زووتر و باشتر هەوڵی جێبەجێکردنی پرۆسەی شەفافیەت بدەن و ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر کەمبوونەوەی یەدەگی نەوت و بەرهەمهێنانی نەوت لەم کێڵگە نەوتییە بدەن، بۆ ئەوەی خوێندنەوە جۆراوجۆرەکان بۆ کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لەم کێڵگەیە سنووردار بکرێت.

2- زۆر گرنگە کۆمپانیایەکی تایبەتمەند لە نێوان حکومەت و کۆمپانیاکە بۆ پرۆسەی لێکۆڵینەوەکە ڕاسپێردرێت بۆ ئەوەی هۆکارەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کەمبوونەوەی بەرهەم و یەدەگی ئەم کێڵگەیە دیاری بکرێت.

3- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی تاوەکو دەرکەوتنی ڕاپۆرتی کۆمپانیای تایبەتمەند ڕێکبکەون لەسەر داهاتووی ئەم کێڵگە نەوتییە، بە ڕاگرتن یان بەردەوامبوون لەسەر بەرهەمهێنان، لەبەرئەوەی ناکرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە کۆی 28 بیرە نەوت، زیاتر لە 10 بیرە نەوتیان وشک بکەن و ئێستا تەنیا 18 بیرە نەوت کاربکەن، بەڵام هەندێک لەو بیرانە بەرهەمی ڕۆژانەیان لە 30 بەرمیل تێناپەڕێ.

4- کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان لەکاتێکدا ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان داناوە، بووەتە هۆی دابەزینی پشکەکانی کۆمپانیاش لە بۆرسەکانی جیهان، هەروەها کەمبوونەوەی یەدەگی نەوتیش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی چاوی کۆمپانیاکان لەسەر نەوتی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆسیەیە بکرێت.

5- کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی ئێستا خەریکی چڕکردنەوەی هەوڵەکانیەتی بۆ پەرەپێدانی غازی سروشتیی هەرێمی کوردستان، وەک قەرەبووکردنەوەیەک بۆ ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی داهات و کارەکانی بووەتەوە لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق، زۆر گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە وردی و وریاییەوە لەگەڵ ئەزموون و کارکردنی ئەو کۆمپانیایە بجوڵێتەوە.

6- هەرچەندە هەموو داتا و ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمساڵ سەرکەوتوو بووە لە پێدانی شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت، بەڵام گرنگە حکومەتی هەرێم لە پێدانەوەی شایستە داراییەکان بە کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی پەلە بکات لەپێناوی ئەوەی کۆمپانیاکە بتوانێت وەبەرهێنانی زیاتر لە کێڵگەی نەوتی تەقتەقدا بکات کە دەکرێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی گوشاری سەر بیرە نەوتەکان.

*** پێشکەشکاری پرۆگرامی زێڕی ڕەش لە ڕادیۆی ڕووداو**




(فۆتۆ: ڕووداو)

# هێرشەکەی شوعەیرات نرخی نەوتی فڕاند



ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی هێرشەکەی ئەمریکا بۆ سەر بنکەیەکی سەربازیی سووریا، نرخی نەوت گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا، شارەزایان دەڵێن بازاڕی نەوت و غاز ترسی ئەوەی لێ نیشتووە کە پاش ئەو هێرشە شەڕ و پێکدادانەکانی سووریا کاریگەری لەسەر ئاسایشی هەموو ناوچەکە دابنێ.

مانگی ڕابردوو بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مانگێکی سەخت بوو، لەبەرئەوەی نرخی نەوت بە بەردەوامی دادەبەزی. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش بۆ هاتنی وەرزی بەهار و فێنکبوونی کەشوهەوا دەگەڕایەوە کە وای کردبوو داواکاری لەسەر نەوت کەم ببێتەوە، بەڵام لە ماوەی تێکڕای هەفتەی ڕابردوودا نرخی نەوت بە ڕێژەی 3% بەرز بووەوە.

بەرەبەیانی هەینی، ئەمریکا وەکوو وەڵامێک بۆ هێرشە کیمیاوییەکەی خان شەیخون، 59 مووشەکی ئاراستەی بنکەی سەربازیی شوعەیرات کرد. لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا کە قەیرانی سووریا سەری هەڵداوە، ئەوە جاری یەکەم بوو ئەمریکا هێرشێکی لەو جۆرە لەدژی حکومەتی دیمەشق ئەنجام بدات.

ڕۆژی هەینی نرخی یەک بەرمیل نەوتی ئەمریکی 54 سێنت (واتە بە ڕێژەی 1.04%) بەرز بووەوە و گەیشتە 52.24 دۆلار. نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت (کە نزیکترین پێوەرە لە پێوەرەکانی نەوتی ئۆپێک) 35 سێنت (واتە 0.064%) بەرز بووەوە و گەیشتە 55.24 دۆلار. لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا ئەوە بەرزترین نرخی نەوت بووە.

شەڕ و پێکدادانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یەکێک لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە چەند ساڵی ڕابردوودا بووە. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نزیکەی 40%ی کۆی نەوتی خاوی جیهان بەرهەمدەهێنێ. بۆیە هەر چەشنە گۆڕانکارییەکی ئەمنی و سەربازی لەو ناوچەیە، کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر نرخی نەوت دادەنێ.

مایکڵ پۆڵسن، لە کۆمپانیای کارگێڕیی مەترسییەکان لەسەر ئاستی جیهان، لەبارەی هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دوای هێرشەکانی سەر شوعەیرات بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی گوت "سووریا وڵاتێکی سەرەکیی بەرهەمهێنەری نەوت نییە، بەڵام دراوسێی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی ناوچەکەیە، بۆیە نیگەرانیی ئەوە هەیە کە ئاڵۆزییەکانی سووریا بۆ ناوچەکە تەشەنە بکات"، بەمەش کێشە بۆ بەرهەمهێنان، گواستنەوە و ئەمبارکردنی نەوت لە وڵاتانی ناوچەکە دروست بکات.

گرێگ مەککێنا، ستراتیژ دانەری کۆمپانیای ڕاوێژکاریی ئاکسی ترەیدر، بە تۆڕی (سی ئێن ئێن)ی ئەمریکی ڕاگەیاند "جیۆپۆلێتیک پاڵنەرێکی سەرەکییە لە بازاڕەکانی نەوتدا... هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لەدژی ڕژێمێکە کە ڕووسیا پشتگیریی دەکات، جگە لەمە ئێرانیش لە سووریا بەشدارییەکی چالاکی هەیە و دەکرێ ئاڵۆزییەکان زیاتر بکات".

ئێران و ڕووسیا جگە لەوەی دوو پاڵپشتی کارای حکومەتی سووریان، دوو بەرهەمهێنەری گەورەی نەوتیشن. بۆیە مەککێنا پێیوایە کاردانەوەی توندی ئەم دوو وڵاتە دەتوانێ کاریگەری دوو بەرامبەر لەسەر بازاڕی نەوت دابنێ. پێشبینیش دەکات ئەو نادڵنیاییەی باڵی بەسەر بازاڕەکاندا کێشاوە "بۆ ماوەیەکی کورت بەردەوام بێ".

هەمزە خان، بەرپرسی کۆمپانیای ستراتیژیی وزەی (ING) لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ئاژانسی ڕۆیتەرز جەختی لەوە کردەوە کە بازاڕەکانی نەوت، بە تایبەتیش وڵاتانی ئۆپێک نابێ دڵ بە گۆڕانکارییەکانی سووریا خۆش بکەن "چونکە ئەمە گۆڕانکارییەکی دەروونییە و هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە گۆڕانی هاوکێشەکانی پەیوەندیدار بە خستنەڕوو و داواکردنی نەوتەوە نییە".

ئالێکس پوون، سەرۆکی کۆمپانیای نێوبژیوانی وزەی ئەدمیس لە هۆنگ کۆنگ، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر ناکۆکیی نێوان ڕووسیا و ئەمریکا توندتر نەبێ، کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی سووریا کورتخایەن دەبێ، گوتیشی "چاوەڕێ ناکرێ ڕووسیا وەڵامێکی توندی ئەمریکا بداتەوە، لەبەر ئەوەی مۆسکۆ پێشوەخت لەبارەی هێرشەکانەوە ئاگادار کرابووەوە". پوون پێیوایە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت دەبێ بە دوای هۆکاری دیکەوە بن، بۆ ئەوەی بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوتی پێ لێکبدەنەوە.

یەکێک لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی بەهای نەوت لە یەک هەفتەی ڕابردوودا دابەزینی ئاستی نەوتی ئەمبارەکان بووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی بەشی ئابووریی ماڵپەڕی یاهوو، ئێران و وڵاتانی کەنداو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی هەناردەکردنی نەوتی وڵاتەکانیان پەنایان بۆ ئەمبارەکانی نەوت بردووە. هەفتەی پێشوو ئاستی نەوتی ئەمبارەکانی نەوتی ئێران بۆ 5 ملیۆن بەرمیل دابەزی، ئاستی ئەمبارەکانی سەر دەریای ئیماراتیش نیوە بووە و گەیشتووەتە 10 ملیۆن بەرمیل.

بەگوێرەی هەمان ڕاپۆرت، ئاستی نەوتی ئەمبارەکانی سعودیەش لە 329 ملیۆن بەرمیل لە ئۆکتۆبەری 2015وە بۆ 262 ملیۆن بەرمیل دابەزیوە. هۆکاری ئەم دابەزینە گەورەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سعودیە دەیەوێ بە نەوتی ئەمبارەکان ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە بەهۆی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان دروستبووە. سعودیە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێکدا پابەندە بەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەکەی بە بڕی 486 بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەم بکاتەوە.

ڕۆژی 10ی کانوونی یەکەم، وڵاتانی ئۆپێک و ژمارەیەک وڵاتی دەرەوەی ڕێکخراوەکە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بە بڕی زیاتر لە 1.750 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا ڕێککەوتن، لەم بڕەش 1.2 ملیۆن بەرمیلی بەر ئۆپێک دەکەوێ و زیاتر لە 550 هەزار بەرمیلەکەی دیکەی بەر 13 وڵاتەکەی دەرەوەی ئۆپێک دەکەوێ کە گرنگترینیان ڕووسیایە.

هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە ئومێدی درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک یەکێک لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بووە.

ئامانج لە ڕێککەوتنەکەی نێوان ئۆپێک و دەرەوەی ڕێکخراوەکە دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ئاستی نەوتی نێو بازاڕەکان و داواکاریی سەر نەوت بوو. بۆ ئەم مەبەستەش کەمکردنەوەی ئاستی نەوتی نێو ئەمبارەکان یەکێک لە ڕێگە سەرەکییەکان بوو. شارەزایان و بەرپرسانی نەوتی کۆکن لەسەر ئەوەی کەمبوونەوەی نەوتی ئەمبارەکان لە درێژخایەندا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر نرخی نەوت دادەنێت، هەرچەندە ڕەنگە لە کورتخایەندا هەست بە کاریگەرییەکەی نەکرێت.

پێشتر نیگەرانیی ئەوە هەبوو کە لەگەڵ هەڵکشانی نرخەکانی نەوت، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکاش بەرزبێتەوە. بەڵام نرخەکانی نەوت لە یەک هەفتەی ڕابردوودا ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر پلانەکەی ئۆپێک بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکانی نەوت نەبووە.

## فەجر 140 فیلمی بۆ هاتووە



**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی داهاتوو چالاکییەکانی سی و پێنجەمین فێستیڤاڵی جیهانیی فیلمی فەجر لە شاری تارانی پایتەختی ئێران دەستپێدەکات.
بەپێی راگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی فێستیڤاڵی جیهانیی فیلمی فەجر کە کۆپییەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، 140 فیلم لە 58 وڵاتی جیهانەوە لەو فێستیڤاڵەدا بەشداریی دەکەن. ئێران بە 35 فیلم و فەرەنسا بە 17 فیلم بەرزترین ئاستی بەشدارییان لەو فێستیڤاڵەدا هەیە. هەروەها ئیسپانیا، ڕووسیا، ئەڵمانیا، ژاپۆن، کۆریای باشوور و تورکیا بە 6 فیلم، ئەمەریکا، چین، لیتوانیا و پۆڵەندا بە 4 فیلم، چیک بە 3 فیلم. میسر، ئیستۆنیا، ئەرژەنتین، هەنگاریا، میانمار، هۆنگ کۆنگ، هیندستان، ئیتاڵیا، سوید، سویسرا و بەریتانیا بە 2 فیلم بەشدارن. فێستیڤاڵی جیهانیی فیلمی فەجر لە ڕۆژانی 21 تاوەکو 28ی ئەم مانگە لە کۆمەڵگەی سینەمایی پەردیسی "چارسوو" لە شاری تاران بەڕێوەدەچێت.

## تورکیا.. هەناردەکارە گەورەکەی درامای تەلەڤزیۆنی

# نیو ملیار کەس سەیری دراما تورکییەکان دەکەن




**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

خەریکە درامای تورکی دەبێتە ئیمپراتۆرییەکی مەزن و پەل بۆ هەموو لایەک دەهاوێت. جگە لە چواردەوری خۆی، کیشوەری ئەورووپای بڕیوە و گەیشتووەتە ئەمریکای لاتین. سەرەڕای ئەو تێبینیانەی لەسەر ناوەڕۆکی دراماکان هەن، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ بینەریان زیاتر دەبێ.

ماوەی چەند ساڵێکە دراما تورکییەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە وڵاتانی ئەمریکای لاتینیش بڵاوبوونەتەوە. دراما تورکییەکان ساڵانە داهاتێکی زۆریان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێی دراماوە کولتوور و فەرهەنگی خۆی بڵاودەکاتەوە و گەشتیارێکی زۆریش بۆ تورکیا ڕادەکێشێ.

### لە سفرەوە بۆ لووتکە

تورکیا بووەتە دووەم گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی لە جیهاندا. بەپێی ئامارێکی گۆڤاری فۆربس کە بۆ پڕداهاتترین درامای تورکی کراوە، تەنیا لە ساڵی 2015دا زیاتر لە 25 دراما بەرهەمهاتوون کە نزیکەی 140 ملیۆن دۆلار داهاتیان هەبووە، لە کاتێکدا ساڵی 1990 هیچ درامایەک لە تورکیا بەرهەم نەهاتووە. پشتگیریی حکومەت لە بەرهەمهێنەرانی دراما، ئەم کەرتەی بووژاندەوە و تورکیا لەم ڕێیەوە توانی کێبڕکێی هۆلیوود و وڵاتانی ئەورووپا بکات، تەنانەت میسر کە بە وڵاتی دراما ناسراوە، ئێستا کەناڵەکانیان درامای تورکی پەخش دەکەن.

بەپێی ئامارەکان 500 ملیۆن کەس لە 100 وڵاتی سەرانسەری جیهانەوە سەیری دراما تورکییەکان دەکەن.

### درامای کوردی بەرەو کوێ؟

بە سەیرکردنی کەناڵە تەلەڤزیۆنیە کوردییەکان بۆت دەردەکەوێ کە کوردستان هەژارترین هەرێمە لە بەرهەمهێنانی درامادا. کەم کەناڵی لۆکاڵی هەیە لە کوردستان شەوانە 1-2 درامای تورکی پەخش نەکات.

دەرهێنەر ناسر حەسەن کە سەردەمانێک بە دراما کوردییەکانی هەمووانی لەبەردەم شاشەی تیڤی کۆدەکردەوە، ئێستا پێیوایە درامای کوردی لە خراپترین دۆخدایە.

ناسر حەسەن بە (ڕووداو)ی گوت "درامای تورکی بە تەنیا کاریگەری لەسەر کورد دانەناوە، بگرە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپاش باڵادەستیی خۆی نیشانداوە".

ناسر حەسەن، هۆکارەکانی پشت سەرکەوتنی درامای تورکی باس دەکات و دەڵێت "درامای تورکی کاری لەسەر هەندێ بابەتی هەستیار کردووە کە ئێمە لەبەر کولتوور نەمانکردووە. کارەکانیان بەکواڵیتی و ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند پیشانی بینەری خۆیان دەدەن، هەمیشە جوانییەکانی وڵاتی خۆیان وەک سروشت و دابونەریت و چۆنیەتی ژیان نیشاندەدەن". بەبڕوای ناسر حەسەن، ئەو دیمەنانە ڕۆڵیان هەبووە لە ڕاکێشانی گەشتیارێکی زۆر بۆ تورکیا.

ناسر حەسەن زوو زوو سەردانی میسر دەکات و پەیوەندیشی لەگەڵ هونەرمەندانی ئەوێ خۆشە. سەبارەت بە پەخشکردنی درامای تورکی لە کەناڵەکانی میسر، دەڵێت "ئەوانیش چەند سانسۆرێکیان لەسەرە، سانسۆری حکومەتە، کۆمەڵگایە، ئیسلامی سیاسییە، ناتوانن وەک تورکەکان کار لەسەر هەموو بابەتەکان بکەن".

تورکیا لە ساڵانی نەوەدەکان ستراتیژیەتی خۆی بۆ دراما و هونەر گۆڕی، بەمەش توانی زۆرترین بینەر لە نێوخۆ و دەرەوی تورکیا بەدیار دراما تورکییەکان بهێڵێتەوە.

کارۆخ ئیبراهیم کە شانۆکارێکی چالاکی کوردە، دەڵێت "تورکیا بە پلەی یەکەم پشتی بە کەرتی تایبەت بەست، هەروەها کاری لەسەر ئەو ئەستێرانە کرد کە لە تورکیا زۆر ناودار بوون، پاشان ئەو بابەتانەی ئەوان هەڵیانبژارد بابەتی هەستیار و گرنگی نێو کۆمەڵگا بوون، بۆیە درامای تورکی وا بە زوویی جێی خۆی کردەوە".

کارۆخ ئیبراهیم پێیوایە دەکرێ درامای کوردییش کار لەسەر ئەو ڕێگە و ڕێچکانەی تورکیا بکات "دەیان هونەرمەندی گۆرانیبێژ و خاوەن جەماوەرمان هەیە، دەکرێت بەشداری لە دراما بکەن، کۆمپانیا و خەڵکانی دەوڵەمەندیش بەشداریی بکەن".

کارۆخ هێشتا باوەڕی بەوە هەیە کە کوردستان لە زۆر ڕووەوە دەتوانێت پێگەی خۆی لە درامادا بەهێز بکات، بۆیە دەڵێت "بابەتی زۆر گرنگ و داستانی زۆر باشمان هەیە کاریان لەسەر بکرێت و ببنە جێی بایەخی خەڵکی، لەگەڵ ئەوەشدا ژینگە و سروشتی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ وێنەگرتن و بەرهەمهێنانی دراما، بەڵام دواجار دەبێت لایەنێکی خەمخۆر هەبێت بۆ سەرپەرشتیکردن و پلاندانان و بەرجەستەکردنی ئەو کارانە".

خاوەنی کەناڵێکی لۆکاڵیی کوردی دەڵێت ئەوان لەبەر نەبوونی درامای کوردی پەنا بۆ پەخشکردنی درامای بیانی دەبەن.

بەهجەت نەجات، خاوەنی کەناڵێکی لۆکاڵییە بەناوی بێست، بەشێکی زۆری کاتەکانی کەناڵەکەی بە درامای تورکی پڕدەکاتەوە، بەهجەت دەڵێت "لە کوردستان هەر تەنیا دراما دۆبلاژ ناکرێت، بگرە دەیان بەرنامەو فیلم و کاری هونەریی وڵاتانی دیکەش دۆبلاژ و بڵاودەکرێنەوە، ئێستا تەلەڤزیۆنە کوردییەکان وەکو پلەیەرێکیان لێهاتووە".

بەهجەت پێیوایە هێشتا خەڵکی کوردستان حەزیان لە درامای کوردییە، ئەو دەڵێت "هەست دەکەین هێشتا خەڵکی کوردستان تامەزرۆی درامای کوردین. ئەگەر درامای باشی کوردی هەبێت بێگومان بینەری باشیشی دەبێت".

> **ئەو ئامانجانەی تورکیا لەڕێی دراماوە پێکاونی:**
> - کولتووری تورکیای بە جیهاندا بڵاوکردووەتەوە
> - 100 هەزار کەس کاریان دەستکەوتووە
> - بازاڕێکی باشی بۆ کەلوپەلی نێوماڵی تورکی دۆزیوەتەوە.
> - ڕەواجی بە جلوبەرگی تورکی داوە
> - ناساندنی شوێنەوارەکان و ڕاکێشانی گەشتیارێکی زۆر بۆ تورکیا

## ئاکام و لیان دەقیژێنن




**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هەردوو گۆرانیبێژی گەنجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاکام و لیان ڤیدیۆکلیپێک بەناوی "قیژە" تۆمار دەکەن و بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی ڕووداوەوە بڵاوی دەکەنەوە.
ئاکام جەمیانی، ڕاپەری گەنج کە لەشاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێیە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو بەرهەمە باس لەو کەسانە دەکات کە لە ژیانیاندا تووشی بێهیوایی بوون و ڕەشێتی بەسەر ژیانیاندا زاڵ بووە، بۆیە گۆرانیی "قیژە" ڕێگای ڕزگاربوون لە بێهیوایی بە مرۆڤە بێهیواکان نیشان دەدات".
ڤیدیۆکلیپی "قیژە" لە بەرهەمهێنانی ئارمین حەبیبی و دەرهێنانی ئاکام جەمیانییە، لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێنەی گیراوە و بەشێوەی ڕاپ تۆمارکراوە.

## شاجوان لقێک لە کوردستان دەکاتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

ئەحلام حەجی، شاجوانی پێشووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا، ئێستا بەسەردانێک هاتووەتە هەرێمی کوردستان و دەیەوێت هاوکاریی منداڵانی ئاوارە بکات.
ئەحلام حەجی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "چەند ڕۆژێک پێش ئێستا لە ئوردن بووین، لە درێژەی چالاکییەکی خێرخوازیی دەزگای ئەحلام بۆ منداڵان، چەندین جۆرە هاوکاریمان لەوێ پێشکەشی منداڵانی ئاوارەی سووریا کرد، بڕیارە لە هەرێمی کوردستانیش هاوکاریی ئەم ڕێکخراوە بگەیێنینە چەند کەمپێکی ئاوارەکان".
ڕێکخراوی ئەحلام بۆ منداڵان لە چەندین وڵات لقی هەیە و شاجوان دەیەوێت لقێکی ئەم ڕێکخراوە لە هەرێمی کوردستانیش بکاتەوە، لەوبارەوە گوتی "دەمێکە ئامادەکاری بۆ ئەوە دەکەم کە لقێکی ڕێکخراوەکەم لە کوردستان بکەمەوە، ئێستا ئامادەکاری دەکەین بۆ کردنەوەی لقێک لە هەولێر، بۆ ئەوەی بەبەردەوامی هاوکاریی بگەیێننە ئاوارەکان".

## ژیانی هاوژینی بارزانی دەکرێتە کتێب



**ڕووداو- هەولێر**

خانمە نووسەری کورد ڕۆژبین ئۆزکان دەڵێت بەنیازە کتێبێک لەسەر ژیانی حەمایل خان، هاوژینی مەلا مستەفا بارزانی بنووسێت.
ڕۆژبین کە خەڵکی باکووری کوردستانە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ژیاننامەی مەلا مستەفا بارزانی خوێندووەتەوە و زۆر کاری تێکردووە، بۆیە بەنیازە پەرتووکێک لەبارەی ژیانی کۆچکردوو حەمایل خان، هاوژینی بارزانی بنووسێت و بڵاوی بکاتەوە.
ڕۆژبین گوتی "مەلا مستەفا بارزانی سیمبولی تێکۆشانی باشووری کوردستانە، زۆر لەبارەی نووسراوە، بەڵام هیچ شتێک لەبارەی حەمایل خانی هاوژینی مەلا مستەفا نەنووسراوە، بۆیە دەمەوێ وەکو نووسەرێکی کورد پەرتووکێک لەسەر ژیانی ئەو بنووسم".
حەمایل خانی هاوژینی مەلا مستەفا بارزانی، ڕۆژی 2011/7/27 کۆچی دوایی کرد.

## کوردێک دەگاتە بۆڵیوود



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دانی دارین، دەرهێنەر و ئەکتەری کورد و دانیشتووی بەریتانیا، لە نوێترین فیلمی شارۆخاندا کە فیلمێکی هاوبەشی بۆڵیوود و بەریتانیایە بەشداریی دەکات.
دانی دارین کە ئێستا بەسەردانێک گەڕاوەتەوە کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە ڕۆژی 12ی نیسان لە لەندەن، دەست بە وێنەگرتنی نوێترین فیلمی هاوبەشی بۆڵیوود و بەریتانیا بکەین کە لە پاڵەوانێتی ئەستێرەی ناوداری بۆڵیوود شارۆخانە، منیش وەکو ئەکتەرێک لەم فیلمەدا بەشداریی دەکەم".
دانی لەگەڵ چەندین ئەکتەری ناوداری جیهانیش بەشداریی کردووە، ئەو دەڵێت "ئەوە یەکەمین کاری من نییە لەگەڵ گەورە ئەستێرەکانی جیهان، بەڵکو لەگەڵ چەندین ئەکتەری هۆلیوود بەشداریم لە فیلمدا کردووە، دوایین فیلمیش کە بەشداریم تێیدا کردووە، فیلمێکە باس لە چوار سەربازی ئازای جیهان دەکات و منیش ڕۆڵی پێشمەرگەیەک دەبینم، پێشمەرگەش یەکێکە لەو چوار سەربازە ئازایەی جیهان".

## لەندەن بۆ کوردێک خۆپیشاندان دەکات

ڕووداو- لەندەن

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لە ناوچەی کرۆیدنی باشووری لەندەن ژمارەیەک خۆپیشاندەر دژی هێرشکردنە سەر گەنجێکی کورد خۆپیشاندانیان کرد. ئەو خۆپیشاندانانە کە دروشمەکانی دژە ڕەگەزپەرستی لەخۆگرتبوو، دوای ئەوە هات ڕۆژی 2017/3/31 گرووپێکی 20 کەسی لە کرۆیدن هێرشیان کردبووە سەر گەنجێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە سەختی برینداریان کردبوو. ڕێکار ئەحمەد، تەمەن 17 ساڵ، کە لە بەریتانیا پەنابەرە لە نەخۆشخانە بە فەیسەڵ ساریلدن، پەرلەمانتاری هەدەپەی گوتووە "پێموابوو بەهۆی لێدانەکەوە دەمرم". ئەوەش دوای ئەوە بۆ ئاگاداربوون لە تەندروستی، پەرلەمانتارەکە سەردانی نەخۆشخانەی کردبوو. پۆلیسی لەندەن ڕایگەیاند، بەتۆمەتی هێرشکردنەسەر پەنابەرەکە 11 کەس دەستگیرکراون.




تاراوگە
ڕووداو
ژمارە ( 452 ) - دووشەممە 2017/4/10

### بەیار..مارکەیەکی جیهانیی ئامێری پێڵاوی تەندروستی

# بەرهەمی کۆچبەرێکی کورد لە ئەوروپا ناوبانگ پەیدا دەکات




ڕووداو – ستۆکهۆڵم

لە پشت چیرۆکی بەنێوبانگبوونی "ئامێرەکانی پێڵاوی بەیار" پیاوێکی تەمەن 47 ساڵان هەیە کە کۆچبەرێکی کوردە، ئێستا ئامێرەکانی پێڵاوی بەیار، جێی شانازی پیشەسازیی سوێدە.

کۆمپانیای (Beyar Skomaskiner) واتە ئامێرەکانی پێڵاوی بەیار کە لەنێو بەرهەمە دیارەکانیدا ئامێرەکانی (بەیار 340 و 140 و 240)ی هەیە، لەلایەن کوردێکی دانیشتووی سوێد دامەزراوە و ڕۆژ بەڕۆژ ناوبانگەکەی پتر بە وڵاتانی ئەوروپادا بڵاودەبێتەوە.

بەیار جەرجیس، 47 ساڵ، لە دایکبووی شاری زاخۆیە، لە هەشتاکانەوە چووەتە سوێد، ئێستا خاوەنی یەکێک لە بەناوبانگترین ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی پێڵاوی تەندروستییە بەناوی (Beyar Skomaskiner). واتە ئامێری پێڵاوی بەیار.

بەیار بە ڕۆژنامەی کۆمپسی سوێدی گوتووە: "ناونانی کۆمپانیاکەم بە ناوی خۆم شانازییە بۆ ڕەچەڵەکم و وڵاتەکەم، ئێستا جێگەی شانازی من و سوێدییەکانیشە".

(بەیار) بووەتە زاراوەیەک لە بەرهەمی پیشەسازی پێڵاودا و بەرهەمە چەرمییە تەندروستەکان لە سوێد و زۆر وڵاتی دیکەی ئەوروپی کێبڕکێی زۆر لە مارکە ناسراوەکانی پێڵاو، بەتایبەت پێڵاوی تەندروستی (ئۆرتۆپێد) دەکات.

بەیار کە ساڵانێک چاوەڕێی کردووە تاوەکو حکومەتی سوێد مافی پەنابەریی بداتێ، ئێستا وەک وەبەرهێنەرێک و خاوەن کارێکی بواری پێڵاو ناسراوە. بەهۆی سەرکەوتنیشی لە کارەکەی، لەلایەن شای ئەو وڵاتەوە خەڵات کراوە.

بەیار کە زیاتر لە 35 ساڵە لە سوێد دەژی، هەمیشە خەونی ئەوەی هەیە بەرهەمەکانی بهێنێتەوە کوردستان و ڕۆژێک لە ڕۆژان مارکەی بەیار، وەک مارکەیەکی بەرهەمهاتووی کوردستان بناسرێت.

### کاری دە کرێکار دەکات ..

"مەکینەی پێڵاو، بەرهەمەکانی پێڵاوی تەندروستی کارەکانی منە، لە ڕێگەی ئەو پێڵاوانەی دروستی دەکەم، هەروەها بە مەکینەکانی دروستکردنی پێڵاو، کێبڕکێ لەگەڵ زۆر لە کارەکانی تورکیا و ئیسپانیا دەکەم". ئەمە قسەی بەیارە لەبارەی کارەکانی.

بەیار سەرەتا بە چاککردن و پێشخستنی ئامێرەکان دەستی پێکردووە "کاری چاککردنەوەی ئامێرەکانم دەکرد، تا گەیشتە کۆکردنەوە (تجمیع)، ئێستا ماتۆڕ و پێکهاتە سەرەکییەکانم لەسەر ئامێرە ئەڵمانییەکانیش بەکاردێت".

ئەو پاشخانێکی زانستیی بواری دروستکردنی ئامێرەکانی هەیە "دوو بڕوانامەی ئەوروپیم هەیە، یەک هۆڵەندی و ئەوی دیش ئەڵمانی". هەروەها دەڵێت "مامەڵەم لەگەڵ (یوس ئەمریکا) هەیە کە مارکەیەکی جیهانیی ئەمریکییە".

(بەیار 340) یەکێکە لە ئامێرە ناسراوەکانی کە ئێستا لە کارگەکان بەکاردێت، بەیار لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئەمەیان پێشکەوتووترین ئامێرمە کە کاری دوورینی چەرم دەکات، یەکێکە لە بەرهەمە هاوبەشەکانم لەگەڵ کارگەیەکی ئەڵمانی".

(بەیار 340) لە زۆر لە کارگە ئەوروپییەکاندا بەکاردێت، بەیار دەڵێت "ئەو ئامێرە بەتەواوی پێڵاوێکی پرۆفیشناڵی تەندروستی بەرهەم دەهێنێ. جگە لەوەش زۆر شتی لە مەکینە ئەوروپییەکان زیاتر و پێشکەوتووترە".

ئامێرەکە مەکینەیەکی تەواوە و لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە کە کۆکراوەی ئامێرەکانی (بەیار 240) و (بەیار 140)یشە و پێڵاوی تەندروستیی پێ دروست دەکرێ.

لایەنە پێشکەوتووەکانی ئەم ئامێرە بەپێی گوتەی شارەزایەکی بواری پێڵاوی تەندروستی، بریتییە لە ئاسانکردنی کارەکان.

مارگۆت ئۆلانسۆن شارەزای کارەکانی ئەم کوردەیە و دەڵێت: "جگە لە پێشکەوتوویی لایەنی پیشەسازی، هاوکات مەرجە تەندروستییەکانیش جێبەجێ دەکات کە ئەمە مانای پێشکەوتووی کارەکەیە".

ئۆلانسۆن هاوکات پزیشکی بواری چارەسەری سروشتیی ئێسکە، پێڵاوی تەندروستیی زۆرباش بۆ نەخۆشەکانی بەکاردێنێ، ئەو دەڵێت "ئەو ئامێرە ئەو پێڵاوانە بەرهەم دەهێنێ کە لەڕووی سوودی تەندروستییەوە یەکەمن".

بەیار خۆی لەبارەی تازەترین بەرهەمەکەی دەڵێت "ئەم مەکینەیە زۆر کار ئاسان دەکات، لە ماوەی دوو خولەکدا پێڵاوەکە دەدوورێ و پۆلیشیشی دەکات. ئەو کارە لە کارگەیەکی ئاساییدا 10 کرێکار کاری تێدا دەکات، واتە ئامێرەکە لە ماوەی دوو خولەکدا کاری 10 کرێکار دەکات".

ئەو بە ڕاوێژی پزیشکە پێشکەوتووەکان ئەو کارە دەکات و لەسەر ئەو بنەمایە قاڵبەکانی بەرهەم هێناوە. بەیار لەبارەی بەرهەمی ناوکەف و بنی پێڵاوەکانی کە لەسەر بنەمای کاتی وەستان و پێکهاتەکانی جەستەی مرۆڤە، دەڵێت: "ئەم بەرهەمە بۆ پێشمەرگە و سەرباز زۆرباش و گرنگە".

جۆرێکی دیکە لە بەرهەمەکانی بریتییە لە نەعلی ژنان بۆ ئەوانەی زۆر کاری ناوماڵ دەکەن. بەیار بۆ ئەوە دیراسەی جەستەی ژنی کردووە بە لەبەرچاوگرتنی جۆری ئەو کارەی دەیکات "جۆرێکی نەعلمان دروستکردووە کە بە بەکارهێنانی ئەم نەعلە لەکاتی کار، نە سەر، نە پشت، نە جومگەکان و ئێسک و کڕکڕاگەی لەش تووشی ئازار نابن".

### "دەمەوێ بەرهەمی تایبەت بە پێشمەرگە دروست بکەم و تەواوی کارگەکانی ئەوروپاشم ببەمەوە کوردستان"

### بەیار لە کوردستان

بەیار لە میدیاکاندا وەکو پاڵەوانێک ناسێنراوە و ڕۆژنامەیەکی سوێدی وەکو سوێدییەکی پێشەنگ لە بواری پیشەسازیی پێڵاو ناوی هێناوە. ئاژانسێکی عێراقیش لەبارەی بەیارەوە دەڵێت "بەرهەمی کۆچبەرێکی عێراقی بازاڕەکانی ئەوروپا دەبوژێنێتەوە". بەڵام خەونی بەیار ئەوەیە بەرهەمەکانی بەناوی کوردستانەوە بناسرێ. بەیار گوتی "هەموو کاتێک خەون و خواستی ئەوەم هەیە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئامێر و بەرهەمەکانم لە کوردستانەوە هەناردەی جیهان بکەم، وەک بەرهەمێکی کوردستان". دەشڵێت "بەرنامەی ئەوەم هەیە بەرهەمی تایبەت بە پێشمەرگە دروست بکەم و تەواوی کارگەکانی ئەوروپام ببەمەوە کوردستان".

### 19 هەزار کۆچبەر سوێدیان جێهێشتووە

# سوێد کۆچبەرە دەرکراوەکان ئازاد دەکات

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

"دامنابوو لەگەڵ گەیشتنەوەم بە کوردستان خۆم بکوژم، تا ببمە قوربانی بۆ کۆچبەرانی دیکە، بەڵام نازانم خوا فریامکەوت یان بەڕاستی شانسم هەیە". ئەوە قسەی گەنجێکی کوردە کە لەلایەن دەزگای کۆچی سوێدەوە داوای وەرگرتنی مافی پەنابەری ڕەتکرابووەوە و پۆلیسی ئەو وڵاتەش ئامادەی کردبوو دیپۆرتی بکاتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام وەک خۆی دەڵێت "لەناکاو پێیانگوتم وەرە دەرەوە و ئازادبووی".

دانا سیرینی پێیوایە خودا فریای کەوتووە، بەڵام بێ جێگەیی و نەبوونی فڕۆکەی ڕاستەوخۆ لە ستۆکهۆڵمەوە بۆ هەولێر هۆکاری ئازادبوونیەتی.

دانا نەوزاد سیرینی یەکێک لەو 200 کۆچبەرانە بوو کە دەبوو بگەڕێنرێنەوە و ماوەیەک بەر لە ئێستا لەبەر نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ مانەوە، تاوەکو کاتی دیپۆرتکردنەوەیان، ئازادکران.

سیرینی یەکێک نییە لە کۆچبەرە تازەکان، ئەو نزیکەی 9 ساڵە لە سوێدە، هەندێک لەو کۆچبەرانەی لەگەڵ ئەو هاتوونەتە سوێد، دەمێکە وڵاتینامەشیان وەرگرتووە، بەڵام نەبوونی پەیوەندی و جۆرێک لە هەڵە تێگەیشتنی دامەزراوەی کۆچ و باج، ئەوی کردە قوربانی.

دانا سیرینی دەڵێت "زیاتر لە دوو ساڵە بە فەرمی کار دەکەم و نزیکەی 10 هەزار دۆلار باجم داوە، کەچی بەشێوەیەکی سەیر دەستگیرکرام و مانگێک زیاتر بوو چاوەڕێم دەکرد دیپۆرت بکرێمەوە".

دانا پێشتر دۆسیەکەی ڕەتکراوەتەوە. بەڵام بەر لە ناردنەوەی، مامەڵەی مانەوەی کار (اقامە العمل)ی پێشکەش کردووە. بەپێی کۆنتراکتی کارەکەی نزیکەی دوو ساڵ باجی داوە. بەڵام بەر لە نوێکردنەوەی دوو ساڵی دووەمی مانەوەی، تووشی ئەم کێشەیە هاتووە.

دانا گوتی "پێویستم بە چوار ساڵ مانەوە هەیە بۆ ئەوەی مافی مانەوەی هەمیشەیی وەربگرم. دوو ساڵی یەکەمم بە باشی ڕۆیشتووە، بەڵام (دامەزراوەی کۆچی سوێد کاری بە دۆسیە کۆنەکەم کردووە و ئەو دوو ساڵەی کارم کردووە بۆی حیساب نەکردووم".

دانا بەر لەم دوو ساڵەش بۆ ماوەی 5 ساڵ لە چاوەڕوانی و مانەوەی نایاساییدا لەو وڵاتە ژیاوە. بۆیە بڕیاری گەڕاندنەوەی تووشی حاڵەتێکی دەروونیی خراپی کردبوو.

ڕێکخراوەکانی بواری کۆچبەران، ڕەخنەیان لە سیاسەتی تازەی کۆچی سوێد هەیە کە جۆرێک لە بێ ئاگایی لە نێوان دامەزراوەی کۆچ و دامەزراوەی باج دروست کردووە. ئەنجامەکەشی دەیان کێشەی هاوشێوەی ئەوەی دانا سیرینی بووە.

ئۆلا یۆهانسۆن پارێزەر و چالاکڤانی بواری مافی پەنابەران بە (ڕووداو)ی گوت "حاڵەتی لەو شێوەیە زۆر بووە و تەنیا ئەمساڵ 16 کەیسی لەو شێوەیەمان هەبووە، جگە لە دەیان حاڵەتی هەوڵی خۆکوشتن".

یۆهانسۆن لە ڕێکخراوی مافی هاووڵاتیبوون (تایبەت بە شیاندنی پەنابەر لە نێو کۆمەڵگە) کار دەکات. ئەو باس لە کەیسی کەسێکی دیکە بەناوی شێرکۆ دەکات کە ماوەیەک لەمەوبەر لە نێو میدیاکانی دیکەی سوێدیش باس کرا "ماوەی نۆ مانگ بوو بە فەرمی لە سوێد کاری دەکرد، بەڵام پۆلیس دەستگیری کرد و دیپۆرتی ئیتاڵیای کردەوە، چونکە لەوێ پەنجەمۆری وەرگیرابوو".

بەپێی گوتەی ئەو پارێزەرە، شێرکۆ مافی مانەوەی لە ئیتاڵیا هەبووە. بەپێی ڕێساکانی سوێدیش هەر کەسێک مافی مانەوەی لە وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی هەبێت و کێشەی ئەمنیی نەبووبێت، بۆی هەیە لە سوێد کار بکات.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) بڕیاری ئازادکردنی دانا و ئەو 200 کەسەی دیکە، پەیوەندی بە نەبوونی جێگەی دەستگیرکردن و مانەوەی کۆچبەران تا کاتی دیپۆرتکردنیان هەبووە، هەروەها هۆکارێکی دیکەی ئازادکردنیان پەیوەندی بە نەبوونی هێڵی ڕاستەوخۆی ئاسمانیی نێوان کوردستان و سوێدەوە هەیە.

نەبوونی جێگە بۆ کۆچبەرانی دەستگیرکراو لە کاتێکدایە کە پێشتر داگ بیۆنکا، بەرپرسی پۆلیسی گرتووخانەی دەزگای کۆچ گوتبووی: "100 شوێنی دیکەمان بۆ ڕاگرتنی کۆچبەران زیاد کردووە".

پۆلیسی دەزگای کۆچی سوێد، هەڵمەتێکی چڕی دەستپێکردووە بۆ دەستگیرکردنی ئەو کۆچبەرانەی مافی مانەوەیان لە سوێد ڕەتکراوەتەوە. ئەوەش چالاکڤانانی نیگەران کردووە.

یۆهانسۆن دەڵێت "خەریکە سوێد دەبێتە زیندانێک بۆ کۆچبەران". چونکە بەبڕوای ئەو ژمارەی گرتووخانەکانی دەزگای کۆچ، لە ژمارەی کەمپەکانی مانەوەی کۆچبەر نزیک بووەتەوە.

### سوێد بەجێدەهێڵن

بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی سوێد جێدێڵن، بەلای چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤەوە نیشانەی خراپبوونی ڕەوشی کۆچبەر و لاوازبوونی سیاسەتی کۆچی ئەو وڵاتەیە.

ئۆلا یۆهانسۆن دەڵێت "لە دوای جەنگی جیهانییەوە ئەمە یەکەمجارە کۆچبەران بە ژمارەی زۆر و لەژێر گوشاردا سوێد جێدێڵن".

بەپێی ئامارێک کە دەست (ڕووداو) کەوتووە، لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 19 هەزار کۆچبەر سوێدیان جێهێشتووە. ژمارەیەکی زۆریان گەڕاونەتەوە وڵاتی خۆیان، ئەوانی دیکەش ڕوویان لە وڵاتانی دیکە کردووە.

مۆرگان یۆهانسۆن، وەزیری کۆچی سوێد لە ڕاگەیێندراوێکدا ئەو زانیاریانە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "3000 کۆچبەر گەڕاونەتەوە عێراق و 800 کۆچبەریش بۆ ئەفغانستان".

### کۆچبەران سوێدیان بوژاندووەتەوە

خراپبوونی ڕەوشی کۆچبەرانی تازە و ئەو پەنابەرانەی کەیسەکانیان وەک پێویست تەواو نەبووە، لە کاتێکدایە کە بەشێک لە دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوە دەڵێن کۆچبەران و پەنابەران ڕۆڵیان لە بوژانەوەی ئابووریی سوێددا هەبووە.

دامەزراوەی ئاماری نیشتمانی (SBC) بڵاوی کردووەتەوە کە تەنیا لەماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا 244 هەزار هەلی کار لەلایەن بیانییەکان، واتە ئەوانەی مافی مانەوەیان هەیە و بەرەچەڵەک سوێدی نین، تۆمار کراوە.

ئەو 244 هەزار کەسە دەبێت باج بدەنە حکومەت کە ساڵانە بە سەتان ملیۆن کرۆن دەکات. بە گوتەی ئابووریناسان ئەوە ژمارەیەکی گەورەیە و کاریگەری بەرچاوی لەسەر بوژانەوەی ئابووریی وڵات هەبووە.



## هەفتەبازاڕێکی ژنان لە هەڵەبجە دەکرێتەوە

**رووداو- هەڵەبجە**

دەستەی خانمانی هەڵەبجە، بڕیاریانداوە هەموو رۆژانێکی چوارشەممە لە باخی گشتی شارەکەیان لەبەردەم پەیکەرەکەی عومەری خاوەر، هەفتە بازاڕێک بۆ کچان و ئافرەتانی شارەکەیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی دارایی بۆ ئەو خانمانەی، کە لە ماڵەکانی خۆیان خەریکی کاری چنین و ئامادەکردنی خۆراک و هەندێک پێداویستی دیکەن. شۆخان جەمال، دەسترەنگین بە (رووداو)ی راگەیاند "دوکاندارەکان بە نرخێکی کەم کارە دەستییەکانیان لێدەکڕین و بە گران دەیانفرۆشنەوە، ئێمە بە نرخێکی کەمتر دەیفرۆشینەوە بە خەڵک". شوێنەکە بێ بەرامبەر دراوەتە فرۆشیارەکان و هەوڵدەدەن بابەتەکانیان بە کەمترین نرخ بفرۆشن.



ژنان
رووداو
ژمارە ( 452 ) - دووشەممە 2017/4/10

## بازاڕی نەشتەرگەریی جوانکاری گەرمە

# دوای نەشتەرگەریی لووت، فیلەر و بۆتۆکس زۆرترین داواکارییان لەسەرە



دیمەن بورهان
رووداو- هەولێر

تارا، بۆتۆکسێکی کرد بە 75 هەزار دینار، بەڵام خەریکبوو بۆتۆکسەکە ژیانی وێران بکات، خێرا فریاکەوت و ئەڵقەی دەستی خۆی فرۆشت تەنیا بۆ ئەوەی وەکو جارانی لێ بێتەوە. بەڵام شەنگ ئاسۆ تەنیا بە نەشتەرگەریی لووت رازی نییە و بەنیازە پێش ئەوەی شوو بکات، نەشتەرگەری بۆ روومەت و سینگیشی بکات، چونکە پێیوایە "نەشتەرگەری هۆکارێکە بۆ نەمانی خەمۆکی لەلای ئەو ئافرەتانەی کە ناڕێکییەک لە جەستە و روخسارياندا هەیە".

### نەشتەرگەریی جوانکاری چییە؟

نەشتەرگەریی جوانکاری بریتییە لە گەڕانەوەی بەشێکی شێواوی لەش بۆ بارە ئاساییەکەی خۆی، بەڵام چەند ساڵێکە ئەم نەشتەرگەرییە لە پێناسی خۆی لایداوە، چونکە جوانکاری تەنیا بۆ ئەو کەسانە ناکرێت کە بەهۆی رووداوێک یان بە زگماک شێواون، بەڵکو مرۆڤەکان بەگشتی و خانمان بەتایبەتی لە کێبڕکێی نزیکبوونەوە لە شێوەی ئەکتەر و هونەرمەندەکاندان.

دکتۆر شاخەوان سائیب کە ماستەری لە نەشتەرگەریی جوانکاری و سووتاویدا هەیە، باسی نەشتەرگەریی جوانکاری دەکات و دەڵێت "نەشتەرگەریی جوانکاری لەڕووی زانستییەوە دوو جۆرە: جوانکاری و چاککاری، جوانکاری ئەوەیە کەسەکە هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام حەزی خۆیەتی و بە خواستی خۆی دەیکات، وەک گەورەکردنی لێو و سنگ و بەرزکردنی روومەت و زۆر شتی دیکە، بەڵام چاککاری گەڕاندنەوەی بەشێکی شێواوی لەشە بۆ بارە ئاساییەکەی بەڕێگەی نەشتەرگەریی جوانکاری، هەر بۆیە هێڵێک نییە لەنێوان چاککاری و جوانکاری، ئەگەر چاککاری بکەیت دەبێت جوانکاریشی بۆ بکەیت".

### جوانکاریی لووت یەکەمە

بە گوتەی ئەو پزیشکە و پزیشکەکانی دیکەی جوانکاری، ئێستا لەنێو ئافرەتانی کورددا زۆرترین خواست لەسەر نەشتەرگەری جوانکاریی لووتە.

دکتۆر شاخەوان کە لە سلێمانی نیشتەجێیە، بە زمانی ژمارە قسە دەکات و دەڵێت "ئەگەر لە مانگێکدا 30 نەشتەرگەریم هەبێ، 20 نەشتەرگەری بۆ جوانکاریی لووتە کە ئێستا خواستێکی زۆری لەسەرە، بەتایبەت ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 18 بۆ 25 ساڵانە".

دوای نەشتەرگەری جوانکاریی لووت، بە گوتەی ئەو پزیشکە، زۆرترین خواستی خانمان لەسەر نەشتەرگەریی پێڵوی چاوە، ئەویش بەهۆی زۆربوونی چرچیی پشت چاو، یان چرچیی ژێر چاو و خزانی هەندێک چەوریی ژێر چاو کە هەڵئاوسان دروست دەکات.

دکتۆر شاخەوان دەڵێت "تێچووی ئەو نەشتەرگەرییە 500 بۆ 800 دۆلارە، زۆربەی ئەوانەی کە ئەو نەشتەرگەرییە دەکەن تەمەنیان لەسەرووی 35 ساڵییەوەیە".

### ستایلی نانسی و هەیفا

ساڵ لە دوای ساڵ خواست لەسەر نەشتەرگەریی جوانکاری زۆرتر دەبێ، زۆر لە خانمان لە نەشتەرگەریدا لاسایی ئەستێرەکانی شاشە و گۆرانیبێژە ناودارەکان دەکەنەوە. خانمان لە رێگەی فیلەر و بۆتۆکسەوە حەز دەکەن شێوەیان لە ئەستێرەکان نزیک بکەنەوە.

دکتۆر شاخەوان سەبارەت بە فیلەر و بۆتۆکس دەڵێت "هەندێک لە خانمان داوای شێوەی هونەرمەندانی بیانی دەکەن بەتایبەت حەزدەکەن لێو و لوتیان وەک ناسی عەجرەم و هەیفا وەهبی لێ بکەن، ئێمە خۆشمان چەند وێنەیەکیان دەخەینە پێش و پێیاندەڵێین کام جۆرە جوانکارییەت دەوێت و ئامۆژگارییان دەکەین ئەو شێوازە هەڵبژێرن کە لەگەڵ سروشت و روخساریان دەگونجێت".

ئەو پزیشکەی جوانکاری باسی فیلەر دەکات کە ئێستا لەنێو خانماندا زۆر باوە، دەڵێت "بەگشتی فیلەر جۆری زۆرە، بەڵام دیارترینیان کە بەکاردێت Hyaluronic Acid ـە کە ماددەیەکی جێڵییە. ئەو ماددەیە بەڕێژەیەک لەژێر پێستدا هەیە، بەڵام خواستی کەسەکە وایە زیاتر بێت، بۆ نموونە تا لێوی ئەستوورتر دەربکەوێت یان روومەتەکانی پڕ و بەرز بن".

بە گوتەی ئەو پزیشکە، زۆربەی ئەو فیلەرەی لە کوردستان دەکرێ، بۆ ماوەی ساڵێک دەمێنێتەوە، نرخەکەشی لە 120 دۆلار تا 250 دۆلارە، بەڵام لە ئەورووپا لە 250 تا 450 دۆلارە.

**پزیشکێک: لە 30 نەشتەرگەریی جوانکاری 20 یان بۆ لووتە**

**خەڵک هەبووە بەهۆی فیلەرەوە کوێر بووە یان لێوی خوار بووە**

**ئافرەتێک: بۆتۆکسیان بۆ کردم، بەڵام دوای رۆژێک دەمم خوار بوو**

### فیلەری چینی بە نرخی کەنەدی

فیلەری ئەو کۆمپانیا ئەورووپیانە بەهۆی ئەوەی نرخەکەی زۆرە، خواست لەسەری کەمە، بەڵام ئەو پزیشکە دەڵێت "دەرزیی فیلەر هەیە ئاڵای کەنەدای لەسەرە و نووسراوە لە کەنەدا بەرهەمهێنراوە، بەڵام راستییەکەی لە چین دروستکراوە و ئەو کۆمپانیا بازرگانیانەی ناسراو نین دەیهێنن کە نرخەکەی کەمتر لە 10 دۆلارە و ئەمانە زۆر زیان بە تەندروستی دەگەیەنن، بۆیە بڕواناکەم هیچ پزیشکێک بەکاری بهێنێت، چونکە کەس نایەوێت ناوبانگی خراپ دەربکات".

ئەو پزیشکە هۆشداری دەدات لە ئەنجامدانی فیلەر و بۆتۆکس لە هەندێک شوێنی وەکو ئارایشگا و ماڵەکان. دکتۆر شاخەوان دەڵێت "هەندێک شوێن دەرزیی چینی بەکاردێنن وەکو ماڵ و هەندێک ئارایشگا کە بەبێ شارەزایی و تەنیا لەڕێگەی خولێکەوە ئەو کارە دەکەن".

ئەو پزیشکە نموونە بە چەند کەسێک دێنێتەوە کە لەو شوێنانە سەقەت کراون و دەڵێت "هەبووە بۆ چارەسەر هاتووەتە لامان کە بەهۆی فیلەرەوە پێڵووی چاوەکانی داخراوە و کوێر بووە یان دەرزی لە دەماری دراوە و تووشی خواربوون بووە، بۆیە بەکارهێنانی دەرزیی فیلەر بەبێ رێنمایی پزیشکی شارەزا، زیانی زۆری بەدوادادێت".

### هیچ نەشتەرگەرییەک بێ زیان نییە

جگە لە فیلەر، بۆتۆکسیش یەکێکە لەو نەشتەرگەریانەی لە کوردستان خواستی لەسەرە. دکتۆر شاخەوان بەو جۆرە پێناسەی بۆتۆکس دەکات و دەڵێت "بۆتۆکس بریتییە لە خاوکردنەوە و سستکردنی ماسولکە، بۆ ئەوەی چرچی لە روخساردا نەهێڵێ، چونکە بە بۆتۆکسکردن ماسولکەکان لە جوڵە دەکەون یاخود جوڵەیان کەم دەبێت، ئەمەش چرچیی ناهێڵێ، ماوەی شەش مانگیش دەمێنێ".

ئەو پزیشکە باسی زیانەکانی بۆتۆکس و فیلەر دەکات و دەڵێت "هیچ نەشتەرگەرییەکی جوانکاری سەت لە سەت بێ زیان نییە، بەڵام کواڵیتی ماددەکان و شارەزایی پزیشک، زیانەکان کەمدەکەنەوە".

مانگی رابردوو هەفتەنامەی (رووداو) کەیسی دوو ژنی بڵاوکردەوە کە دوای نەشتەرگەریی جوانکاری بۆ ورگیان، گیانیان لەدەستدابوو.

### نەشتەرگەری بۆ کۆئەندامی زاوزێیان دەکەن

دکتۆر شاخەوان لەبارەی سەیرترین خواستی نەشتەرگەری کە هاتبێتە لای دەڵێت "کچێک هات داوای کرد ئەو دوو هێڵەی وەک ژمارە حەوتە لەنێوان لوت و دەم بۆی ساف بکەم و نەمێنێت، بەڵام من نەمکرد، چونکە بەبڕوای من جوانکاری بۆ جوانترکردنی مرۆڤە نەک شێواندنی".

ئەو پزیشکە نەیشاردەوە کە ئافرەت هەیە بۆ جوانکاریی کۆئەندامی مێینە سەردانی دەکات "ئافرەتان بۆ نەشتەرگەریی جوانکاری لە کۆئەندامی زاوزێ زۆر دێنە لام، بە هاوکاریی پزیشکی ژنان نەشتەرگەرییەکەیان بۆ دەکەین".

### خووی پێوە گرتووە

فیلەر بۆ لێو، لەلای دالیا وەکو خوویەکی لێهاتووە و ناتوانێ دەستبەرداری بێ. دالیا ناوی خوازراوی کچێکی تەمەن 37 ساڵانە، ئەو مامۆستایە لە قوتابخانەیەکی شاری هەولێر، لە سەنتەرێکی جوانکاریدا فیلەری بۆ لێوی کردووە.

دالیا بە (رووداو)ی گوت "هەمیشە دەمویست پڕ بە دڵ پێبکەنم، بەڵام لێوم بەڕادەیەک باریک و تەنک بوو، نەمدەتوانی پێبکەنم و هەموو ددانم دەردەکەوتن، بۆیە بڕیاری فیلەرم دا، هەر 8 مانگ جارێک دەرزییەکی 2 سیسی لە لێوم دەدەم کە نرخەکەی 300 دۆلارە". دەشڵێت "ئەمە چوارەم جارمە بیکەم، هەرچەند پزیشکەکەم پێم دەڵێت ساڵی یەک جار بیکە، بەڵام لەدوای هەشت مانگ لێوم بەرەبەرە تەنک دەبێتەوە، وەک چۆن باڵۆنێک هەوای کەم دەبێت بەرەو سیس بوون دەچێت و چرچ دەبێت، بۆیە خۆم راناگرم و نامەوێت جارێکی دیکە لێوم بەو شێوەیە ببینمەوە".

دالیا نایشارێتەوە کە هاوژینەکەی بەو جوانکارییەی لێوی نارازییە، بەڵام دەڵێت "بە مافێکی خۆمی دەزانم. دەبێ وا بیربکەینەوە کە پێویستە خۆشەویستەکانمان بە جوانترین شێوە ببینین".

### "لە خەمۆکی رزگاری کردم"

هەندێک لەو خانمانەی نەشتەرگەریی جوانکارییان کردووە، پێیانوایە بەهۆی ئەو نەشتەرگەرییەوە لەڕووی دەروونییەوە ئاسوودەترن.

شەنگ ئاسۆ، 20 ساڵ، قوتابی زانکۆیە و پێیوایە جوانکاری بەهێزترین فاکتەرە بۆ دەرچوون لە خەمۆکی و گرێی خۆبەکەمزانین. شەنگە ئێستا لوتێکی مامناوەندیی رێکی هەیە، بەڵام پێشتر وانەبوو، ئەو باس لە لووتی دەکات کە زۆر ناڕێک و گەورە بووە و هاوڕێکانی توانجیان لێداوە. بۆیە پاش ئەوەی ئامادەیی تەواو دەکات، بڕیاری نەشتەرگەری بۆ لووتی دەدات و ئێستا زۆر خۆی بە ئاسوودە دەزانێت "دڵنیام نەشتەرگەریی جوانکاری لە هەر شوێنێکی جەستە بێت بەهێزترین فاکتەرە بۆ دەرچوون لە خەمۆکی و خۆبەکەمزانین. من پێم عەیب بوو بچمە شوێنە گشتییەکان، لووتم روخسارمی تێکدابوو، بەڵام دوای نەشتەرگەرییەکە ئێستا زۆر ئاسوودەم".

شەنگ بەنیازە نەشتەرگەری بۆ شوێنی دیکەشی بکات "پێش ئەوەی شوو بکەم، نەشتەرگەری گەورەکردنی لێو و سنگیش دەکەم، دواتر ستایلی هەیفا وەهبی خواستی منالیمە و لەگەڵ یەکەم مووچەی دامەزراندنم لێوم وەک هەیفا لێدەکەم".

بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو خانمانەی نەشتەرگەرییان کردووە، لێی رازی بن. خانمانێک هەن دەڵێن جارێکی دیکە نەشتەرگەریی جوانکاری ناکەن.

تارا ناوی خوازراوی کچێکی تەمەن 33 ساڵە و ژنی ماڵەوەیە، تۆبەی لە نەشتەرگەریی جوانکاری کردووە و دەڵێت ببێت بە هەزار دیناریش جارێکی کە بەلایدا ناچێ، چونکە لە ئارایشگای (س) لە هەولێر لەلایەن خانمێکەوە بۆتۆکسی بۆ چرچیی نێوان لێو و روومەتی کردووە، بەڵام دەمی خوار بووە.

تارا دەڵێت "لۆچ هەبوو لە نێوان لێو و روومەتمدا، بەڵام لەلام ئاسایی بوو، رۆژێک چووم قژم رەنگ بکەم، خاوەن ئاریشگاکە پێیگوتم جوانکاریت بۆ بکەم؟ بەبۆنەی نەورۆز داشکاندنی زۆرمان کردووە. بە 75 هەزار بۆتۆکسی بۆ کردم، بەڵام دوای رۆژێک دەمم خوار بوو، ناچار ئەڵقەکەم فرۆشت و چووم بۆ لای پزیشک تا چارەسەرم بۆ کرا".

**کوڕانیش داوای لێوئەستوورکردن و بەرزکردنەوەی روومەت دەکەن**

**کوڕ هەیە داوا دەکات روخساری وەکو کچ لێبکەن**

**کچان داوا دەکەن چاوی وەکو کۆرییەکان بچووک بکرێتەوە**

### داوای چاوی کۆریی دەکەن

دکتۆر ئالان فەرهاد، پزیشکی جوانکاری لە هەولێر، کە ماستەری لەو بوارەدا هەیە، دەڵێت "خواست لەسەر نەشتەرگەریی جوانکاری زۆرە و رۆژانە روو لەزیادبوونە، بەڵام قەیرانی دارایی کاریگەریی خۆی هەبووە".

سەبارەت بە جۆری ئەو نەشتەرگەریانەی کە رەواجیان هەیە، دکتۆر ئالان دەڵێت "جگە لە بەرزکردنی روومەت و فیلەر، کچان داوای گەورەکردن و راکێشانی چاویان دەکەن کە خواستەکان زۆر رووی لە زیادبوون کردووە، بەڵام چەندین کچیش دێن و داوای بچووککردنەوەی چاویان دەکەن، داوا دەکەن وەک کۆرییەکانیان لێ بکەین".

دکتۆر ئالان نزیکەی 9 ساڵە لە بواری جوانکاری کاردەکات و چەندین نەشتەرگەری کردووە، لەوانەش بچووککردنەوەی ورگ کە خواستی زۆری لەسەرە، ئەو بە نەشتەرگەرییەکی پڕ وردەکاری ناوی دەبات و دەڵێت "پێویستە نەخۆش بزانێت ئەو کەسەی نەشتەرگەریی لابردنی چەوریی بۆ دەکات تا چەند شارەزایە و سەرکەوتووە".

دکتۆر ئالان سەبارەت بە خواست لەسەر جۆرەکانی نەشتەرگەری باسی سێ ئاستی تەمەن دەکات، ئەو کچانەی تەمەنیان لە 18 بۆ 20 ساڵیدایە، زۆرتر جوانکاری بۆ لووتیان دەکەن، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان 20 — 25 ساڵانە زیاتر خواستیان لەسەر ئەستوورکردنی لێو و روومەتە. هەروەها قۆناغی 35 بۆ سەرەوە نەشتەرگەری لابردنی چرچی و چەوری دەکەن.

ئەو پزیشکە پێیوایە زۆریی خواست لەسەر فیلەر و بۆتۆکس بەهۆی ئەوەیە موزاعەفاتی نەشتەرگەری نییە و تێچووی کەمترە، بەڵام کاتی مانەوەی لە ساڵێک زیاتر نییە، لەکاتێکدا جوانکاری بە نەشتەرگەری کە بەنج دەکرێت، جۆری هەیە و لە 5 بۆ 10 ساڵ توانای مانەوەی هەیە"

### کوڕانیش داوای بۆتۆکس و فیلەر دەکەن

هەر بە تەنیا خانمان نین، روو لە سەنتەرەکانی جوانکاری دەکەن، بەڵکو کوڕانیش داوای نەشتەرگەریی سەیر دەکەن.

دکتۆر شاخەوان سائیب دەڵێت "زۆر ئافرەت دێنە لام بۆ نەشتەرگەری جوانکاریی کۆئەندامی زاوزێ، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا یەک پیاو داوای ئەو جۆرە نەشتەرگەرییەی کردووە. بەهۆی شەرمەوە پیاوان دوورن لەو جوانکارییە لە کوردستان، رەنگە زۆرتر لە دەرەوە بیکەن، چونکە لەوێ ناناسرێنەوە".

ئەو پزیشکە باسی ئەو نەشتەرگەریانە دەکات کە کوڕان داوای دەکەن "کوڕ هەیە دێتە لامان داوای لێو ئەستوورکردن و روومەت بەرزکردن دەکات یان داوا دەکات روخساری وەک کچ بێت".



## بەساڵاچوویەک خۆی هەڵدەواسێ

**ڕووداو- سلێمانی**

کاژێر 08:00ی شەوی 2017/4/8، تەرمی پیاوێکی بەتەمەن لەماڵەکەی خۆیدا لە شاری سلێمانی بەهەڵواسراوی دۆزرایەوە. گوتەبێژی پۆلیسیش دەڵێت پێدەچێ خۆی کوشتبێت. سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، ئەمشەو تیمەکانی پۆلیس چوونەتە ئەو ماڵە و بینیویانە پیاوێکی تەمەن 70 ساڵ بەناوی (ف. ر) لە ماڵەکەی خۆیدا لەسەر ڕێگەی فرۆکەخانەی سلێمانیی، بەهەڵواسراوی گیانی لەدەستداوە. گوتەبێژی پۆلیس دەڵێت، بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان پێدەچێ خۆی کوشتبێ، ئەو پیاوە بەتەنیا ژیاوە و کەسی لەگەڵ نەبووە.

دیار نییە کوژراوە یان خۆی کوشتووە

# کچێکی 12 ساڵان بە گومانی کوشتنی باوکی دەستگیر دەکرێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەڵادزێ**



موحسین لەنێو ماڵەکەیدا بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی هات، بەڵام چۆنیەتی ڕووداوەکە بە نەزانراوی ماوەتەوە، هێشتا دیار نییە خۆی کوشتووە یان کوژراوە. کەسوکارەکەی چاویان لە پۆلیسە دۆسیەکەی یەکلایی بکاتەوە، پۆلیسیش دوای ڕووداوەکە، کچێکی ئەو پیاوەی دەستگیر کرد.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 2017/4/6 دەنگی تەقەیەک لە ماڵی موحسین عەبدوڵڵا ساڵح بەرزبووەوە، کاتێک دراوسێکانی چوونە ناو ماڵەکە، بینییان موحسین خەڵتانی خوێن بووە، بە پەلە پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادارکرایەوە و موحسین گەیەنرایە نەخۆشخانەی قەڵادزێ. برینەکەی سەخت بوو، چونکە گوللەیەکی دەمانچە بەر سەری کەوتبوو، بۆیە یەکسەر بەڕێکرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام دوای تێپەڕینی نزیکەی 10 کاژێر بەسەر ڕووداوەکەدا، لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

موحسین عەبدوڵڵا ساڵح، تەمەن 58 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی گربداخی شارۆچکەی قەڵادزێ بوو، پێشمەرگە بوو لە فەوجی دووی لیوای 120. موحسین باوکی سێ منداڵ بوو، چوار ساڵ لەمەوبەر لە هاوژینەکەی جیاببووەوە، ئێستا یەکێک لە منداڵەکانی بە تۆمەتی کوشتنەکەی، دەستگیر کراوە.

موحسین بە ڕەچەڵەک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، ساڵانێکی زۆر بوو لە قەڵادزێ دەژیا، هەر لێرەش خێزانی پێکەوە نابوو، کەسوکارەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون بۆ پرسەکەی.

شێرزاد عەبدوڵڵا، برای موحسین باسی ژیانی براکەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "براکەم چەند ساڵێکە لێرە دەژی، ژنی هێنا و سێ منداڵی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ژنەکەی نەگونجان و چوار ساڵ لەمەوبەر لە یەکدی جیابوونەوە".

بە گوتەی شێرزاد، براکەی منداڵەکانی خۆی زۆر خۆشدەویستن، هەر لەبەر ئەوەش دوای جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی، بڕیاری دا ژن نەهێنێتەوە، حەزی نەدەکرد منداڵەکانی بکەونە ژێر دەستی زڕدایک.

شێرزاد دەڵێت موحسینی برای کەسێکی بێ کێشە بووە، بۆیە گومانی بۆ هیچ شتێک ناچێت کە وای لێکردبێ خۆی بکوژێ.

شێرزاد لەگەڵ چەند خزمێکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەڕێدەکەون بۆ قەڵادزێ، ئەوان دەڵێن هیچ لەبارەی هۆکاری ڕووداوەکە نازانن، چونکە لە کاتی ڕووداوەکە جگە لە منداڵەکانی موحسین، کەسی دیکەی لێ نەبووە.

شێرزاد دەڵێت "ئێمە لە کاتی ڕووداوەکە لەوێ نەبووین، نازانین چۆن بووە و هۆکارەکەی چی بووە، ئایا کوژراوە یان خۆی کوشتووە. تەنیا ئەوەندە دەزانین دوای ڕووداوەکە پۆلیس کچە تەمەن 12 ساڵانەی براکەمی دەستگیر کردووە".

یەکێک لە سێ منداڵەکەی موحسین خاوەن پێداویستیی تایبەتە. سەبارەت بە چارەنووسی منداڵەکان دوای نەمانی باوکیان، شێرزاد گوتی "ئێمە ناتوانین منداڵەکان لەگەڵ خۆمان ببەینە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆیە ناچارین منداڵەکان بنێرینەوە لای دایکیان. منداڵە کەمئەندامەکەشی تەسلیمی خانەی نەوجەوانان دەکەین".

کەسوکاری موحسین کەس تۆمەتبار ناکەن، هیچ کاردانەوەیەکیان نابێ هەتا پۆلیس دۆسیەکە بە لایەکدا دەخات و بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە موحسین کوژراوە یان خۆی کوشتووە.

عەبدولباقی خزری، هاوژینی خوشکی موحسین کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوو بۆ بەشداری لە پرسەی موحسین، پشتڕاستی کردەوە کە پۆلیس دوای ڕووداوەکە کچێکی موحسینی دەستگیر کردووە، بەڵام دەڵێت "هێشتا ڕوون نییە بۆ وەرگرتنی ئیفادە لەبارەی چۆنیەتی ڕووداوەکە بردوویانە، یان تۆمەتبارە بە کوشتنی باوکی".

خزری زۆر پەسنی موحسینی دا و گوتی "کەسێکی بێ کێشە بوو، منداڵەکانی خۆی زۆر خۆشدەویستن، ئەگەر کوژرابێ یانیش خۆی کوشتبێ، بۆ ئێمە جێی سەرسوڕمانە".

بە گوێرەی ئەو پشکنینە سەرەتاییەی بۆ برینەکەی موحسین کرابوو، پێناچێ موحسین خۆی کوشتبێ. عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی قەڵادزە، سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووداوەکە کە ئایا خۆکوشتن بووە یان کوژراوە، گوتی "بەپێی پشکنینەکان شوێنی برینەکەی نەسووتابوو، واتە لە نزیکەوە گوللەی بەر نەکەوتووە، بۆیە ڕووداوەکە جێی گومانە".

هەر لەوبارەوە ڕائید شۆڕش ئیسماعیل گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو پیاوە لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی گربداخی قەزای پشدەر، گوللەیەک بەر سەری کەوتووە و بریندار بووە، دواتر بەهۆی سەختیی برینەکەی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گیانی دەرچووە".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش، ئەو بەرپرسەی پۆلیس گوتی "پۆلیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە، هێڵکاری بۆ شوێنی ڕووداوەکە کردووە، دەستیشی بەسەر دەمانچەکەدا گرتووە. دوای ڕووداوەکە کچێکی ئەو پیاوە دەستگیرکراوە".

بەڵام ئامادە نەبوو هۆکاری دەستگیرکردنی ئەو کچە ئاشکرا بکات.

# پیاوان بۆ ژنی دووەم پەنا بۆ دین دەبەن

**ژنێک:** مێردەکەم ڕۆژ نییە پۆستی دینی و قسەی ئەو مەلایانە بڵاونەکاتەوە کە باسی فرەژنی دەکەن

**ژنێک:** بەو مەرجە ڕازی بووم ژنم بەسەر بێ کە لە پێشەوەی ئۆتۆمبێل دابنیشم



**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهرۆز پاش ئەوەی چووە خوازبێنی هاوپیشەکەی، پێیانگوت ئەگەر ژنەکەت ڕازی نەبێت ئامادە نین کچەکەی خۆمانت بدەینێ.

بەهرۆز محەممەد، 36 ساڵ، ماوەی 12 ساڵە لەگەڵ لانەی تەمەن 28 ساڵان بوونەتە هاوژین و خاوەنی سێ منداڵن، بەڵام بەگوتەی خۆی، بەزۆری باوکی کە دۆستی ماڵی هاوژینەکەی بووە، لانەی هێناوە. ئەوەشی نەشاردەوە کە لانە "کچێکی جوان و منداڵ" بوو، بۆیە پەشمان نییە لێی، بەڵام حەز دەکات ژنی دیکەشی هەبێ "لانە دایکی سێ منداڵمە و هەرگیز لێی جیانابمەوە، بەڵام من پیاوم، دین ڕێگەی پێداوم، بۆیە ئەگەر ژنێکی دیکە بێنم کارێکی ناشەرعی ناکەم".

لانە کە مامۆستایە، دەڵێت "بەزۆر شووم بە بەهرۆز نەکرد تائێستا ژنم بەسەر بهێنێ، ئەوەندە منداڵ بووم، لای ئەو خوێندنم تەواو کرد، ئێستا مامۆستام، تا ئەمڕۆش سێ قوتابخانەم گۆڕیوە لەترس و شەرمی ئەوەی کەس لێم نەپرسێت و نەزانێت کە ژنم بەسەر دێت، چونکە هیچ کەموکوڕییەک لە خۆم شک نابەم تا کە لێیان پرسیم بۆ ژنی دووەمی هێناوە، وەڵام بدەمەوە".

لانە دڵنیایە کە لەلای مەلایەکی دەرەوەی هەولێر ئەو ئافرەتە لە هاوژینەکەی مارەکراوە، بەڵام بەهرۆز بۆ ئەوەی قەناعەت بە لانە بکات، دەڵێت تا تۆ ڕازی نەبیت، هاوسەرگیری لەگەڵ ناکەم.

لانە دەڵێت کە پیاوەکەی لە ماوەی 12 ساڵی هاوسەرگیرییاندا 12 ڕۆژ بەڕۆژوو نەبووە، ئێستا بۆ ئەوەی بڵێن لایەنی دینداریی بەهێز بووە، خەریکی نوێژ و ڕۆژووە، هەتا ئەو وتەیە بە سەربەرزی بڵێت کە دەڵێت شەرع ڕێگای بە چوار ژن داوە".

لانە وێنەی پۆستەکانی فەیسبووکی هاوژینەکەی پیشاندایین کە تاوەکو ساڵی پار تەنیا شیعری خۆشەویستی بوون بەسەر باڵای ئافرەتدا و وێنەی نیمچەڕووتی دادەنان، بەڵام ئێستا ڕۆژ نییە پۆستی دینی و وتەی ئەو مەلایانە بڵاونەکاتەوە کە باسی ژنهێنان و فرەژنی دەکەن! بۆیە لانە پێیوایە "دین لای هەندێک پیاو لە بەرژەوەندی زیاتر هیچی دیکە نییە".

لانە سوورە لەسەر ئەوەی ئەگەر هاوژینەکەی ژنی دووەم بهێنێت و لەگەڵی بەردەوام بێت، حەقی خۆی و منداڵەکانی لێوەردەگرێت و دواتر جیادەبێتەوە.

بەپێچەوانەی لانە، شیرین ئەحمەدی تەمەن 47 ساڵان بەپێی خۆی چووەتە دادگا و واژۆی بۆ عەبدوڵڵای هاوژینی کردووە تاوەکو ژنی دووەم بێنێ. شیرین بە (ڕووداو)ی گوت "دایکی 4 کوڕ و 3 کچم، پیاوێک مەبەستی هێنانی ژنی دووەم بێت، هەر دەیهێنێ، 12 ساڵە کێشە لەناو ماڵمدا هەیە، عەبدوڵڵا بەردەوام دەیگوت ژن دێنم، بۆیە کاتێک زانیم لەوە زیاتر پێم ناکرێت ڕازی بووم، بەڵام بەو مەرجەی 100 مسقاڵ زێڕم بۆ بکات و کاتێکیش ژنی دووەمی هێنا، من لە پێشی ئۆتۆمبێل دابنیشم، ئێستا کە دوو ساڵە ژنی دووەمی هێناوە، بەڵێنەکەی نەشکاندووە، 100 مسقاڵ زێڕەکەی بۆ کردووم و بۆ هەر شوێنێکیش بچین من لە پێشی ئۆتۆمبێلەکە دادەنیشم".

شیرین نایشارێتەوە کە ویستوویەتی لە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکردن لە مافی ژنان سکاڵا لەسەر هاوژینەکەی تۆمار بکات "پێش ئەوەی ژنی دووەم بهێنێت ویستم بچمە لای ئەو ڕێکخراوانەی داوای مافی ئافرەتان دەکەن، بەڵام کوڕە گەورەکەم ڕازی نەبوو، گوتی ناوی باوکم مەزڕێنە، منیش پەشیمان بوومەوە". گوتیشی "مادام شەرع ڕێگەی بە پیاو داوە ژنی دیکە بهێنێت، من شەڕی چی لەگەڵ بکەم".

پارێزەری ڕاوێژکار زوبێر سەعدی لەبارەی هێنانی ژنی دووەم دەڵێت "دادگاکانی هەرێمی کوردستان ڕێگە بە هێنانی ژنی دووەم بە مەرج دەدەن، لەوانەش ژنەکەی نەخۆشیی درێژخایەنی هەبێت یان منداڵی نەبێت، هەروەها دەبێت هاوژینی یەکەمیشی ڕازی بێ".

ئەگەر پیاوێک بەبێ هیچ پاساوێک ژنی دووەمی هێنا، سزاکەی چییە؟ ئەو پارێزەرە دەڵێت "بەپێی ئەو یاسایەی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، هەرکەسێک بەبێ هیچ پاساوێک و بەبێ ڕەزامەندی ژنی یەکەمی ژنی هێنا، ئەوا سزای ماددی دەدرێت بە 3 بۆ 5 ملیۆن دینار و حەپسکردن لە ساڵێک بۆ 3 ساڵ".

بۆیە وەک ئەو پارێزەرە دەڵێت "پیاوان بۆ هێنانی ژنی دووەم دەچن لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، وەک کەرکووک و پردێ و مەخموور و دیبەگە گرێبەستی هاوسەرگیری دەکەن، چونکە پێویستیان بە ڕەزامەندیی ژنی یەکەم نابێت و لەلای مەلاش مارەی دەکەن".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## وەکو ئەم ژنە بکەن

لەلای مێردەکەی بوو، ئەوەی بیری لێنەدەکردەوە کۆنە یارەکەی بوو، تا ڕۆژێکیان زەنگی تەلەفۆنەکەی لێیدا و پێیگوت من فلان کەسم، ئەگەر لەگەڵم نەیەیتە دەرەوە، لاپەڕەکانی ڕابردووت هەڵدەدەمەوە و ماڵت وێران دەکەم.

ئەو ئافرەتە بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕاینەوە و گوتی چەند ساڵێک لەمەوبەر لەگەڵ کوڕێکی کولێژەکەیان پەیوەندییان هەبووە، نامە گۆڕینەوە و قسەکردن لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام پەیوەندییەکەیان تا سەر نەبووە، کەسیش ئاگاداری پەیوەندییەکەیان نەبووە، بۆیە هەردوولا دەستبەرداری یەکدی بوون و یەکتریشیان سەرپشک کردووە لە پێکهێنانی ژیانی هاوژینی.

دوای تەواوکردنی زانکۆ، کچەکە خوازبێنی دێت و شوو دەکات. پاش ماوەیەک کچەکە سەفەر دەکات، دوای گەڕانەوەی لە دەرەوە، کوڕەکە پەیوەندیی پێوە دەکات. کچەکە سەری سوڕدەمێنێ لەوەی کوڕەکە چۆن ژمارە مۆبایلەکەی ئەوی دەستکەوتووە.

دوای بەدواداچوون بۆی دەرکەوتووە ئەو کوڕە بەناوی کچێک ئەکاونتێکی لە فەیسبووک داناوە، پاشان لە فەیسبووک خوشکەکەی ئەوی دۆزیوەتەوە و داوای هاوڕێیەتی لێکردووە. دوای ماوەیەک خۆی وا نیشانداوە کە هاوڕێی خوشکەکەی بووە لە زانکۆ، داوای ژمارە مۆبایلەکەی لە خوشکەکەی کردووە گوایە لە زانکۆ زۆر هاوڕێ بوون و بیری دەکات، بۆیە خوشکەکەی ژمارە مۆبایلەکەی بۆ ناردووە.

ڕۆژێکیان زەنگی مۆبایلی ئافرەتەکە لێدەدات، کاتێک وەڵامی پەیوەندییەکە دەداتەوە، واقی وڕدەمێنێ. ئەو کوڕە یەکسەر پێی دەڵێت دەمەوێ یەکدی ببینین و قسە بکەین، کچەکە پێیدەڵێت ئەو شووی کردووە و ناتوانێ بەبێ هیچ هۆیەک لەگەڵ کەسێکی بێگانە دابنیشێ، بەڵام کوڕەکە هەڕەشەی لێدەکات و دەڵێت ئەگەر لەگەڵم نەیەیتە دەرەوە، سەرجەم نامەکانی نێوانمان ماون و پێشانی مێردەکەتی دەدەم. کچەکە زۆر لە کوڕەکە دەپاڕێتەوە وازی لێ بهێنێ، بەڵام سوودی نابێ و سوور دەبێ لەسەر هەڕەشەکانی.

کچەکە مل بۆ داوای کۆنە کەپڵەکەی نادات و پەنا دەباتە بەر بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان. دوای ئەوەی بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و ئەدەرسی کوڕەکەی بە بەڕێوەبەرایەتی دا، بە دوای کوڕەکەدا نێردرا و ئاگادار کرایەوە کە ئەو کارەی ئەو دەیکات بەپێی یاسا تاوانە و سزای هەیە. ئافرەتەکە سکاڵای لەسەر کوڕەکە تۆمار نەکرد، تەنیا داواکاریی ئەوە بوو کوڕەکە وازی لێبهێنێ و نامەکانی لەلای خۆی لەناوببات. هەرچەندە کوڕەکە نکۆڵی لەوە دەکرد کە نامەکانی ئەو کچەی لەلا مابن، بەڵام بەڵێننامەی پێ پڕکرایەوە هەر کاتێک ئەو نامانە ئاشکرا ببن، ئەو لێی بەرپرسە. بەپێی یاسا هەر تاوانێک بەهۆی ئەو نامانەوە ڕوویدات، ئەو کوڕە دەبێتە هاوبەشی تاوانەکە، چونکە پێشتر هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی نامەکانی لەو ئافرەتە کردووە.

بەپێی ماددە دوو لە یاسای ژمارە 6ی ساڵی 2008ی تایبەت بە قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، هەر کەسێک مۆبایل یان ئامێری تەلدار و بێ تەل، پۆستی ئەلیکترۆنی بە مەبەستی هەڕەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن بەکاربهێنێ، بۆ ماوەیەک بەند دەکرێ کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێ. بە غەرامەیەکیش سزا دەدرێ کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە پێنج ملیۆنیش زیاتر نەبێ.

بەپێی ماددە چواری هەمان یاسا، هەر کەسێک ببێتە هۆکاری ئەو تاوانە، ئەوا دەبێتە هاوبەشی تاوانبارەکە و هەمان سزا دەیگرێتەوە.

* بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر



د.ئیبراهیم کەریمی، یەکێک لە زانا گەورەکانی بواری فیزیا و کۆمپیوتەر لە کەنەدا:

# یەکەمین تۆڕی کۆمپیوتەری کوانتەمی دژە هاکم دروستکردووە

پرۆفیسۆر د.ئیبراهیم کەریمی یەکێکە لە پرۆفیسۆرەکانی زانکۆی ئۆتاوا لە کەنەدا. کەریمی ئێستا خاوەنی کورسی توێژینەوەی کەنەدییە بۆ ئەندازەی رووناکی کە لەلایەن حکومەتی کەنەداوە گوژمەی ساڵانە بۆ توێژینەوە زانستییەکانی تەرخان دەکرێت. کەریمی لە شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە و ئێستا مامۆستای زانکۆی ئۆتاوایە لە کەنەدا.


رێباز ئەحمەد

رووداو – ئۆتاوا


**رووداو: د.ئیبراهیم کەریمی کێیە؟**

**کەریمی:** من لە شاری سەقز لەدایک بووم، هەر لەوێش خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەییم تەواو کردووە. بەکالۆریۆسم لە فیزیا لە زانکۆی کرمان خوێند و یەکێک بووم لەوانەی لەسەر ئاستی ئێران بۆ خوێندنی ماستەر هەڵبژێردرام. ساڵی 2003 لە سەنتەری خوێندی باڵا بۆ زانست لە شاری زنجانی ئێران بە سەرکەوتوویی خوێندنی ماستەرم تەواو کرد. دواتر چووم بۆ هەرێمی کوردستان، سێ ساڵ وانەبێژ بووم لە زانکۆی کوردستان. ساڵی 2007 دکتۆرام لە ئیتالیا خوێند. دوای ئەوە خوێندنی پۆست دکتۆرام لەسەر پرۆژەیەکی هاوبەش دەستپێکرد کە لە نێوان شەش وڵاتی ئەوروپیدا رێکخرابوو. ساڵی 2012 چوومە کەنەدا و ئێستا لە زانکۆی ئۆتاوا جگە لە وانەگوتنەوە، سەرقاڵی توێژینەوەی زانستیم.

**رووداو: بۆچی فیزیات هەڵبژارد؟**

**کەریمی:** من هەر لە منداڵییەوە حەزم لە بیرکاری و فیزیا بوو، چونکە بنچینەی هەموو زانستەکانن. دایک و باوکم هەمیشە هانیان داوم ئەوە بخوێنم کە خۆم حەزم لێبووە، ئەوەش زۆر کاریگەرە لە بەرەوپێشچوونی تواناکانت لەو بوارەی کە خۆت ئارەزووی دەکەیت. هۆکارێکی دیکە مامۆستاکانی خوێندنی ئامادەییم بوو کە هەمیشە هاوکارم بوون لەوەی زیاتر فێربم. من ئێستاش مەمنونیانم و ئێستاش لەگەڵیان لە پەیوەندیدام.

**رووداو: دەکرێت باسی دوایین پرۆژەتان بکەن کە دروستکردنی یەکەم سیستەمی کۆمپیوتەری کوانتەمی دژە هاکە؟**

**کەریمی:** بەڵێ، ماوەی سێ ساڵ زیاترە من سەرپەرشتی پرۆژەیەک دەکەم، ئێمە ئامێرێکی کۆپیکردنی کوانتەمیمان داهێنا. ئامێرێکە بەکاردێت بۆ هاککردنی کوانتەمی بۆ رێگرتن لە پەیامی نهێنی و وەرگرتنی کۆپی. پاشان توانیمان بەڵگەیەکی زۆر گرنگ ئاشکرا بکەین بۆ رێکخستن و پاراستنی تۆڕە کوانتەمییەکان کە دژی هێرشە دەرەکییەکان بێت. بۆ نموونە من و تۆ بە زمانی کوردی خەریکین قسە دەکەین، ئەگەر کەسێک کە ئینگلیزی زمان گوێی لە قسەکردنمان بێت، بۆ ئەو زۆر قورسە لە قسەکانمان تێبگات، چونکە ئێمە زمانێکی هاوبەشمان هەیە. من قسەکانم دەکەم و تۆ لە مێشکی خۆتدا زمانەکە شی دەکەیتەوە و توانای تێگەیشتنت هەیە. کەسێکی ئینگلیز ناتوانێت قسەکانی ئێمە لە مێشکی خۆیدا شیبکاتەوە. لە جیهانی کۆمپیوتەریشدا بە هەمانشێوەیە. ئەگەر لە کۆمپیوتەرێکەوە بمانەوێت پەیامێک بنێرین بۆ کۆمپیوتەرێکی دیکە، پێویستە چەند پرۆتۆکۆلێکی هاوبەشی شفرەکراو دروستبکەین کە کەس لێی تێنەگات. ئێستا تەواوی پرۆتۆکۆڵەکان لە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریدا لەسەر بنچینەی بیرکارین، بیرکارییەکی زۆر ئاڵۆز بۆ ئەوەی هاک نەکرێن. بۆ نموونە سادەترین بیرکاری کە لە کۆندا بەکاردەهات ئەوە بوو کە من و تۆ دەمانەوێت نامەیەکی کاغەزی ئاڵوگۆڕ بکەین. تۆ لە هەولێری و من لە سلێمانی. من بە کەسێکدا نامەکە بۆ تۆ دەنێرم، بەڵام نامانەوێت نامەبەرەکە تێبگات چی نووسراوە. بۆیە ئێمە لە نێوان خۆماندا پرۆتۆکۆڵێک و رێککەوتنێک دەکەین کە هەموو پیتێکی زمانی ئینگلیزی پێش ئەوەی من بۆ تۆی بنێرم، سێ پیتی بۆ زیاد دەکەم بۆ هەر پیتێک. بۆ نموونە وشەی (some)مم هەیە دەمەوێت بۆتی بنێرم، پیتی s دەگۆڕم بۆ سێ پیتی سەرووی خۆی واتا دەبێتەv ، بەهەمانشێوە پیتی o دەبێتە r و m دەبێتە p و e دەبێتە h. بەو شێوەیە من لە جیاتی وشەی some وشەی vrph بۆ تۆ دەنێرم. دواتر کە تۆ بتەوێ لە وشەی vrph تێبگەیت، ناچاریت پرۆتۆکۆڵە هاوبەشەکەی خۆمان بەکاربهێنی و بەو شێوەیە دەزانی وشەی some مم بۆ ناردوویت. ئێستا رەنگە ئەو کەسەی کە نامەکەی بۆ تۆ هێناوە زۆر خەریک بێت بزانێ ئێمە چیمان کردووە و لە نامەکەمان تێنەگات. دواتر لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم ئەم زانستە زۆر گەشەی کرد، بەجۆرێک کە هاوکێشەی بیرکاری زۆر ئاڵۆز بۆ ئەم مەبەستە دانرا تاوەکو لەنێوان هێزەکاندا نامە ئاڵوگۆڕ بکرێن. پاشان هێزە نەیارەکان دوای ئەوەی کە نامەکانیان دەستدەکەوت، چەندین رۆژ و ساڵیان تەرخان دەکرد بۆ ئەوەی لە هاوکێشە بیرکارییە ئاڵۆزەکان بگەن. تەنانەت ئامێری گەورەیان دروست دەکرد بۆ ئاشکراکردنی نهێنی و هاوکێشە بیرکارییەکان. ئێستاش کۆمپیوتەر و مۆبایلەکان کە ئێمە رۆژانە بەکاریان دەهێنین، هەموو زانیارییەکان ئەگەری شکاندنیان هەیە. بۆیە بۆ تۆمارکردن و ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندییەکان بەردەوام هاوکێشەی ئاڵۆز بەکاردێت بۆ شاردنەوەی نامە و زانیارییەکان. بۆ نموونە کۆدێکی بانکت دەکەوێتە دەست، ئەگەر بتوانی لە بنچینە ئاڵۆزە بیرکارییەکان بگەیت "کە زۆر زۆر قورسن"، ئەوا دەتوانیت بانکەکە بشکێنیت و تەواوی بانکەکەت بکەوێتە دەست، بەڵام لە کۆمپیوتەری کوانتەمی زانیاری لەسەر گەردیلە تۆمار و ئاڵوگۆڕ دەکرێت. بۆیە تەواوی شاردنەوەی زانیارییەکان دەگۆڕێن. شتەکان سادە نامێننەوە و ئاڵۆز دەبن. هەموو شتەکان لێڵن و دیاریکراو نین. کە من بڵێم ئەم پەڕتووکە لێرەیە، لە جیهانی خۆماندا دەزانی لە کوێیە، بەڵام لە جیهانی کوانتەمدا نازانی شتەکان لە کوێن. دەزانی کە شتەکان هەن، بەڵام نازانی لە کوێن. کاتێک پەیامێک ئاڵوگۆڕ بکەین لە جیهانی کوانتەمیدا، ئەگەری هەیە هێرشێکی دەرەکی بێت و دەست بەسەر تۆڕەکەدا بگرێت، بەجۆرێک کە کاتێک من پەیامێک بۆ تۆ دەنێرم ئەو دێت کۆپییەک لەو پەیامە وەردەگرێت و پاشان بۆتۆی دەنێرێتەوە. بەڵام دووبارە کێشەیەک هەیە لە زانستی کوانتەم میکانیکدا کۆپیکردن نییە. واتا ناتوانی کۆپییەک دروستبکەی کە سەد لە سەد دروست بێت. هەرچەندە پەیامەکە درێژتریش بێت کۆپییەکە خراپتر دەبێت. بۆیە ئەو پەیامەی لە منەوە بۆ تۆ هاتووە، پەیامێکی ناتەواوە، لە کاتێکدا دەبێت پەیامەکە 100% وەک یەک بێت. بەڵام بەهۆی کۆپییەکەوە پەیامەکە هەڵەی تێکەوتووە. دوای ئەوەی لە پەیامەکە دەکۆڵینەوە، ئەگەر کۆپییەکە بۆ نموونە 13% هەڵەی تێدا بوو، ئەوا دەزانین کە هاک و هێرشی دەرەکی هەیە لەناو سیستەمەکەمان. ئەمە کارێک بوو کە لە جیهاندا نەکرابوو، ئێمە توانیمان دروستی بکەین.

## سەلماندمان کە خێرایی رووناکی لە بۆشاییدا جێگیر نییە، ئەوەش پێچەوانەی تیۆرەی ئەنیشتاینە

## چینییەکان پێیانگوتین داهێنانەکەی ئێوە 400 ملیۆن دۆلاری ئێمەی بەفیڕۆ دا




**رووداو: شێوە و قەبارەی ئامێرەکە چۆنە؟**

**کەریمی:** لەبەرئەوەی ئامێرەکە ئەزموونی بوو، شێوەیەکی سەیر و سەمەرەی هەیە و گەورەیە لەم کاتەدا. بەڵام ئێستا لە بەرنامەماندایە کە ئامێرەکە بچووک بکەینەوە و پیشەسازیی بکرێتەوە.

**رووداو: ئێستا قسەیەک هەیە کە کۆمپیوتەرەکان لە کلاسیکەوە بکرێنە کوانتەم، تا چەند پێشبینی شتێکی لەم جۆرە دەکەیت؟**

**کەریمی:** زۆر کۆمپانیا دەڵێن کۆمپیوتەری کوانتەمییان هەیە، بۆ نموونە کۆمپانیای D-Wave کە یەکەم کۆمپانیایە لە جیهاندا کۆمپیوتەری کوانتەمی بە چەند دامەزراوەی گەورەی وەک ناسا و گووگڵ فرۆشتووە، بەڵام ئێمە کە لەناو کارەکەداین، وای بۆ دەچین کە ئامێرەکان بریتین لە لێکدان و کۆکردنەوەی کۆمپیوتەری کوانتەمی و کلاسیک پێکەوە، واتا بەتەواوی کوانتەم نییە و بە تەواویش کلاسیک نییە. ئێستا چەندین وڵات و کۆمپانیای گەورە کار لەسەر دروستکردنی کۆمپیوتەری کوانتەمی دەکەن، بە جۆرێک کە چوار پرۆژەی زۆر گەورە لە جیهاندا خەریکە کاریان لەسەر دەکرێت. بۆ ئەو مەبەستە ئەوروپا یەک ملیار یۆرۆ، بەریتانیا یەک ملیار پاوەند و چین 400 ملیۆن دۆلاری تەرخان کردووە و تەنانەت کەشتییەکیشیان بۆ بۆشایی نارد. بۆیە دوای دروستکردنی ئەم ئامێرەی خۆمان، لە چین پەیوەندییان پێوە کردین و پێیانگوتین ئەو ئامێرەی ئێوە دروستتان کرد، مانای ئەوەیە کە ئێمە 400 ملیۆن دۆلارمان بەبێ هۆ بۆ ئەم کەشتییە تەرخان کردووە. ئێستا لە کەنەدا نزیکەی 50 بۆ 60 زانا بەمنیشەوە خەریکی ئامادەکردنی کۆبوونەوەیەکین بۆ تەرخانکردنی یەک ملیار دۆلار بۆ کۆمپیوتەری کوانتەمی و تۆڕەکانی، بەڵام کەی کۆمپیوتەری کوانتەمی جێگای کۆمپیوتەری کلاسیک دەگرێتەوە، ئەمە دیار نییە، رەنگە 10 ساڵ بخایەنێت.

**رووداو: جگە لە دروستکردنی ئەو ئامێرە چ داهێنانێکی دیکەتان هەیە؟**

**کەریمی:** ساڵی پێشوو، شتێکی گرنگمان ئەنجامدا، توانیمان ئەوە بسەلمێنین کە خێرایی رووناکی لە بۆشاییدا جێگیر نییە. لە کاتێکدا تیۆری ئەنیشتاین پێماندەڵێت خێرایی رووناکی لە بۆشاییدا هیچ کات ناگۆڕێت، بەڵام ئێمە هاتین گوتمان نەخێر خێرایی رووناکی

## ئەوروپا یەک ملیار دۆلاری تەرخان کردووە بۆ دروستکردنی کۆمپیوتەری کوانتەم

دەتوانرێت بگۆڕدرێت، بەجۆرێک دەکرێت کەمتر بێت لە خێرایی رووناکی و دەشکرێ زیاتر بێت. ئەم کارە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، چەندین ئاژانسی جیهانی راپۆرتیان لەسەر کرد. کارێکی دیکەمان بریتی بوو لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە پێشتر دەگوترا ئەگەر رووناکی زۆر زۆر شیکردنەوەی بۆ بکەین و بچوکی بکەینەوە لەکاتی جوڵە، ئەوا شێوەکەی بریتییە لە یەک چینی ستوونی، بەڵام نەبینراو بوو، دواتر ئێمە گوتمان نەخێر رووناکی کە زۆر نزیک بکرێتەوە شێوەیەکی سێ رەهەندی بازنەیی لولکراوی ناوبۆشی هەیە. ئەمە بۆ ماوەی 15 ساڵ بەبێ شیکاری مایەوە لە فیزیکدا، بەڵام ئێمە پاش کارکردن بۆ ماوی 7 ساڵ توانیمان بیدۆزینەوە. کارێکی دیکە کە توانیومانە بیکەین بریتی بوو لەوەی توانیمان تۆڕێکی کوانتەمی دروستبکەین لەسەر شاری ئۆتاوای کەنەدا کە کوانتای رووناکیمان بەکارهێنا واتا تاکە فۆتۆنێک کە دەکاتە پێکهاتەی ئێجگار بچووکی رووناکی. بۆ نموونە کە تۆ لە شەوێکی تاریکدا سەیری ئاسمان دەکەی ئەستێرەیەکی زۆر کز دەبینی، ئەو ئەستێرەیە لە چرکەیەکدا نزیکەی 10 بۆ 12 فۆتۆن دەنێرێت بۆ چاوی تۆ. ئێمە لەو ئاڵوگۆڕکردن و پەیوەندی دروستکردنەدا تەنیا تاکە فۆتۆنێکمان بەکارهێنا کە قەت نابینرێت. پرۆژەیەکی زۆر سەخت و گەورە بوو، سەرکەوتنیشی بەدەستهێنا.

**رووداو: ئەوەندەی کە تۆ لە کوردستان بووی و زانیاریت هەبێت لەسەر کوردستان، زانست لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

**کەریمی:** راستییەکەی زۆر زۆر لەدواوەین، بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی لە کوردستان کۆمەڵێک کاری راستەڕێگایی هەن کە دەگرێت بیانگرینەبەر، بۆ نموونە ئەوروپا 800 ساڵە زانکۆیان هەیە، بەڵام ئەمریکا کە زۆر نوێترە لە چاو ئەوروپا، توانییان لە 150 ساڵدا باشترین زانکۆکانی جیهان دروستبکەن کە زۆر لەوانەی ئەوروپا گەورەترن. ئەمەش بەهۆی دوو کارتێکەری گەورە روویدا، یەکەم پلاندانانی دروست، دووەم بودجە. واتە بەڕێوەبردن و پارە دوو شتی زۆر گەورەن بۆ بەرەوپێشچوون. کوردێکمان دەوێن کە توانای بەڕێوەبردنیان هەبێت، بەڕێوەبەری زۆر دامەزراو بن. کێشەی بودجە هەمیشە لە کوردستان هەیە، بەهۆی بارودۆخی ناوچەکە، بەڵام دڵنیام کە کەسانی سەرمایەداری گەورە لە ناوچەکەدا هەن، بۆیە دەکرێت داوای پارەیان لێبکرێت. وەک ئەوەی کە لێرە هەیە، بۆ نموونە خێرخوازی و پارەی خێر دەدەن بەو دامەزراوە زانستیانە بۆ توێژینەوە یان داوای تاکسیان لێ بکرێت کە برێک لە پارەکە بچێت بۆ زانکۆکان. رێگای دیکەش زۆرە، بۆ نموونە یونسکۆ دەتوانێت پارە بدات بۆ ئەم مەبەستە، ئەوەی کە دەمێنێتەوە بەڕێوەبەرایەتییە کە بۆ توێژینەوە و بەرەوپێشچوونی زانست تەرخان بکرێت، کارەکە هی یەک کەس و دوو کەس نییە. کاری تیم و گرووپی پەنجا شەست کەسییە و کەسانێک دەستنیشان بکرێت کە دڵیان بسووتێ بۆ رەوشەکە.

**رووداو: ناوبانگی کورد چۆنە لە دەرەوە؟ ئەوەندەی کە بەڕێزت ئاگادار بیت زانا و کەسی زیرەکی کورد لە دەرەوە هەن؟**

**کەریمی:** کورد زۆرتر بەو ناخۆشیانە ناسراوە کە بەسەری هاتوون. بەتایبەت دوای شەڕی داعش کورد زۆر ناسرا لە دەرەوە. هەروەها ناوی پێشمەرگە دەنگی دایەوە. زۆرجار جێگری سەرۆکی زانکۆکەم باسی ئەوەم بۆ دەکات کە ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە ئێستا ناوچەکە هەمووی لەژێر دەستی داعشدا دەبوو. بەڵام لەڕووی زانستی زۆر ئاگادار نیم کە ئایا کوردی تر کێن لە دەرەوە لە بواری زانستی کاربکەن، بەڵام دڵنیام کە هەن.

**رووداو: منداڵ و گەنجی بەهرەمەند زۆر هەن لە کوردستان، بەڵام بەهۆی ژینگەکە بەهەموو شتێک ناگەن و تواناکانیان دەپووکێنەوە، پێشنیازت بۆ ئەو کەسانە چییە؟**

**کەریمی:** خوێندکارانی بنەڕەتی و ئامادەییەکان ئێجگار گرنگن بۆ کۆمەڵگا، یارمەتیت دەدەن کە چۆن بیربکەیتەوە. بۆیە کارکردن لەم زەمینە زۆر زۆر گرنگترە لە زەمینەی زانکۆ و کۆلێژەکان. ئەوانەی کە زۆر خۆیان گەیاندووەتە پلەی زیرەکی و بەهرەداری ئەوانە دەبێت دەست بە بەڕێوەبردنی دامودەزگای نوێ بکەن و بەتەمەنەکانیش بۆ راوێژکردن سوودیان لێوەربگیرێت. پێشنیازم بۆ ئەوانە ئەوەیە کە پێش هەموو شتێک پەرە بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی بدەن، چونکە کلیلی هەموو شتەکانە. پاشان دەتوانرێت لە پەیوەندیدا بن لەگەڵ دەزگاکانی جیهاندا، بۆ نموونە لە ئیتاڵیا چوار خوێندنگا هەبوون باشترین و زیرەکترین منداڵی جیهانیان هەڵدەبژارد کە سێ یان زیاتر زمان بزانێ و مامۆستای زۆر زیرەکیان بۆ دابین دەکردن. تۆ گەر تەنها 10 منداڵ پێبگەیەنیت، ئەوانە دەتوانن 10 دامەزراوەی خوێندنی گەورە بۆ کوردستان بەڕێوەببەن لە داهاتوودا.

## پزیشکان بە نەخۆشیی دەروونی وەسفی دەکەن

# ئاڵوودەبوون بە فیلمەکانی پۆڕن چارەسەری هەیە؟

ڕووداو- سلێمانی

ئاسۆ، تەمەن 19 ساڵ، هێندە تەماشای فیلمە پۆڕنۆکانی کردووە، هەموو دونیا لە هاوێنەی ئەو فیلمانەوە دەبینێ. ئەو ئاسوودە نییە بەم حاڵە و خوازیارە وەکوو هاوڕێکانی زۆرتر سەرقاڵی خوێندن یان کار و پیشەیەکی بەرهەمدار بێ، ئەوەک وەکوو ئێستا کاتێکی زۆر لەگەڵ تەماشاکردنی ئەو بابەتانە بەسەر ببات و زۆربەی کاتەکانی لە ماڵەوە بەتەنیا بگوزەرێنێ و تووشی گۆشەگیری ببێ "هەموو جارێک بەڵێن دەدەم چیدی نەچمەوە سەر ئەو ماڵپەڕە رووتانە، بەڵام هەر کە تەنیا دەبم خۆم پێ ڕاناگیرێ و دەچمەوە".

ئەو حاڵەتەی ئاسۆ لە هەندێک نێوەندی زانستیدا بە "ئاڵوودەبوون" ناودەبرێ و هەندێکی دیکەش بە "کێشە خولقێن" پێناسەی دەکەن. جۆرناڵی Behavior Therapy لە ڕاپۆرتێکی زانستیدا دەڵێ خووگرتن بە تەماشاکردنی پۆڕن دەبێتە هۆی "خەمۆکی، دابڕانی کۆمەڵایەتی، لە دەستانی کار و کەمبوونەوەی بەرهەمداریی کەسەکە".

پزیشکێک دەڵێ ئێستا لە کوردستان دیاردەی ئاڵوودەبوون بە پۆڕنۆگرافی هەیە و بڵاویشە. د.زامدار حەمەڕەسوڵ، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان بە (ڕووداو)ی گوت "من خۆم چەند نەخۆشێکم هەن کە ئاڵوودەی پۆڕنۆگرافین و سەرگەرمی چارەسەرکردنیانم".

دکتۆر زامدار داوا دەکات چیدی ئەم بابەتە بە شاراوەیی نەهێڵدرێتەوە و خەڵکی هۆشیار بن لەبارەی و ڕێگەی چارەسەریان پیشان بدرێ.

پزیشکە پسپۆڕەکە باسی یەکێک لەو حاڵەتانە دەکات کە خۆی دەستنیشانی کردوون "کوڕێکی گەنجە بەهۆی خەمۆکییەوە سەردانی کردم. هەرچەند گەرام پاڵنەرە کلاسیکییەکانی خەمۆکیم تێدا نەبینییەوە. دوای گفتوگۆیەکی زۆر دەریخست کە ئاڵوودەی فیلمی پۆڕنە و بەو هۆیەوە میزاجی تێکچووە".

**پزیشکێکی دەروونی: چەند نەخۆشێکم هەن کە ئاڵوودەی تەماشاکردنی فیلمی پۆڕنن**

**توێژەرێک: ئاڵوودەبووەکان لە کوردستان ڕێگەی چارەسەر شک نابەن**

وەک د.زامدار تێبینی کردووە، دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و بڵاوبوونەوەی بێکاری، ئاڵوودەبوون و مانەوە بەدیار پۆڕنۆوە زیادی کردووە "خەڵک هەیە بە ئەستەم کرێی خانووەکەی پێدەدرێ، کەچی ناتوانێ بۆ چەند ڕۆژێکیش بێ ئینتەرنێت بێ، بەشێکی بەهۆی ئاڵوودەبوونە بەو بابەتە پۆڕنۆیانە".

توێژەرێکی تەندروستی دەڵێ تووشبووان بە ڕوونی نازانن حاڵەتەکەیان چارەسەری هەیە و لەلای پسپۆڕی دەروونییە.

ڕەمەند محەممەد، خوێندکاری ماستەر لە تەندروستی کۆمەڵ، بە (ڕووداو)ی گوت "لەبەرئەوەی بابەتی سێکس و پۆڕنۆ تەواو شەخسی و نهێنییە، هەم ئاسان نییە حاڵەتەکان بناسرێنەوە، هەم لە کوردستانیش بابەتەکە وەک تابوو ماوەتەوە و زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەری نییە، بۆیە تووشبووەکان نازانن کە ئەوان گرفتەکەیان دەروونییە و دەکرێ چارەسەر بکرێن".

ڕەمەند ڕاپۆرتێکی وردی زانستی لەبارەی گرفتەکەوە لەگەڵ دکتۆر زامدار ئامادە کردووە و بڕیارە لە ماوەی داهاتوودا بە چەند بەشێک لە ڕێگەی دیسکی تەندروستیی ڕووداو، بڵاوی بکاتەوە.

بە گوتەی ڕەمەند، دەبێ هۆشیاری لەبارەی حاڵەتەکە بگاتە هەموو کەسێک و ڕێگەکانی چارەسەریش بە ئاسانی لە تووشبووانەوە دیاربن، چونکە چارەنەکردنی تووشبووان زیانی زۆری لێدەکەوێتەوە لەسەر ئاستی تاک، خێزان و کۆمەڵگا.

### پۆڕن چۆن کار لە تاک و خێزان دەکات؟

پزیشکە پسپۆڕەکە دەڵێ هۆکارێکی گەورەی پشت شکستهێنانی نەوجەوان و گەنجان لە خوێندن و کار و بەرهەمداریدا، زۆر تەماشاکردنی پۆڕنە "پۆڕن هەم کاتێکی زۆری تووشبووان دەکوژێ و هەم میزاجیشیان دەشێوێنێ و تووشی خەمۆکییان دەکات، ئەوانەش هۆکارن بۆ کەوتن لە خوێندن و خۆتەرخانکردن بۆ کار و پیشە و بژێوی".

ڕەمەند دەڵێ توێژینەوە زانستییەکان دەریانخستووە ئەوانەی ئاڵوودەی پۆڕنن کەمتر چێژ لە سێکس لەگەڵ هاوژینەکانیان دەبینن و زۆرتر ئارەزووی توندوتیژی سێکسی دەکەن و ئەگەری زۆرتریشە بیر لە ناپاکی هاوژینی بکەنەوە.

ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا لە 2014/1/19 بڵاوی کردبووەوە کە 56%ی کەیسەکانی جیابوونەوە لە بەریتانیا بەهۆی ئەوە بووە کە یەکێکیان ئاڵوودە بووە بە پۆڕن.

### دایکان و باوکان چاودێر بن

پزیشکە پسپۆڕەکە دەڵێ دایکان و باوکان دەبێ چاودێریی ئینتەرنێتی منداڵ و نەوجەوانانیان بکەن و لە ئاڵوودەبوون بە پۆڕن دووریان بخەنەوە "ئەگەر بتوانرێ سانسۆر بخرێتە سەر هێڵی ئینتەرنێتەکە و وای لێبکرێ بابەتە پۆڕنەکان نەکاتەوە، ئەگەر ئەوەش نەکرا، باشترە ماوە ماوە تەماشای بەشی هێستری ئینتەرنێتەکە بکەن و بزانن ئەو سایتانە کامانەن کە منداڵەکانیان زۆرتر دەیانکەنەوە، هەڵبەت ئەگەری سڕینەوەی هیستری لەلایەن منداڵ و نەوجەوانان هەیە، بۆیە پێویست بە چاودێریی لەوە زیاتر دەکات".

دکتۆر زامدار دەڵێ کراوەیی هێڵی ئینتەرنێت بەبێ بوونی هیچ سانسۆر و چاودێرییەک، لێکەوتەی نەرێنیی زۆری دەبێ لە داهاتوودا "دەبێ چاوەڕوانی گرفتی دەروونیی زیاتر، کێشەی خێزانیی زیاتر و سێکسی نادروستی زۆرتر و نەوەیەکی کەم بەرهەمتر بین".



### ئاڵوودەبوون بە پۆڕن چارە دەکرێت؟

د.زامدار حەمەڕەسوڵ، پسپۆڕی دەروونی دەڵێ ئاڵوودەبوون بە پۆڕن نەخۆشییەکی دەروونییە و چارەسەری هەیە. کەسی ئاڵوودەبوو تاوەکو زووتر داوای چارەسەر بکات، ئاسانتر دۆخی ئاسایی دەبێتەوە "وەک چۆن ئاڵوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر هەیە و چارەسەریشی هەیە، ئەم حاڵەتەش ڕێوشوێنی جیاوازی چارەسەری هەن و کەسی تووشبوو بە پیادەکردنیان دەبێتەوە کەسێکی ئاسایی و دوور لە ئاڵوودەیی".



# کۆرپەی سێ باوان

داستان محەممەد قادر

کۆرپەی بلووریی سێ باوان بریتییە لە کۆرپەیەک کە لە بۆماوە ماددە (ماددەی جینێتیک)ی سێ باوانی جیاواز دروست بووە. ئەم جۆرە کۆرپەیە وەک هەر کۆرپەیەکی ئاسایی لە ئەنجامی یەکگرتنی ناوکی هێلکەی دایک و ناوکی تۆوی باوکییەوە دروست دەبێت، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە کە وەچەکە بەشێکی بچووک لە بۆماوە ماددەکەی لە هێلکەی بەخشەرێکەوە وەردەگرێت کە ئەویش بۆماوە ماددەی ناو مایتۆکۆندریایە.

مایتۆکۆندریا یان وزەماڵەکان بەو ئەندامۆچکانە دەگوترێ کە بەنزیکەیی لە هەموو خانەکانی جەستەدا هەن و 0.1%ی کۆی گشتی DNAی مرۆڤ لەخۆدەگرن و وزەی پێویست بۆ خانەکان لە خواردن وەردەگرن. بەپێی گوتەی دۆگ تێرنبڵ، پرۆفیسۆر لە زانکۆی نیوکاسڵ، مایتۆکۆندریای مرۆڤ نزیکەی 13 جینی پێویست لە دەرەوەی ناوکدا هەڵدەگرێت، هاوکات ناوک هەڵگری 23 جینە گرنگەکەی دیکەیە.

هەرچەندە ئەزموونی دروستکردنی منداڵ لە سێ باوانەوە بۆ کۆتایی نەوەدەکان دەگەڕێتەوە، کاتێک دکتۆر جاکیوس کۆهێن و تیمەکەی لە پەیمانگای ئێس.تی بارنەبەس لە نیوجێرسی لە ولایەتە یەکگرتووەکان توانییان درک بەوە بکەن کە هۆکاری پشت شکستخواردنی خاتوو شارۆن سارینێن لە وەچەخستنەوە (دوای 10 ساڵ لە هەوڵی بێهوودە) بریتی بوو لە نەخۆشییە مایتۆکۆندریاییەکان. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، کۆهێن و هاوەڵانی بەشێک لە سایتۆپلازمای خانمێکی مایتۆکۆندریا تەندروستیان هێنا و کردیانە ناو هێلکەی خاتوو سارینێن. لە ئاکامی ئەم هەوڵەدا کچێکی تەندروست بەناوی ئالانا لەدایک بوو، بەڵام مایتۆکۆندریا ناتەندروستەکەی دایکی خۆیشی لەناودا ماوەتەوە. بۆیە مەترسی کاریگەربوونی بەو نەخۆشییە لێدەکرێت و ئەگەری ئەوەش هەیە لە داهاتوودا مایتۆکۆندریای نەخۆش بۆ منداڵەکەی بگوازێتەوە. کۆهێن چەند هەوڵێکی دیکەشی دا کە بەشێکیان ئەنجامی نەخوازراویان لێکەوتەوە. ئەوە بوو ساڵی 2002 ئەمجۆرە لە منداڵدروستکردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا قەدەغە کرا.

نەخۆشییە مایتۆکۆندریاییەکان کاریگەری گەورە لەسەر ئەو شانە یان ئەندامانە دادەنێن کە بە ڕادەیەکی گەورە پشت بە وزە دەبەستن، بۆ نموونە، دڵ، مێشک و هەندێجار پەیکەرەماسولکە. تێرنبڵ ژمارەی تووشبووان بە مایتۆکۆندریای نەخۆش لە بەریتانیا بە نزیکەی 50 هەزار کەس خەمڵاندووە. تێرنبڵ دەڵێت دەتوانن کواڵێتی و درێژیی ماوەی ژیانی تووشبووان بەرەو باشتر ببەن، بەڵام ناتوانن نەخۆشییەکەیان چارەسەر بکەن. بۆیە چارەسەری بنبڕ تەنیا ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا منداڵەکە بە مایتۆکۆندریای تەندروستەوە بخرێتەوە و مایتۆکۆندریای نەخۆش لە جەستەیدا نەبێت.

هەر بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشییە، لە ساڵی 2015دا جارێکی دیکە پرسی خستنەوەی منداڵی سێ کەسی هاتەوە مەیدان. دکتۆر جۆن ژانگ و تیمەکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بەرەو مەکسیکۆ کەوتنەڕێ، چونکە لەوێ یاسایەک نەبوو ڕێگری لەو شێوازەی منداڵخستنەوە بکات. تیمەکە ناوکی هێلکەی دایکێکی مایتۆکۆندریا نەخۆشیان خستە ناو هێلکەی بەخشەرێکی مایتۆکۆندریا ساغ (کە ناوکەکەی بە تەواوی لابرابوو). پاشان بە تۆوی باوکەکە پیتاندیان، بەمەش توانییان ئەگەری مەترسیی مایتۆکۆندریای نەخۆش لە هێلکە پیتراوەکە دووربخەنەوە. ئەوان پێنج هێلکەی بلوورییان دروستکرد و تەنیا یەکێکیان توانی لە منداڵدانی دایکیدا گەشە بکات، دواتر لە ساڵی 2016 دا یەکەم منداڵی خاڵی لە مایتۆکۆندریای نەخۆش هاتە دنیاوە.

بەشێکی زۆر بچووک لە DNAی ناو جەستەی ئەم منداڵە (0.1%) هی خانمە بەخشەرەکەیە، هەرچی بەشە سەرەکییەکەشیەتی لە دایک و باوکە ئاسایییەکەی خۆیەوە وەریگرتووە کە 23 جووت کرۆمۆسۆمەکەی ناو ناوکە.

ئەو تەکنیکە پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە بینیوە، ئێستا ئەو خانمانەش دەتوانن سوودی لێوەربگرن کە بەهۆی چوونە نێو ساڵەوە توانای وەچەخستنەوەیان نەماوە.

*زیندەزان، زانکۆی سلێمانی

# ڕۆژانە 500 گرام سەوزە و میوە بخۆ



هەر لە دێرزەمانەوە مرۆڤ پتر سەوزە و میوەی خواردووە، چونکە زۆربەیانی بە ئاسانی چنگ کەوتوون، بەڵام هەندێک لەو سەوزە و میوانە مەترسییان بۆ سەر تەندروستیی مرۆڤ هەبووە، بەهۆی ئەوەی ژەهراوی بوون. دواتر مرۆڤ دەستی داوەتە گۆشتخواردن، بەڵام ئەنجامەکەی دڵخۆشکەر نەبووە، چونکە بووەتە هۆی کۆمەڵێک نەخۆشی وەکو نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن، دەردەشا، قەڵەوی، بەرزەپەستانی خوێن.

سەوزە و میوە بڕێکی باش ئاویان تێدایە، هەروەها بە ڕێژەی دیاریکراو کانزاکانیان تێدایە کە ناهێڵن خوێنی مرۆڤ خەست ببێتەوە. هەروەها پێستی مرۆڤ بە پارێزراوی دەهێڵنەوە و لێناگەڕێن وشک ببێتەوە. نابێت ئەو ڕاستییەمان لەبیر بچێت کە نابێت تەنیا میوە بخۆین بەبێ سەوزە، لەبەرئەوەی ئەو کاتە بڕێکی زۆر کاربۆهایدرات دەچێتە نێو لەشەوە و زیان بە تەندروستی دەگەیەنێ. بڕێکی زۆر کاربۆهایدرات لە جەستە، دەبێتە هۆی قەڵەوی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی شەکری لەش.

توێژینەوە نوێیەکان دەڵێن باشتر وایە سەوزە و میوە لەوە زیاتر بخورێت کە پێشتر دەمانخوارد.

بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی خۆراک لە سوید دەڵێن وا پێویستە مرۆڤ ڕۆژانە لانیکەم نیو کیلۆ سەوزە و میوە بخوات، بەڵام باشتریشە ئەگەر لە نیو کیلۆ زیاتر بخوات.

95 توێژینەوە کە 2 ملیۆن کەس بەشدارییان تێدا کردووە، سەلماندوویانە ساڵانە زۆرتر لە 7.5 ملیۆن کەس پێشوەختە دەمرن، ئەگەر ڕۆژانە کەمتر لە 800 گرام سەوزە و میوە نەخۆن. توێژەران دەڵێن ڕەنگە خواردنی 800 گرام سەوزە و میوە زەحمەت بێ و تێچووشی زۆر بێ، بۆیە ئەگەر ئەو بڕەش نەخۆن مەترسییەکەی زۆر نابێ، بەڵام ئامۆژگاریمان دەکەن ڕۆژانە 500 گرام میوە و سەوزە بخۆین. ئەگەر بڕەکە کەم ببێتەوە بۆ 200 گرام لە ڕۆژێکدا، ئەگەری مردنی پێشوەخت بەڕێژەی 25% زیاد دەکات. بە بۆچوونی ئەو پسپۆڕانە زەڵاتەی سەوزە و میوە لە هەموویان باشتر و بەسوودترە.

سەوزە و میوە چی لە مرۆڤ دەکەن

سوودەکانی سەوزە و میوە بۆ مرۆڤ لەبن نایەن، لێرەدا تەنیا ئاماژە بەو سوودانە دەدەین کە لەلایەن توێژەرانەوە سەلمێندراون

- 13% ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە کەم دەکاتەوە
- 24% ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ کەم دەکاتەوە.
- 28% ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی بۆرییەکانی خوێن کەم دەکاتەوە.
- 31% ئەگەری مردنی پێشوەخت کەم دەکاتەوە
- 33% ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی مێشک کەم دەکاتەوە

# لە خۆتەوە هیچ پشکنینێک مەکە

محەممەد سەید عەلی بەرزنجی*

زۆر کەس کە نەخۆشییەک یان ناڕەحەتییەک لە جەستەیاندا هەیە، بێ ڕاوێژی پزیشکی پسپۆڕ سەردانی تاقیگەکان یان نۆڕینگەی لاکۆڵانەکان دەکەن و داوا لە پزیشک و کارمەندانی تەندروستی دەکەن گوشاری خوێنیان بۆ بگرێ، یان ڕێژەی شەکرەیان بۆ بپێوێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەنجامدانی ئەو جۆرە پشکنینانە بەبێ پرس و ڕاوێژی پزیشک کارێکی هەڵەیە.

لە زانستی پزیشکیدا هەر نەخۆشییەک کۆمەڵێک نیشانەی جیاکەرەوەی بۆ دانراوە کە بەنزیکەیی لە زۆربەی نەخۆشەکاندا ڕوودەدات، بەڵام دەکرێ لە هەندێ کەسدا گۆڕانکاری لە نیشانەکاندا ڕووبدات و جۆرێکی دیکە بێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی جەستە، تەمەن، ڕەگەز و ئاست و شێوازی بەرگریی کەسەکان. هەر بۆیە پشکنینەکان لەسەر بنچینەی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە دەکرێن تاوەکوو دڵنیابین کە ئەو نەخۆشییە هەیە و هەمان نەخۆشییە کە پزیشکەکە گومانی لێکردووە هەتبێت.

پێویستە نەخۆش ئەوە بزانێت کە سەرباری ئەوەی پشکنینەکان یارمەتیدەرێکی گەورەن لە دەستنیشانکردنی نەخۆشی، بەڵام هیچکام لە پشکنینەکان ناتوانن 100% بیسەلمێنن کە تۆ نەخۆشییەکەت هەیە یان نیتە. هەر پشکنینێک لە زانستی پزیشکیدا دوو سیفەتی هەیە کە لەسەر بنچینەی ئەوە پشتی پێدەبەسترێت، ئەوانیش

یەکەم: وردی لە دۆزینەوەی ئەو کەسانەی بەڕاستی نەخۆشییەکەیان هەیە.

دووەم: وردی لە دۆزینەوەی ئەو کەسانەی بەڕاستی نەخۆشییەکەیان نییە.

چۆن؟

با بە نموونە بڵێین پزیشک ئامۆژگاریت دەکات برۆیت پشکنینی مەمک (ماموگرافی) بکەیت کە (وردییەکەی لە دۆزینەوەی ئەو کەسانەی بەڕاستی نەخۆشییەکەیان هەیە 82%ـە، هەروەها وردییەکەی لە دۆزینەوەی ئەو کەسانەی بەڕاستی نەخۆشییەکەیان نییە 99%یە).

ئێستا تۆ ئەنجامەکەت وەرگرتەوە، دوو ئەنجام هەیە:

- پۆزەتیڤە بەواتای تۆ نەخۆشییەکەت هەیە.
- نێگەتیڤە بەواتای تۆ نەخۆشییەکەت نییە.

بەڵام ئایا ئەوە سەت لە سەت ڕاستە؟ بێگومان نەخێر، چونکە وەک باسمان کرد دوو سیفاتی پشکنینەکە وای لێدەکات ئەنجامەکان بەو جۆرە بن:

- ئەنجامەکەت پۆزەتیڤە و بەڕاستی نەخۆشیەکەشت هەیە، یان ئەنجامەکەت پۆزەتیڤ دەرچووە، بەڵام نەخۆشییەکەت نییە. (لەو نموونەیەدا ئەگەری 18% هەیە تۆ نەخۆش نەبیت و بڵێ نەخۆشیت هەیە).
- ئەنجامەکەت نێگەتیڤە و ڕاستییەکەی تۆ نەخۆشیەکەت نییە، یان ئەنجامەکەت نێگەتیڤە و بەڵام لەڕاستیدا تۆ نەخۆشی (لەو نموونەیەدا ئەگەری 1% هەیە بڵێ تۆ نەخۆش نیت و لەڕاستیدا نەخۆشییەکەت هەبێت).

هەر بۆیە پزیشکان لەکاتی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکدا کۆمەڵێ شت بەکاردەهێنن:

1- مێژووی نەخۆشی: کە تەواوی زانیارییەکان دەربارەی نەخۆشییەکە و تەندروستیی گشتی نەخۆشەکە دەپرسن.

2- پشکنینی کلینیکی: پزیشکەکە بەبینین و دەستلێدان و گوێگرتن و چەند تەکنیکێکی تایبەت زانیاری دەربارەی نەخۆشییەکە کۆدەکاتەوە.

3- پشکنینە جۆراوجۆرەکان: پشکنینی میز، خوێن و وەرگرتنی پارچە و سامپڵ یان گرتنی تیشک. جۆری پشکنینەکەش پشت دەبەستێ بە دوو بەشەکەی سەرەوە و بڕیاری پزیشکەکە.

4- هەندێجار پێویست دەکات نەشتەرگەری بەکاربهێنن بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە.

جا بۆیە یەکێک یا زۆرتر لەمانە وا لەپزیشکەکە دەکات دڵنیابێت کە چ نەخۆشییەکت هەیە و پێویست دەکات چی بکەیت. هەر بۆیە نابێت پشکنینەکان لەخۆوە و بێ ڕێنمایی پزیشک بکرێن، چونکە ڕەنگە سوودی نەبێت لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکەت و سەرباری ئەوەش پارەیەکی زۆر خەرج بکەیت.

* کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی

# هێرشی ئەمریکا بۆ سەر سووریا بەردەوام دەبێت؟



(فۆتۆ: AFP)

رووداو- هەولێر

بەرەبەیانی هەینیی رابردوو، هێزەکانی ئەمریکا 59 مووشەکیان ئاراستەی بنکەی شوعەیرات لە رۆژئاوای سووریا گرت. ئەوە یەکەمجارە لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا ئەمریکا راستەوخۆ بنکەیەکی سەربازیی سووریا بکاتە ئامانج. پاش ئەو هێرشانە، پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە کە ئاخۆ سیاسەتی کۆشکی سپی بەرامبەر بە داهاتووی سووریا گۆڕاوە و ئەم گۆڕانکارییە چ کاریگەرییەک لەسەر داینامۆکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێ؟

هێرشەکەی شەوی هەینی لە وەڵامی هێرشێکی کیمیاویدا بوو بۆ سەر خان شێخۆن کە بەگوێرەی بەرپرسانی وڵاتانی رۆژئاوایی، لەلایەن هێزی ئاسمانیی سووریاوە کراوە. لە ئاکامی هێرشەکەدا 70 کەس کوژران و زیاتر لە 100ی دیکەش ژەهراوی بوون. هێرشەکە یەک رۆژ دوای ئەوە هات کە کۆشکی سپی رایگەیاندبوو لادانی ئەسەد لە بەرنامەی ئەواندا نەماوە. بنکەی شوعەیرات هەمان ئەو بنکەیەیە کە بە گوێرەی وڵاتانی رۆژئاوایی، هێرشە کیمیاویەکەی لێوە کرابوو.

هێرشەکەی سەر بنکەی شوعەیرات کە نۆ فڕۆکەی سووریی تێکشاند، یەک رۆژ دوای لێدوانە توندەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا هات کە گوتی رژێمی سووریا بە هێرشە کیمیاوییەکە تەنیا هێڵی سووری نەبەزاندووە، بەڵکو "زۆر هێڵی دیکەشی بەزاندووە"، لە هەمان پرێس کۆنفرانسدا ترەمپ ئاماژەی بەوەشدا کە "ئەو هێرشە هەڵوێستی منی بەرامبەر بە سووریا و ئەسەد گۆڕیوە"، سەرۆکی ئەمریکا ئامادە نەبوو وردەکاریی زیاتر سەبارەت بەو گۆڕانکارییە بخاتەڕوو. هێرشەکەی بەرەبەیانی هەینی دەریخست کە ترەمپ بە پێچەوانەی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا "هێڵە سوورەکان" دەپارێزێ.

## چەکی کیمیایی سووریا و "هێڵی سوور"ی ئۆباما

مانگی ئابی 2012، باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، هۆشداری دایە حکومەتی سووریا کە ئەگەر رژێمی سووریا چەکە کیمیاوییەکانی بەکاربهێنێ "ئەوە حیسابات و هاوکێشەکانی ئێمە دەگۆڕێ". ئەوکاتیش دیار نەبوو مەبەستی ئۆباما لە گۆڕانی هاوکێشەکان چییە. ساڵێ دوای ئەم هەڕەشەیە، حکومەتی سووریا 1400 کەسی بە هێرشی کیمیایی کوشت و بەمەش "هێڵە سوورەکە"ی ئۆبامای بەزاند.

لە ئابی 2013 دا ئۆباما فەرمانی بە هێزی ئاسمانیی ئەمریکا دا لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بن. بڕیار وابوو بەریتانیا و ئەمریکا بە هاوبەشی هێرشە ئاسمانییەکە بکەن، بەڵام پەرلەمانی بەریتانیا بڕیارەکەی رەتکردەوە. رۆژی دواتر ئۆباما لەگەڵ دێنیس مەکدۆن، سەرۆکی دیوانی کۆشکی سپی، پیاسەیەکی یەک کاژێرییان لە باخچەکەی کۆشکی سپیدا کرد و پاش ئەو پیاسەیە، ئۆباما کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ستافی سەربازی و ئەمنیی کۆشکی سپی کرد و رایگەیاند کە لە بڕیاری لێدانی بنکە کیمیاوییەکانی ئەسەد پەشیمان بووەتەوە. ئۆباما تۆپەکەی خستە گۆڕەپانی کۆنگرێس. ئەویش بڕیاری لێدان لە رژێمی ئەسەدی پەسەند نەکرد.

چەند مانگ دوای ئەم بڕیارە، ئەمریکا و رووسیا رێککەوتن لەسەر ئەوەی چەکە کیمیاوییەکانی سووریا بۆ وڵاتێکی دیکە بگوازنەوە. بەگوتەی رێکس تیلەرسۆن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هێرشەکەی رۆژی 4ی مانگ دەریدەخات رووسیا نەیتوانیبوو هەموو چەکە کیمیاوییەکانی ئەسەد لابدات.

## هێرشەکان سنووردارن

شەوی پێنجشەممەی رابردوو دۆناڵد ترەمپ لە کاتی راگەیاندنی فەرمانی هێرشەکەی سەر بنکەی شوعەیراتدا گوتی: "چەند ساڵە هەوڵ دەدرێ هەڵسوکەوتی ئەسەد بگۆڕدرێ، بەڵام هەموو هەوڵەکان شکستیان هێنا". لێدوانەکەی ترەمپ ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بە ئامانجی هێرشەکان، واتە "گۆڕینی هەڵسوکەوتی ئەسەد". بەو پێیە بێت، چاوەڕێ ناکرێ هێرشی لەو جۆرە لە داهاتوودا بەردەوام بێ، لە کاتێکدا پێناچێ ئەسەدیش پاش بینینی کاردانەوەکەی شەوی هەینیی واشنتن چیدی بیەوێ وەکوو جاران بێباک مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بکات.

ناوەندی ئەمریکیی ستراتفۆر ئاماژە بەوەش دەکات کە بەو پێیەی هێرشەکان رێک بۆ سەر ئەو بنکەیە بوون کە گومان دەکرێ هێرشەکانی چواری مانگی خان شێخۆنی لێوەکرابێ، چاوەڕێ ناکرێ هێرشەکانی هەینی بەشێک بن لە پلانێکی درێژخایەن بۆ هێرشی بەردەوام بۆ سەر بنکە ئاسمانی و سەربازییەکانی سووریا.

بۆیەش چاوەڕێ ناکرێ ئەمریکا گۆڕانێکی گەورەی لە سیاسەتی خۆیدا بۆ داهاتووی سووریادا کردبێ و بە نیازبێ رژێمی ئەسەد برووخێنێ و لە جێگەی ئەو دەسەڵاتی کاتی دابنێ.

رەوشی شەڕی نێوخۆیی سووریا لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا زۆر گۆڕاوە، گەورەترین گۆڕانکاریش بەشداریی راستەوخۆی رووسیا بوو لەو شەڕەدا کە بووە هۆی ئەوەی هەر چەشنە دەستێوەردانێکی دیکە لە جەنگی سووریادا مەترسیی گەورەی بەدواوە بێ و کێشان و پاراستنی هێڵی سوور کارێکی قورس بێ. بۆیەش چاوەڕێ ناکرێ ئیدارەی ترەمپ بەبێ راوێژی رووسیا، هێڵی سووری نوێ بۆ سووریا دابنێ.

وەکوو ئەندرو تەبلێر، توێژەر لە پەیمانگای واشنتن ئاماژەی پێداوە "ئەو جۆرە هەنگاوە دەتوانێ نیگەرانی لە حکومەتی سووریادا دروست بکات، ئەو نیگەرانییەش وادەکات سووریا نەتوانێ هەنگاوەکانی داهاتووی ئەمریکا پێشبینی بکات". تەبلێر پێیوایە هەنگاوەکەی ترەمپ دەستکەوتی زیاتر دەبێ لەو هەنگاوەی ئۆباما "کە دواجار هیچ شتێکی لێ شین نەبوو".

## پەیوەندییەکانی ئەمریکا و رووسیا بەرەو کوێ؟

پاش هێرشەکەی سەر بنکەی شوعەیرات، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئاخۆ کاردانەوەی درێژخایەنی رووسیا چی دەبێ و پەیوەندییەکانی واشنتن و مۆسکۆ بەرەو کوێ دەچن؟ لە مانگی تەمووزی 2016ەوە ئەمریکا و رووسیا لێکتێگەیشتنێکیان واژۆ کردووە سەبارەت بە هاوکاری و هەماهەنگیی هێزە ئاسمانییەکانی هەردوو وڵات لە دژی قاعیدە و داعش لە سووریا. رێککەوتنەکە لێدانی هێزەکانی لایەنگری ئەسەد ناگرێتەوە.

لە سەرەتای کەمپینەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکاوە ترەمپ وەکوو کەسێک ناسرابوو کە خوازیاری لێکنزیکبوونەوەی رووسیا و ئەمریکایە. ترەمپ هەتا چەند هەفتە لەمەوبەریش دەیگوت ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی مۆسکۆ و واشنتن بەکارێکی باش دەزانێ. تەنانەت گومانی ئەوەش دەکرا ئەمریکا بیری لە لادان یان سووککردنی سزاکانی سەر رووسیا کردبێتەوە.

بەڵام هێرشەکەی هەینی کاردانەوەی توندی رووسیای بەدواوە بوو. وەزارەتی بەرگریی رووسیا رایگەیاند لێکتێگەیشتننامەکەی ساڵی 2016 رادەگرن. ئۆفیسی سەرۆکایەتیی رووسیا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند هێرشەکانی شوعەیرات زیانی جدی بە پەیوەندییەکانی مۆسکۆ و واشنتن گەیاندووە.

بڕیارە رۆژی 12ی نیسان، رێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی مۆسکۆ بکات کە هێرشەکەی هەینی تەوەرێکی سەرەکی کۆبوونەوەکە دەبێ. خاڵی ئەرێنی کە بەدەست تیلەرسنەوە بێ ئەوەیە هیچ سەرباز یان راوێژکارێکی رووسی لە هێرشەکەدا زیانی پێنەگەیشتووە. جیا لەمە، بە گوێرەی کۆشکی سپی، حکومەتی رووسیا پێشوەخت لە هێرشەکە ئاگادار کراوەتەوە. چاوەڕێ دەکرێ لەو کۆبوونەوەیەدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەخت لەسەر پابەندیی ئەمریکا بە جەنگی دژی تیرۆر و هاوکارییەکانی مۆسکۆ و واشنتن لەو بارەیەوە بکات، بەڵام هاوکات داوا لە رووسیاش بکات کە سووریا جڵەو بکات.

## هێرشەکەی شوعەیرات و جەنگی دژی تیرۆر

دوای مووشەکبارانکردنی شوعەیرات، ئەو پرسیارە زۆر دەکرێ کە شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەدژی داعش چی بەسەردێ؟ هەتا شەوی هەینی حکومەتی سووریا بە کردەوە چاوپۆشی لە هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە خاکی سووریا دەکرد. بەڵام لە پاش ئەو هێرشەوە چاوەڕێ ناکرێ سووریا هەمان هەڵوێستی پێشووی هەبێ، ئەوەش تەنیا مەترسیی گەورە لەسەر گیانی فڕۆکەوان و ستافی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا دروستناکات، بەڵکو لە حاڵەتی خستنەخوارەوەی فڕۆکەی ئەمریکی لەلایەن هێزەکانی سووریا یان رووسیاوە، ئەگەری دروستبوونی شەڕێکی قورسی نێودەوڵەتی دێتە ئاراوە کە رەنگە هیچکام لە سێ لایەنەکە لەم قۆناغەدا خوازیاری نەبن.

## ئەو شەوەی ترەمپ لە ئەسەد تووڕە بوو

# چیرۆکی پشت لێدانی بنکەی شوعەیرات



رووداو- هەولێر

یەکەم نیشانەی گۆڕانی هەڵوێستی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، بەرامبەر ئەسەد، رۆژی چوارشەممەی رابردوو دەرکەوت، کاتێک لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیی هاوبەشدا لەگەڵ شا عەبدوڵڵا، شای ئوردن، لە باخچەکەی کۆشکی سپی دەرکەوت. رۆژی پێشتر مووشەکێکی بارگاوی بە گازی سارین بەر گەڕەکێکی شارۆچکەی خان شەیخون، لە پارێزگای ئیدلیب کەوتبوو، بەهۆی ئەم هێرشەوە 70 ئافرەت، منداڵ و پیاو کوژران.

لە ماوەیەکی کورتدا دیمەنەکانی دوای بۆردومانەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەوە، تەرمی کوژراوەکان و ئەو خەڵکەی کە ژەهراوی بوون و هەناسەیان بۆ نادرێ. وێنەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر سەرۆکی ئەمریکا دانا.

هەتا چەند رۆژێک بەر لەو هێرشە، سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە سووریا وەکوو خۆی مابوو. تەنانەت شان سپایسەر، گوتەبێژی کۆشکی سپی، بە ئاشکرا رایگەیاند "دەبێ واقیعی سیاسیی سووریا قەبووڵ بکەین"، واتە ئەمریکا نیازی هێرشکردنە سەر حکومەتی سووریای نییە. رۆژی دوای هێرشەکەی خان شەیخون ترەمپ گوتی "هەڵوێستم بەرامبەر سووریا و ئەسەد گۆڕاوە... ئەو هێرشەی کرایە سەر منداڵان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من دانا". سەرۆکی ئەمریکا رژێمی سووریای بەوە تۆمەتبار کرد کە "بەدەر لە هێڵی سوور، زۆر هێڵی دیکەشی بەزاندووە".

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی، ئێوارەی چوارشەممەی رابردوو تیمی ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی کۆبوونەوەیەکیان سازدابوو. ئەو کۆبوونەوەیە هەتا بەرەبەیانی رۆژی دواتری خایاندبوو. لە کۆبوونەوەکەدا راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ترەمپ و وەزیری بەرگری ئامادە بوون، زوو زووش تیلەرسن لە ئاکامەکانی کۆبوونەوەکە ئاگادار دەکرایەوە.

ئاژانسەکانی هەواڵگریی ئەمریکاش دەیانویست دڵنیاببنەوە لەوەی فڕۆکە سوورییەکان، هێرشەکەی خان شەیخونیان کردووە، چونکە حکومەتی رووسیا رایگەیاندبوو کە فڕۆکەکانی حکومەتی سووریا لە ئەمبارێکی چەکی کیمیایی ئۆپۆزیسیۆنیان داوە.

بەپێی راپۆرتێکی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، رۆژی دواتر ترەمپ کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا سازدابوو، لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە "کۆبوونەوەی بڕیار" ناوی دەرکردبوو، سێ بژارە خرابووە بەردەستی سەرۆک. ترەمپیش پاش پرسیارێکی زۆر، داوای کردبوو فۆکەس لەسەر دوو بژارەیان بکرێت.

پێشتر چاوەڕوانییەکی جیاواز بۆ ئەو هەفتەیە هەبوو، لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەی رۆژی پێنجشەممەی ترەمپ و زی ژینپینگ، سەرۆکی چین، بەڕێوەبوو، کە دەبووایە تێیدا باس لە سیاسەتی ئابووریی چین و زیانەکانی بۆ ئابووریی ئەمریکا، کێشەی دەریای چین و سیستەمی ئەتۆمی و مووشەکی کۆریای باکوور بکرێ، بەڵام کەشی کۆشکی سپی لەو رۆژەدا جیاواز بوو.

پاش "کۆبوونەوەی بڕیار" ترەمپ بە فڕۆکەی تایبەت بەرەو مار- ئا- لۆگۆ لە ویلایەتی فلۆریدا بەڕێکەوتبوو کە شوێنی کۆبوونەوەی دوو سەرۆکەکە بوو. لەو گەشتەدا ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنووسیش لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا بوون. راپۆرتەکەی رۆژنامەی گاردیەن فەزای نێو فڕۆکەکە "سوریالی" وەسف دەکات، بە جۆرێک هەم ترەمپ و هەم گوتەبێژەکەی پەشۆکانیان پێوە دیار بووە. لە ماوەی گەشتەکەدا ترەمپ بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە "ئەو هێرشە (واتە هێرشەکەی خان شەیخون) نەدەبووایە روویدات... نەدەبوو رێگەی پێبدرێ ئەو هێرشە بکرێ".

لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا یەکێک لە پرسیارەکان ئەوە بووە کە مۆسکۆ هەتا چەندە دەسەڵاتی بەسەر بڕیارەکانی دیمەشقدا دەشکێ. رۆژی بەر لە هێرشەکە حکومەتی رووسیا رایگەیاندبوو کە پشتیوانیی مۆسکۆ بۆ دیمەشق "بێمەرج" نییە. لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی رابردووشدا دەرکەوتووە کە پلانی مۆسکۆ و دیمەشق بۆ داهاتووی سووریا جیاوازیی بنەڕەتی تێدایە. ترەمپ بە رۆژنامەنووسانی نێو فڕۆکەکەی گوتبوو کە پەیوەندیی بە فلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیاوە نەکردووە، بەڵام لە داهاتوودا قسەی لەگەڵ دەکات.

بەگوێرەی بەرپرسانی ئەمریکی، پێنتاگۆن پێشوەخت وەزارەتی بەرگریی رووسیای لە هێرشەکە ئاگادار کردبووەوە.

رۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی کە دۆکیۆمێنتی کۆبوونەوەی ترەمپ و راوێژکارە ئەمنییەکانی دەستکەوتووە، بڵاویکردەوە کە لە بەشێکیدا هاتووە "رووسیا دەبێ بڕیار بدات: یان دەبێ بەرپرسیارێتی ئەوە هەڵگرێ کە ئەسەد پابەندە بە لەناوبردنی چەکە کیمیاوییەکانی خۆی، یان ئەوەتا دان بەوەدا بنێ کە توانای کۆنترۆڵکردنی ئەسەدی نەماوە".

ترەمپ لە مار- ئا- لۆگۆ و بەر لە دانیشتن لەگەڵ سەرۆکی چین کۆبوونەوەیەکی دیکەی لەگەڵ راوێژکارانی ئاسایشی نیشتمانیی سازدابوو کە ژمارەیەکیان لەگەڵی بوون و ژمارەیەکی دیکەشیان لە واشنتنەوە بە ڤیدیۆ بەشداری کۆبوونەوەکە بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا (واتە بەر لە بینینی ژینپینگ) بڕیار لەسەر یەکێک لە بژارەکان درابوو، واتە هێرشێکی سنووردار و سیمبۆلیک بۆ سەر بنکەی سەربازیی شوعەیرات. بەگوێرەی ئەو وردەکارییانەی دەست رۆژنامە ئەمریکییەکە کەوتووە، ئەمریکا تەواو دڵنیابووە لەوەی ئەو فڕۆکە سووریەی خان شەیخونی بۆردومان کردبوو لە شوعەیراتەوە هەڵسابوو.

هێرشەکەی سەر شوعەیرات بەر لە گەیشتنی شاندی چینی بۆ فلۆریدا کرابوو. هێرشەکە ماوەی سێ بۆ چوار خولەک بەردەوام بوو. تێیدا 59 مووشەکی جۆری (تۆماهۆک) ئاراستەی بنکە سەربازییەکەی سووریا کران.

دوای کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی چین، دەبووایە ترەمپ ئەنجامدانی هێرشەکە بە خەڵکی ئەمریکا رابگەیەنێ. گوتارەکە دەبوایە بەهێز و هەستبزوێن بێ، بۆیە زمانی گوتارەکە بۆ ترەمپ و راوێژکارەکانی گرنگ بووە. لە بەشێک لە گوتارەکەدا ترەمپ بە وشەی "دیکتاتۆر" وەسفی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریای کرد. بەشی زۆری گوتارەکە لەسەر تاوانەکانی ئەسەد لە دژی "ئافرەت، پیاو و منداڵی بێگوناە" چڕکرابووەوە.

بەگوتەی هێربرت مەکمەستر، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ترەمپ، یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکانی "کۆبوونەوەی بڕیار" ئەوە بووە رووسیا چ کاردانەوەیەکی دەبێ و چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. بۆیە لە پلانەکەدا بیریان لەوە کردبووەوە لەو شوێنانەی بنکە سەربازییەکە نەدرێ کە گومان دەکرێ بڕێکی زۆر گازی کیمیایی سارینی لێیە، نەوەک مەترسی بۆ سەربازانی رووسی یان هاووڵاتیانی مەدەنیی نزیک لە بنکە سەربازییەکە دروست بکات. وەکوو مەکمەستر ئاماژەی پێداوە "ئامانج لە هێرشەکەی هەینی لەناوبردنی یەکجاریی دامەزراوە کیمیاییەکانی سووریا نەبوو، بەڵکو کەمکردنەوەی توانای کیمیایی ئەو وڵاتە بوو".

# ڕۆژێک لەسەر سنووری دەوڵەتە ترسناکەکە



ئەیوب نووری



یەکێک لە ترسناکترین سنوورەکانی دنیا سنووری نێوان هەردوو کۆریای باکوور و باشوورە. ئەم سنوورە زۆرترین چەک و تەقەمەنیی تێدایە. لەهەردوو دیویشەوە هەزاران سەرباز، شەو و ڕۆژ لە ئامادەباشیدان و بە دووربین و کامێرا چاودێریی یەکتر دەکەن. ئەم سەر سنوورە پڕە لە ترس و دڵەڕاوکێ و بەدگومانی. دەکرێ لە هەر چاوترووکانێکدا شەڕێکی ترسناک هەڵبگیرسێ.

زیاد لە شەست ساڵیشە ئەم سنوورە هەر وا بووە. جاران کۆریا یەک وڵات بوو. یەک زمان و یەک دابونەریتیان هەبوو. بەڵام لە هاوینی 1950 دا شەڕێکی گەورەی خوێناوی لەو نیمچە دوورگەیە هەڵگیرسا کە بوو بەهۆی دابەشبوونی وڵاتەکە بۆ باکوور و باشوور.

ئەو بەشەی کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ کۆریای باشوور، لەژێر دەستی کەسانێکدا بوو کە لە ئەمریکاوە نزیک بوون. بەشەکەی باکووریش لە یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە نزیک بوو. ئەم دوو لایەنە کاتێ دروست بوون کە یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا لە ساڵی 1945 دا ژاپۆنیان لە کۆریا دەرکرد. نیمچە دوورگەی کۆریا ماوەی 36 ساڵ بوو لەلایەن ژاپۆنەوە داگیر کرابوو.

ماوەی پێنج ساڵ بوو هەوڵ دەدرا ئەمریکی و ڕووسەکان کۆریا چۆڵ بکەن و حکومەتێکی یەکگرتوو بۆ ئەو وڵاتە دروست بکەن، بەڵام ڕۆژێکی هاوینی ساڵی 1950 هێزەکانی باکوور لەناکاو دایان بەسەر باشووردا و لەماوەیەکی کەمدا تەواوی هێزەکانی باشووریان ڕامالی. تەنیا ناوچەیەکی بچووک مابوو بۆئەوەی هەموو وڵاتەکە بخەنە ژێر دەستی خۆیان، بەڵام ئەمریکا بەرامبەر ئەم دەستدرێژییە هاتە دەنگ. نەتەوە یەکگرتووەکان بە پەلە کۆبووەوە و داوای لە وڵاتان کرد بچن بە هانای باشووری کۆریاوە و بەرگرییان لێ بکەن. ژمارەیەک وڵاتیش، لەوانە: ئەمریکا، فەڕەنسا، بەریتانیا، کەنەدا، تورکیا و چەند وڵاتێکی دیکە، سەرباز و کەشتیی جەنگی و فرۆکە و چەکیان ڕەوانەی نیمچە دوورگەی کۆریا کرد.

ئەو فەرماندە ئەمریکییەی کرا بە بەرپرسی هێزە هاوپەیمانەکان ناوی ژەنەراڵ مەک ئارسەر بوو. کەسێکی سەربازیی شارەزا و لێهاتوو بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا کەسێکی سەرکێش و ترسناک بوو. دوای ئەوەی هێزەکانی باکووریان پاڵ پێوەنا بۆ ئەودیو هێڵی 38 کە سنووری دیفاکتۆی نێوان هەردوولا بوو، ژەنەراڵ مەک ئارسەر پێشنیازی بۆ هاوپەیمانان کرد کە نەوەستن و لە پێشڕەوی بەردەوام بن تا بەتەواوی هێزەکانی باکوور تەفروتونا دەکەن. پێیوابوو کە هەلێکی باش هەڵکەوتووە بۆئەوەی مەترسیی چەپرەوەکانی باکوور بۆ هەتاهەتایە لەناوببەن و هەردوو کۆریا بکەنەوە بە یەک. لەم کارەش بەردەوام بوو هەتا هێزەکانی هاوپەیمانان چوونە ناو قووڵایی باکوور، بەڵام لەو کاتەدا کۆماری چینی دراوسێ هەستی بە مەترسی کرد و سەدان هەزار سەربازی خۆی ڕاستەوخۆ خستە ناو شەڕەکەوە. دەترسا لەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانان بگەنە سەر سنووری وڵاتەکەی و حکومەتە ساوا کۆمۆنیستییەکەی چینیش بڕووخێنن. بەم هەنگاوەی چین، شەڕەکە هێندەی دیکە گەورەتر و خوێناویتر بوو. هەزاران هەزار سەرباز وەک شەپۆلی ئاو سنگی خۆیان دەدایە بەر گوللەی هاوپەیمانان بۆ هێواشکردنەوەی پێشڕەوییەکانی.

کار گەیشتە ئەوەی ژەنەراڵ مەک ئارسەر پێشنیاری بۆ سەرۆکی ئەمریکا کرد کە بۆمبی ئەتۆمی بەکاربێنن لە دژی چینییەکان، بەڵام سەرۆکی ئەمریکا بەگوێی مەک ئارسەری نەکرد. بەڵکو لایشیبرد لەسەر کار و دووری خستەوە. نە ئەمریکا و نە یەکێتی سۆڤیەت و نە هیچ وڵاتێکی دیکە تاقەت و توانای ئەوەیان نەمابوو جەنگێکی دیکەی جیهانی هەڵبگیرسێنن.

دواجار، سێ ساڵ لەدوای هێرشەکەی باکوور و دوای هەوڵ و دانوستاندنی بەردەوامی وڵاتانی بێلایەن، هەردوولا گەیشتنە ڕێککەوتن و هاوینی 1953 ئاگربەستێکیان ڕاگەیاند. هێزەکانی هەردوولاش ڕێک لەو شوێنە ڕاوەستان کە سێ ساڵ پێشتر لێی بوون. لەم شەڕەدا نزیکەی سێ ملیۆن کەس بە سەرباز و مەدەنییەوە کوژران.

لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئاگربەستەوە ئەم سنوورە کە درێژییەکەی 250 کیلۆمەترە، وەکو خۆی ماوە. ئێستا دەتوانی لە شاری سیئۆلی پایتەختی کۆریای باشوورەوە بە پاس بڕۆیت و سەردانی ئەم سنوورە بکەیت، ڕۆژانە هەزاران کەس لە خەڵکی کۆریا و لە گەشتیارانی بیانی دێن و سەردانی ئاسەوارەکانی ئەو جەنگە خوێناوییە دەکەن و هەر لێرەوە بە دووربینی گەورە یان بەچاوی خۆیان لە گوند و ئاواییەکانی کۆریای باکوور دەڕوانن.

منیش ڕۆژێکی ساردی زستان، کاتێک کەشوهەوا چەندین پلە لەژێر سفر بوو، چووم بۆ ئەم سەر سنوورە. ڕووبارەکەی کە هەردوو وڵات لێک جیادەکاتەوە، یەکپارچە بەستبووی و بووبووە شەختە. درەختەکان گەڵایان پێوە نەمابوو. لەگەڵ هەموو هەناسەیەکدا هەڵمی دەم و لووت بەرچاوی دەگرتی.

کاتێک لەودیو سنوورت دەڕوانی، تاک و تەرا خەڵکت دەبینی. چەند گوندێک و شارۆچکەیەکی کۆریای باکوور دیار بوون، بەڵام دەتگوت پشووی فەرمییە و دانیشتووانەکەی لەماڵەوەن، یان بە زۆرەملێ و لەناکاو بۆ شوێنێکی تر دوورخراونەتەوە. ئەمبەر پڕ بوو لە ژیان و دەنگ و ڕەنگ.. ئەوبەریش چۆڵ و خامۆش.

دوای زیاتر لە شەست ساڵ دابڕان و دابەشبوون، ئێستاش هەردوو کۆریا بەشەکەی دیکە بەهی خۆیان دەزانن. لەڕێی میدیا و پڕوپاگەندەشەوە بەردەوام یەکتر تۆمەتبار دەکەن بە شەڕەنگێزی و هۆکاری لەتبوونی وڵات. ساڵانێکی درێژ جەنگێکی دەروونییان لەدژی یەکتر بەرپا کردبوو بەوەی ئاڵای کامیان بەرزتر و گەورەتر و گوندەکانی سەر سنووری کامیان جوان و ڕازاوەترە. کەچی لە هەمان کاتیشدا بەردەوام خەریکی پیلانگێڕانن لەدژی یەکتر.

باشوورییەکان دەڵێن باکوورییەکان لە چل ساڵی ڕابردوودا چەند تونێلێکیان لەژێر زەوی هەڵکەندووە بە نیازی ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان هێرش بکەنەوە سەر کۆریای باشوور. تونێلەکان چەند کیلۆمەترێک درێژن و لەناخی زەویدان. یەکێکیان هێندە فراوانە کە دەیان هەزار سەرباز و تانک و زرێپۆش دەتوانن لەیەک کاژێردا بەناویدا تێپەڕن.

ئەم پیلانانە لەلایەن پاسەوانانی باشوورەوە ئاشکرا بوون و ڕاگیران. ئێستاش بوونەتە شوێنێکی سەرنجڕاکێش بۆ گەشتیاران و سەردانیکەران کە لە کۆریا و سەرتاسەری دنیاوە دێن بۆ بینینیان. کاتێک دەچیتە ناو تونێلەکان، دەبێ کڵاوێکی ڕەق لەسەر بکەی بۆ پاراستنی سەرت لە تاشە بەرد و دیوارە تەڕ و شێدارەکان.

ڕەنگە کۆریای باشووریش هەمان پیلانی لەدژی باکوور هەبێ، بەڵام لەبەرئەوەی چوون بۆ ناو کۆریای باکوور ئەستەمە، تەنها ئەو چیرۆکە دەبیستی کە باشوورییەکان بۆتی باس دەکەن.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە هەردوو کۆریا لەم چەند ساڵەی دواییدا هەندێ نیشانەی نیازپاکییان بەرامبەر یەکتر نیشانداوە. ساڵی 2000 هەردوولا گەیشتنە ڕێککەوتنێک بۆ ئەوەی ئەو خێزانانەی بەهۆی جەنگی نێوانیانەوە دابڕاون، بتوانن یەکتر ببینن. لەو کاتەیشەوە تائێستا نزیکەی بیست هەزار کەس، بەتایبەت ژنان و پیاوانی بەساڵاچوو، لە گوندێکی سەر سنوور بە خزم و کەسیان شاد بوونەتەوە.

هەروەها ساڵی 2007 بەپارەی خەڵکی کۆریای باشوور هێڵێکی شەمەندەفەر دروستکرا بەهیوای ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن گەشتی باکوور بکەن و لەوێشەوە بڕۆن بۆ ڕووسیا و ئەوروپا، بەڵام ئەم هێڵەش وەک سەرجەم هەنگاوەکانی تر لەم سنوورە کۆتایی هات.

یەکتر بینینی خێزانەکان و هێڵی شەمەندەفەر و ڕاگرتنی جەنگی ڕاگەیاندن لە دژی یەکتر گوایە نیشانەی نیازپاکییانە بەرامبەر یەک، بەڵام ڕاستییەکان لەسەر زەوەی جۆرێکی ترن. کۆریای باکوور و باشوور هیچ جۆرە متمانەیەکیان بەیەکتر نییە. هەرجۆرە چەکێکی پێشکەوتوویان دەستبکەوێ یان دروستبکەن، دەیهێنن و لەم سەر سنوورە جێگیری دەکەن. بەردەوامیش وەکو مارێک بەبێدەنگی چاودێریی یەکتر دەکەن.

کۆریای باکوور و باشوور چیدی دوو وڵاتی جیاوازن. لە سیاسەت و ئابووری و حوکمڕانیدا وەک ئەوە وایە لە دوو هەسارەی جیاواز بن. کۆریای باشوور وڵاتێکی دیموکراسی سەرمایەدار و دەوڵەمەند و کراوەیە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەڕێی تەکنەلۆجیا و داهێنانەوە زیاتر تێکەڵی دنیا دەبێ. کۆریای باکووریش وڵاتێکی دیکتاتۆری داخراوە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە کردەوە سەیر و سەمەرەکانی سەرۆکەکەی و تاقیکردنەوە مووشەکییەکانی سوپاکەی، زیاتر خۆی لە دنیا دادەبڕێ.

## پاش تونس و سعودیە خاوەنی زۆرترین ژمارەی چەکدارە لە نێو داعش

# 4000 ڕووسی لە ریزەکانی داعش و بەرەی فەتحی شامدان

ڕووداو- هەولێر

هەفتەی پێشوو بۆمبێک لە میترۆی شاری سان پیتەرزبورگی ڕووسیا تەقییەوە و بەهۆیەوە 14 کەس کوژران و زیاتر لە 50 کەسیش بریندار بوون. پاش ئەو تەقینەوەیە، بۆمبێکی دیکەش دۆزرایەوە و پووچەڵ کرایەوە. هێرشەکەی ڕۆژی دووشەممە گەورەترین هێرشی لەو جۆرە بووە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا لە ڕووسیا.



### باجی جەنگی سووریا:

ڕووسیا لە 31ی ئەیلولی 2015ەوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە شەڕی نێوخۆیی سووریادا دەکات. ئامانجەکەشی مانەوەی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریایە لەسەر کورسیی دەسەڵات. ئەم دەستێوەردانە ڕاستەوخۆیەی ڕووسیا لە قەیرانی سووریا باڵانسی شەڕی لە بەرژەوەندیی هێزەکانی لایەنگری ئەسەد شکاندەوە.

کۆڵن کلارک، لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەمریکیی ڕەند (RAND) دەڵێت "لەدوای دەستتێوەردانی ڕووسیا لە جەنگی سووریا، ئەو گومانە بەهێز بووە کە مۆسکۆ پارێزەری بەرژەوەندییەکانی شیعەیە لە ناوچەکەدا".

هەڵبەت دەستێوەردانەکەی ڕووسیا کۆمەڵێک بەرژەوەندیی ستراتیژی بۆ ڕووسیا بەدواوە بووە، لەوانەش بەهێزکردنی بنکەی دەریایی خۆی لە تەرتۆس، دانانی بنکەیەکی ئاسمانی لە لازقیە و هێزێکی هێرشبەری دەریایی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای نێوەڕاست. بەڵام ئەم بەشدارییە گەورەیەی ڕووسیا لە قەیرانەکە، تووڕەیی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانیشی بەدوادا هاتووە، لەوانەش داعش و بەرەی فەتحی شام کە بە لقی قاعیدە لە سووریا لەقەڵەم دەدرێ. لەنێو ئەو دوو گرووپەشدا ژمارەیەکی زۆر ئەندام و لایەنگری خەڵکی ڕووسیا و قەوقاز هەن.

هەتا ئێستا هیچ گرووپێک بەرپرسیارێتی هێرشەکەی سان پیتەرزبورگی لە ئەستۆ نەگرتووە، بەرپرسانی ئەمنیی ڕووسیا ڕایانگەیاند، ئەکبەرژۆن جەلیلۆڤ، گەنجێکی 22 ساڵەی ڕووسیی بەڕەچەڵک قرقیز، ئەنجامدەری هێرشەکە بووە، لایەنگرانی داعشیش هەر زوو وێنەکانی هێرشەکەیان لەسەر کەناڵی غەزوەی نزیک لە داعش بڵاوکردەوە و ڕایانگەیاند، هێرشەکەی جەلیلۆڤ لەگەڵ ئامانجەکانی ئەوان بۆ ڕووسیا تەبایە.

### جیهاد لە ڕووسیا

هێرشەکەی سان پیتەرزبورگ، شاری لەدایکبوونی پوتین، پەردە لەسەر کێشەیەکی دیکەی مۆسکۆش لادەدات: ڕادیکاڵیزم خەریکە لەنێو موسڵمانەکانی ڕووسیادا بڵاودەبێتەوە. ئەم ڕەوتە لە کاتی جەنگی نێوان ڕووسیا و چیچاندا دەستیپێکرد و بە دەرکەوتنی داعش و فراوانبوونی سنووری چالاکییەکانی قاعیدە لە جیهاندا پەرەی سەندووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی پریپیسی ڕووسی، ژمارەی دانیشتووە موسڵمانەکانی ڕووسیا بە بەراورد لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی ڕووسیا خاوەن خێراترین ئاستی گەشەیە و ئێستا 16%ی دانیشتووانی ڕووسیا پێکدەهێنن. ڕووسیا 20 ملیۆن هاووڵاتی موسڵمانی هەیە، واتە لەنێو وڵاتانی ئەوروپیدا پاش تورکیا خاوەنی زۆرترین دانیشتووی موسڵمانە. لە نێوان ساڵانی 2002 تاوەکو 2016 ڕێژەی دانیشتووە موسڵمانەکانی ڕووسیا 40% زیادی کردووە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە "کەمبوونی ڕێژەی تەڵاق و بەرزبوونی ئاستی منداڵبوون لە نێوان موسڵمانەکان وای کردووە لەڕووی دیمۆگرافییەوە بەهێز بن". جگە لەمە لەساڵی 2002ەوە ژمارەیەکی زۆر کرێکار لە وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست و ئازەربایجانەوە ڕوویان لە ڕووسیا کردووە. گەشەی خێرای ژمارەی دانیشتووە موسڵمانەکانی ڕووسیا هەندێک لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی گەیاندووەتە ئەو قەناعەتەی کە هەتا 2020 ژمارەی موسڵمانەکانی ئەم وڵاتە دەکرێ بگاتە 20%ی دانیشتووانی ڕووسیا.

بەڵام ئەم دیاردەیە بە مانای ئەوە نایەت موسڵمانەکان لە نێو کۆمەڵگا و سیاسەتی ڕووسیادا جێگەی خۆیان کردبێتەوە. ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، سیاسەتێکی نەتەوەپەرستانە پەیڕەو دەکات کە لەسەر بنەمای شوناسی یەکگرتووی ڕووسی کاردەکات، بەم پێیە ئیسلام وەکوو شوناسێکی ئاینی بەشداری یان ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لە سیاسەتی حکومی و کۆمەڵایەتیی ڕووسیادا نییە. ئەم جۆرە لە پەراوێزخستن ڕێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی گرووپی وەکوو قاعیدە، داعش و گرووپی ئیمارەتی قەوقاز دزە بکەنە نێو کۆمەڵگای موسڵمانی ڕووسی و ناڕەزایەتییەکانی ئەوان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای خۆیان بەکاربهێنن.

### ڕەوشەکە بەرەو خراپتر دەچێ؟

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی لیۆن ئەرۆن، شارەزای ڕووسی لەبارەی گرووپە توندڕەوەکان، 5-7 هەزار چەکداری داعش زمانی ڕووسی دەزانن، بەو پێیەش زمانی ڕووسی پاش عەرەبی دووەم زمانی ڕێکخراوەکەیە، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی وڵاتانی قەوقاز و ئاسیای نێوەڕاست کە چوونەتە نێو داعش، زمانی ڕووسی نازانن. لە نێو ئەم ژمارەیەشدا دوو هەزار و 400 کەسیان خەڵکی ڕووسیان و ئەوانی دیکە خەڵکی وڵاتانی پێشووی یەکێتیی سۆڤیەتن. بە گوێرەی ئەم ژمارەیە کە حکومەتی ڕووسیاش پشتڕاستی کردووەتەوە، ڕووسیا لە پاش تونس و سعودیە خاوەنی زۆرترین ژمارەی چەکدارە لە نێو داعش.

زانیارییەکانی ناوەندی هەواڵگریی سوپای ڕووسیا ژمارەیەکی زیاتر لەوەی خستووەتەڕوو. بە گوێرەی داتاکانی ئەم ناوەندە 4000 ڕووسی و 5000 هەزار کەسی سەر بە کۆمارەکانی پێشووی یەکێتیی سۆڤیەت لە شەڕی نێوخۆیی سووریا لەنێو گرووپە سوننە توندئاژۆکاندان، لە سەرووی هەموشیانەوە داعش و قاعیدە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە 300 تا 500 چەکداری داعش خەڵکی مۆسکۆن. هەروەها نزیکەی 90%ی چەکدارە ئۆزبەک، تاجیک و قرقیزەکانی داعش لە کاتی پەیوەندیکردنیان بە داعشەوە، لە ڕووسیا کرێکار بوون. دەزگا ئەمنییەکانی ڕووسیا ئاماژەیان بەوە کردووە کە 300 (واتە 80%)ی چەکدارە ئۆزبەکییەکانی داعش لە کاتی بەیعەتدان بە داعش لە ڕووسیا بوون.

ڕاپۆرتەکەی ئەرۆن ئاماژە بە کێشەیەکی هاوبەشی ڕووسیا لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی دەکات کە کێشەی چاودێریکردنی ئیسلامییە توندڕەوەکانە لە نێو گرتووخانەکاندا. زیاتر لە 650 هەزار کەس لە گرتووخانەکانی ڕووسیادا بەندکراون، لەم ژمارەیە 1000 کەسیان سەر بە جڤاکە موسڵمانەکانی ڕووسیان. وەک ڕاپۆرتەکە دەڵێت، ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایان ڕەخنە لە سیستەمی گرتووخانەکانی ڕووسیا دەگرن، چونکە ئەم سیستەمە ڕێگەی بۆ نزیکبوونەوەی سەلەفییە جیهادییەکان خۆشکردووە.

ئەم ئامارانە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە سیاسەتی دژە- تیرۆری ڕووسیا چیدی ناتوانێ فۆکەس بخاتە سەر سیاسەتی ڕێگری لە بڵاوبوونەوە و دزەکردنی شەپۆلی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی بۆ نێو ڕووسیا، چونکە هەر ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانانی ئەم وڵاتە پەلکێشی ئەوجۆرە لە بیرکردنەوە بوون.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی ڕەند، بەر لە هێرشەکەی 2014ی شاری سۆچی لە ڕووسیا، دەزگا ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە، هانی سەلەفییەکانی ڕووسیایان دابوو ڕوو لە سووریا بکەن، بەڵام لەگەڵ تێکشکانی داعش و ئەگەری لاوازبوونی قاعیدە لە سووریا، ئەگەری گەڕانەوەی ئەو چەکدارانە بۆ ڕووسیا و وڵاتانی دراوسێی زیاتر دەبێ. ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەش مەشقی سەربازیی زۆریان بینیوە. لە سووریاش ڕووسیایان بە دوژمنی ژمارە یەک و هاوپەیمانی ئەسەد بینیوە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# گەڕانەوەی ئەمریکا

لەدوای لەبەریەک هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت و شکستی بلۆکی ڕۆژهەڵات، جەنگی کەنداو و لێکەوتەکانی، دەرگا بەڕووی ئەمریکادا کرایەوە بۆئەوەی ئامادەیی خۆی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا بەکرداریی بکات. سەرباری ئەوەی پێشتر و لە چەند ناوچەیەک بنکە و پێگەی سەربازییان هەبوو، بەڵام هەردوو جەنگی ئەفغانستان و عێراق لەڕووی سەربازییەوە زیاتر ئەمریکای پەلکێشی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد. ئیتر ئەمریکا لەڕووی کردارییەوە ڕۆڵی پلە یەک و یەکلاکەرەوەی لە کێشە و هاوکێشەکانی بەشێکی زۆری ناوچەکەدا دەگێڕا، تا هاتنە سەر حوکمی ئۆباما. لەوە بەدواوە هاوکێشەکان پێچەوانە بوونەوە، سەرەتا وەک قۆناغی یەکەمی کشانەوە خۆیان لە بەرپرسیارێتی و کێشەکان دوور دەخستەوە و دواتر وەک ڕاکردن لە کێشەکان، سوپاکەشیان کشاندەوە و ناوچەکەیان لەسەر سینییەکی زێڕ بۆ نەیارەکانیان بەجێهێشت.

لەوکاتەوە چی لەم وڵاتانەی کە ئەمریکا ڕۆڵی تێدا بینیون، هەروەها لە ناوخۆی ئەمریکاش قسە لەسەر بەرپرسیارێتی ئەمریکا دەکرا کە نەدەبوو بەو جۆرە و بە چارەسەرنەکراوی، کێشەکانی ناوچەکە جێبهێڵێ. هەموو چاوەڕوانییەکانیش بەسترابوونەوە بە گەڕانەوەی کۆمارییەکان بۆ سەر حوکم. ئێستا دوای هاتنی ترەمپ سەرەتاکانی سیاسەتێکی پێچەوانەی ئۆباما بەدەرکەوتوون و نەخشەی میکانیزمێکی نوێ بۆ گەڕانەوەی ئەمریکا خرابووە بەردەستی کۆنگرێس تا بەهۆی ئاوەدانکردنەوەوە قەرەبووی هەڵەی کشانەوەیان بکەنەوە و جارێکی دیکە بەهێزەوە بێنەوە ناوچەکە، بەتایبەتیش کە ئەو چەند ساڵەی ئەمریکا پشتی کردبووە کێشەکانی ئەم وڵاتانە، بەپلەی یەکەم ئێران و لە سووریاش ڕووسیا وەک دوو نەیاری ئەمریکا لە هەوڵی هەڵگەڕانەوەی تەواوی هاوکێشەکانی ناوچەکەدا بوون، ئەمەش جۆرێک لە هەڵوەستەی لای ئەمریکا دروست کردبوو کە درک بە پێویستیی گەڕانەوەی بکات.

ئەو پێشهاتانەی سووریا، پرۆسەی گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ ناوچەکە خێراتر دەکات، ڤیتۆی ڕووسیا لە ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ ڕێگری لە سزادانی ئەسەد لەسەر ئەو تاوانکاریانەی ئەنجامی دەدات، داخستنی دەرگای ڕێکارە نێودەوڵەتیەکانە بۆ سنووردانان بۆ سووریا و ئەمریکا پاڵ دەنێت بۆ گرتنەبەری ڕێگەی سەربازی، ئەوەی لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو ڕوویدا لە مووشەکبارانکردنی فڕۆکەخانەی سەربازیی شعێرات لە پارێزگای حمس لەلایەن ئەمریکاوە سەرەتا و دەستپێکی قۆناغێکی تازەیە لە هاوکێشە و ململانێکانی ناوچەکەدا. ئامانج لەو گورزە مووشەکەش وەک دەستپێکی سەلماندنەوەی وجودی ئەمریکا زیاتر پەیام بوو بۆ ناوچەکە وەک لەوەی بۆ لاوازکردنی ئەسەد بێت. تەنانەت ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی ڕووسیاش کە ئەمریکا لەوە دڵنیایە ڕووسیا ئەسەد ئاگادار دەکاتەوە، بۆ ئامانجی گەورەتر بووە، ئیتر ئەمریکا پاساوی ئەوەشی دەستکەوت ڕاوێژ بە ڕووسیا نەکات و لە داهاتوودا گورزی زیاتر لە ڕژێمەکەی ئەسەد و دامەزراوە سەربازییەکانی دەوەشێنێ.

ئەو ماوەیەی ئەمریکا خۆی لە کێشەکان بەدوور دەگرت، هاوسەنگیی هێز و هاوکێشەکانی بەقازانجی نەیارەکانی ئەمریکا گۆڕیوە، ئەمەش ئەرکی ئەمریکا قورستر دەکات لە بەهێزکردنەوەی ئەو ڕۆڵەی پێشتر هەیبووە یان ئەو پێگەیەی کە لە داهاتوودا دەیەوێ هەیبێت. لەبەر ئەوە هەموو ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان ئەوەیە کە ئەمریکا بە سەنگ و قورساییەکی گەورەترەوە دێتەوە مەیدانەکە. بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو مەیدانەش لەلایەن ئێران و ڕووسیاوە تا ئەندازەیەکی زۆر کۆنترۆڵ کراوە، ئەمریکاش لانیکەم جارێ نایەوێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەوان ڕووبەڕوو ببێتەوە، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت ئەمریکا چاوی لە گۆڕەپانی شوێنگرەوە بێت، واتا پێویستی بە بەدیلی خاک هەیە لەبری ئەوەی لەناو سووریا پێگەی سەربازیی خۆی بەهێز بکات کە ئەگەری بەریەککەوتنی بۆ دروست دەبێت، دەیەوێ لە نزیکترین دەروازەکانی جەستەی سووریاوە شوێن بۆ خۆی بکاتەوە.

بۆ ئەم ئامانجەش دوو ناوچەی گرنگ هەن کە ئەمریکا دەتوانێ بیانکاتە جێ پێگەی و لەوێوە قورسایی خۆی بخاتە سەر ڕووداو و پێشهاتەکانی سووریا. ئەو دوو ناوچەیەش تورکیا و هەرێمی کوردستانن کە تا ئەندازەیەکی زۆر لێکچوون لە دید و هەڵوێستیان بەرامبەر بە ئەمریکا و سووریا وەکو یەکە، تەنانەت لە ڕووی سنوور و جوگرافیا و نزیکییان بۆ سووریا هاوشێوەییەک هەیە. ڕەنگە نەتوانرێ بە ئاسانی بایەخی هیچ کامیان لەوی دیکە جیابکرێتەوە. گەرچی هەریەکە لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە دەڕوانێتە سووریا، بەڵام هەردوولا ئەسەد بە نەیار و مەترسی دەبینن و لەگەڵ ئەوەن ئەو ڕژێمە بڕووخێت.

ئەوەی لێکیان جیادەکاتەوە ئەزموونی کارکردن و پرۆسە سەربازییەکانی پێشتری ئەمریکایە لە عێراق کە وا دەکات ئەمریکا زیاتر چاوی لە هەرێمی کوردستان بێت وەک لە تورکیا. هەرچەندە بنکەی ئینجەرلیک لە تورکیایە، بەڵام چ لە جەنگەکانی ساڵی 1991 و لە ساڵی 2003 کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد، تورکیا هاوکار و هاوئاهەنگ نەبوو لەگەڵ ئەمریکا لە ڕێگەدان بە پەلاماری سەربازی لەناو خاکی وڵاتەکەیەوە دژ بە عێراق. کەچی هەرێمی کوردستان نەک ڕێگر نەبوو لە بەکاربردنی خاکەکەی، بەڵکوو پێشمەرگەش شانبەشانی مارێنزەکانی ئەمریکا دەجەنگان. بۆ سووریاش سەرباری ناکۆکیی نێوانیان و خواستی تورکیا لە ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد، بەڵام هەر مەترسی ئەوەش دەکرێت تورکیا بەهۆی پابەندێتی بە کۆمەڵێک عورف و یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی، ڕێگە بەوە نەدات سوپای ئەمریکا لەناو خاکی وڵاتەکەیەوە بنکەی سەربازی بۆ جەنگێکی لەو شێوەیە بکاتەوە. بەتایبەتیش کە ئەمریکا بەجۆرێک کۆمەک بە کوردی ڕۆژئاوا دەکات تورکیا لە ئەنجامەکەی دەترسێت، هەروەها تورکیا کۆمەڵێک بەرژەوەندی ئابووری لەگەڵ ڕووسیا پێکەوەیان دەبەستێت و نایەوێ ئەو پەیوەندیانە تێکبچن و ناخوازێت بەو ئەندازەیەش ئێران بخاتە سەنگەری بەرامبەر خۆیەوە.

ئەمە دەرفەت دەداتە هەرێمی کوردستان کە جوگرافیاکەی وەک خاکی شوێنگرەوە بۆ سوپای ئەمریکا بەکاربەرێت و لەناو خاکی سووریاش توانای مرۆیی هێزە کوردییەکان یارمەتیدەری سەرکەوتنی پرۆسە سەربازییەکانی ئەمریکا دەبێت لە ڕووداوەکانی سووریادا. وەک چۆن لە شەڕی داعشدا ئەمریکا ناچار بوو بۆ قەرەبووی چۆڵکردنی گۆڕەپانەکە، کۆمەکی پڕچەککردنی هێزە هاوپەیمانەکانی بکات، ئێستاش پێویستی بە سیاسەتێکی هاوشێوە دەبێت. بێگومان ئەمەش کورد پەلکێش دەکات بۆ ناو ڕووداوەکان، لەلایەک پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێز دەکات و لەلایەکی تریشەوە دەیکات بە بەشێک لە کێشە و ململانێکانی داهاتووی ناوچەکە. بۆیە پێویستی بە بیری ورد و خوێندنەوەی زیاتری هاوکێشەکان هەیە. دەبێت هەرێمی کوردستان بەرچاوی ڕوونتر بێت لەوەی چی لەم دەرفەت و پێشهاتە تازانە دەچنێتەوە، بەتایبەت کە لەبەردەم پرۆسەی ریفراندۆمین بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دەکرێ هەڵوێستی ئەمریکا لەو پرسە بکرێت بە سەنگی مەحەک بۆ هەنگاوەکانی ئایندە.



هیوا حاجی

# بەرەی "نەخێر بۆ سەربەخۆیی"

## گشتپرسی مێتۆدە نەک ئامانج

گشتپرسی یان ڕیفراندۆم، لە کۆتاییدا، وەک زۆربەی مێتۆدەکانی دیکەی دیمۆکراسی ئامرازێکە بۆ بەشداریی "هاووڵاتیان" لەو بڕیارانەی کە سروشتێکی گشتییان هەیە. گرنگیی ڕیفراندۆم لە خودی ئەنجامدانی پرۆسەکەدا نییە، بەڵکو لە ئاکامەکەیدایە. ئەم هاوکێشەیە بۆ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانیش ڕاستە. ئەو پرۆسەیە ئەگەر بە سەربەخۆیی کۆتایی نەیەت گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. بە دەربڕینێکی دیکە، بۆ زانینی ڕای کورد سەبارەت بە مانەوە/ دەرچوون لە عێراق، چ پێویستییەکی ئەوتۆ بە ڕیفراندۆم نییە. هەر بۆخۆی بەرگریی کورد لە دژی توانەوە لە عێراق، لانیکەم لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو بە دواوە، نیشان دەدات کە کورد عێراقی نەویستووە.

بە تێگەیشتنی ئێمە، کورد تەنها دەبێ لەو بارەدا ڕیفراندۆم بکات کە ئەگەری تەرجومەکردنی ئەنجامەکەی (وا چاوەڕوان دەکرێ زۆرینە بە بەڵێ بۆ جیابوونەوە دەنگ بدەن) بۆ واقیع، واتە سەربەخۆیی، ئەگەرێکی بەهێز بێت. ئەگەر ئەو دەرفەتە لە گۆڕێدا بێت کە ئەویش دیسان بابەتێکی بە پلە یەک سیاسییە، ئەوە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە گرنگ دەبێت، چونکە ئەگەری گۆڕانکاری لەگەڵ خۆیدا دێنێت. لەو نێوەندەشدا، گوتاری سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان، بەو وەفدەشەوە کە هەفتەی ڕابردوو سەردانی بەغدایان کرد، زۆر دڵخۆشکەر نین. هەرچەندە پێدەچێت لەبەر مەبەستێکی تەکتیکیش بێت، بەرپرسانی هەرێم دەڵێن "ریفراندۆم مەرج نییە ڕاستەوخۆ سەربەخۆیی بەدوادابێت" یان دەگوترێ "ڕیفراندۆم دەبێتە کارتێکی بەهێز بەدەستی کوردەوە لە دژی بەغدا". ئەو جۆرە لێدوانانە دەکرێ دوو مەدلوولیان هەبێت: یەکەم، ئەنجامدانی ڕیفراندۆم مەسەلەیەکی تەکتیکیە بۆ فشارخستنە سەر بەغدا و ناچارکردنی بە هەندێ سازش لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان و یان، دووەم: سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان تەواو بەرچاوی ڕوون نییە سەبارەت بە ئاسۆکانی بەردەم سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان. دەشگونجێ مرۆڤ ئەو تەفسیرە بکات کە سەرکردایەتی کورد، لەو قۆناغەدا بیانەوێ تا ڕادەیەک لە ترسی عێراق و دراوسێکان کەم بکەنەوە و لەوەوە ڕێگرییەکانی بەردەم پرۆسەکە بڕەوێننەوە تا کاتی ئەنجامدانی ڕێفراندۆمەکە.

هەرچۆنێک بێت، قسەی سەرەکی ئەوەیە کە ڕێفراندۆم، پێش ئەوەی مەسەلەیەکی یاسایی بێت، مەسەلەیەکی سیاسییە و پەیوەندی بە شوێنی تۆوە لە پەیوەندییەکانی هێزدا هەیە. ئەگەر بەهێزبوویت، جا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، فەرموو ڕێفراندۆم بکە، چونکە ئەوکات دەتوانی ئاکامی ڕێفراندۆمەکە بسەپێنی. ئەگەریش لە مەوقیعێکی باڵای هێزدا نەبیت، دیسان پێویست ناکا ڕێفراندۆم بکەی، چونکە زۆر بە سادەیی، ناتوانی ئاکامەکەی لە واقیعدا ڕەنگ پێبدەیەوە.

## گشتپرسی هەڵبژاردن نییە

ئەم قسەیە، بەلایەنی کەمەوە، بۆ ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان ڕاستە. لەنێو ژیانی دیمۆکراسیدا، هەڵبژاردن بە سروشتی خۆی کۆمەڵگا بەرەو دابەشبوونی زیاتر دەبات، ئەوجا لەسەر بنەمای سیاسەتی تەندروستی، پەروەردەیی، باج، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان یان هەر مەسەلەیەکی دیکە بێت. هەڵبژاردنەکان، ئەگەر تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنیشدا بێت، جۆرێک لە لێکدوورکەوتنەوە، ئاڵۆزی و دڕدۆنگی دروست دەکەن. بۆیە مەرج نییە میللەتان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا زۆر یەکگرتووبن. بێگومان دوای هەڵبژاردن دەبێ دیسان بۆ یەکێتی ناوخۆیی بگەڕێنەوە. ئەمە ڕەنگە بۆ زۆربەی ڕێفراندۆمەکانیش ڕاست بێت، بەو پێیەی سەبارەت بە پرسیار/ پرسیارەکانی نێو ڕێفراندۆمیش ڕای جیاواز و دژبەیەک دەبێت، بەڵام سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و ڕێفراندۆمی چاوەڕوانکراو، ئەو قسەیەی سەرەوە ڕاست نییە. کورد هەڵەیەکی گەورە دەکات ئەگەر بە یەکگرتووییەکی بەهێزی نێوخۆییەوە بەرەو ڕێفراندۆم نەڕوات. ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێک: میزاجی گشتیی خەڵک لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زیاد لە ئەندازە بەدەست ناکۆکییە نێوخۆییەکانەوە وێران بووە. سەرەڕای ڕەوشی نالەباری ئابووریی خەڵک، هێزە سیاسییەکان درێغییان نەکردووە لە شکاندنی یەکدی و بێهیواکردنی خەڵک. ڕەخساندنەوەی کەشێکی ناوخۆیی باش گرنگە بۆ زۆرترین بەشداریی خەڵک لە ڕێفراندۆمدا. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە ئێمە باسی هەڵبژاردن ناکەین تا بڵێین بەشداریی 60 تا 70 لەسەدی خەڵک لە هەڵبژاردن ڕێژەیەکی باشە لەو ڕوانگەیەوە کە تەنانەت لە هەندێ لە دیمۆکراسییەکانی ڕۆژئاواشدا، ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان لە سەدا 50 و 60 تێپەڕ ناکات. بەشدارییەکی متەوازیعی خەڵک، لەبەر ڕۆشنایی بێهیواییان لە سیاسییەکان، هەندێ گرفت بۆ شەرعیەتی جەماوەریی ڕێفراندۆم دێنێتە پێش، تەنانەت ئەگەر لەڕووی یاساییشەوە شتەکان دروست بچنە پێش. بە تێگەیشتنی ئێمە، ئەگەر بۆ نموونە 70%ی دەنگدەران بەشدارییان لە ڕێفراندۆم کرد و لە و ڕێژەیەش، دیسان بۆ وێنە، 70% بە (بەڵێ) و 30% بە (نەخێر) وەڵام بدەنەوە، ئێمە لەبەردەم ئەنجامێکی باشدا نابین و ئەنجامی ڕێفراندۆمەکە ئەوەندە بەهێز نابێت بە بەراورد بەوەی بۆ نموونە 90%ی خەڵک بەشداریی بکەن و جیاوازیی (بەڵێ) و (نەخێر) 90 بەرامبەر بە 10% بێت.

ئەگەر ڕێفراندۆم ئەنجام بدرێ، بە دڵنیاییەوە بەرەی "بەڵێ بۆ سەربەخۆیی" دەیباتەوە. ناتەبایی نێوخۆیی ڕەنگە نەبێتە هۆی دۆڕانی سەربەخۆخوازان، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەلایەک ئاستی بەشداری لە ڕێفراندۆم دێنێتە خوار و ڕەنگە تا ڕادەیەکیش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەنجامەکە هەبێت. بۆیە بەشدارییەکی گەورە لە ڕێفراندۆم و ئەنجامێکی باش بەندە بە چارەسەری ڕەوشی نێوخۆیی (بە هەر فۆرمولەیەک بێت) و تا ڕادەیەکیش باشکردنی گوزەرانی دانیشتووان لە چەند مانگی داهاتوودا.

## بەرەی "نەخێر بۆ سەربەخۆیی"

کێن ئەوانەی بە (نەخێر) دەنگ بە سەربەخۆیی دەدەن؟ جارێ بە تێگەیشتنی ئێمە ئەو بەرەیە کەمینەیە و نایباتەوە. لە هەمان کاتیشدا، من پێشبینی ناکەم هیچ لایەنێکی سیاسی لە کوردستان، تەنانەت ئەگەر لە ناخیشدا باوەڕی بە سەربەخۆیی نەبێت، جورئەت بکات و داوا لە خەڵک بکات بە (نەخێر) دەنگ بە سەربەخۆیی بدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرەی "نەخێر" بۆ سەربەخۆیی ڕێژەیەک (کەم تا زۆر) دەباتەوە. بەرەی "نەخێر بۆ سەربەخۆیی"، بە دیدی ئێمە لە دوو توێژی سەرەکی پێکدێت: یەکەم، ئەو بەشەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کە لە ماوەی ڕابردوودا فەرامۆشکراوە و بێبەشن. ڕەنگە ئەمانە زیاتر لەو گەنجانە پێکبێت کە تەمەنیان لە نێوان 20 تا 30 ساڵ بێت. ئەمانە ڕەنگە لەوانە بن کە خوێندنیان تەواو کردووە و بێکارن، تووڕەن لە ڕەوشی خۆیان و وڵاتەکەیان، دنیا دەبینن و هەست بە بێبەشییەکانی خۆیان دەکەن. ئەمانە دەکرێ کوردبن لە ڕووی ئێتنیکییەوە، دەگونجێ زۆریش نیشتمانپەروەر و نەتەوەخواز بن، بەڵام بێبەشبوون و تووڕەییان پاڵیان پێوەبنێت دەنگ بە سەربەخۆیی نەدەن. گرووپی دووەم، دەکرێ بەشێک بن لە ئەندامانی پێکهاتە ناکوردەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشە لەسەرەکان، بەو گریمانەی کە ڕێفراندۆم لەو ناوچانە ئەنجام دەدرێت. ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کەرکووک و کاردانەوەی بەرەی تورکمانی و عەرەبەکانی شارەکە گەواهی ئەو تێڕوانینە دەدەن. ئەوانەی لە دژی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان بوون لە شارەکەدا، ئەگەرێکی زۆر بەهێزە لە ڕێفراندۆمیشدا، یان بەشدار نەبن و کێشەیەک بۆ شەرعیەتی پرۆسەکە دروست بکەن، یانیش بەشداربن و بە نەخێر دەنگ بدەن. بۆیە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان لەسەریەتی بە ڕێگایەکی دروست، دوور لە زمانی تەخوین و ناشیرینکردن، مامەڵەیەکی پۆزێتیڤ و هاندەرانە لەگەڵ ئەم دوو گرووپە بکات.

بەکورتی ئەم وتارە سێ شت دەڵێ: پێویستە تەرکیزی زۆر بخرێتە سەر ئاکامی ڕێفراندۆم و ئەگەری پیادەکردنی و پێویستە کورد بە یەکگرتووییەکی بەهێزی نێوخۆییەوە بەرەو ڕێفراندۆم بڕوات، لە کۆتاییشدا، ئەوانەی دەکرێ بە (نەخێر) دەنگ بدەن، لەخۆبگیرێن و بێبەشی و مەترسیەکانیان کەم بکرێتەوە.



کاوە ئەمین

# بیری ستۆکهۆڵم دەکەم!

ئەگەرچی لە ستۆکهۆڵم نەژیاوم، بەڵام سەدان جار لەو شوێنەی کە ڕۆژی هەینی، کەسێکی ناکەسبەچە چەند کەسێکی تێدا کوشت و چەندینیشی تێدا بریندار کرد، زۆرجار لەگەڵ هاوڕێکانمدا دروست لەو شوێنەی تیرۆرەکەی تێدا کرا، یەکترمان بینیوە و پیاسەمان تێدا کردووە. ستۆکهۆڵم بووکی باکووری ئەوروپا، دەستی تیرۆریستانی پێگەیشت. لەو شەقامەدا ڕۆژانە زیاتر لە 40 زمان قسەی پێدەکرێ، زۆربەی ئەوانەی لەو دەوروبەرە کۆدەبنەوە، پەنابەرن یان کۆچبەرن کە لەدەست شەڕ و نەهامەتیی ژیان، پەنایان بردووەتە بەر سوێد.

کەچی ئەو زمانەی تیرۆریستان قسەی پێدەکەن "زمانی کوشتن، هەڵاواردن و دنیایەکی تاریک"، سەیرە تەنیا لەیەک شتیش دەگەن، ئەویش کوشتنە، مرۆڤ هەندێک جار دەکەوێتە گومانەوە، ئاخۆ لە فیشەک زیاتر، هیچ بە مێشکی تیرۆریستاندا دەچێت؟

تارمایی تیرۆر ئێستا لەهەموو کوچە و کۆڵانێک، مزگەوت و کڵێسا، شەمەندەفەر و فڕۆکەیەکدایە. کەس ناتوانێت پێشوەخت تیرۆریستان بناسێتەوە. کە ناسرایشنەوە تازە کارلەکار ترازاوە، ئەوان شەقامە پاکژەکانی ستۆکهۆڵم و شوێنانی دیکەیان پیس کردووە.

خەڵکی سوێد و دەوڵەتەکەیشی بەوە ناسراون کە زۆرجار دەست بە کڵاوەکەی خۆیانەوە دەگرن با نەیبات، تەنانەت لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، دەرگایان بۆ سوپای هیتلەر کردەوە و بەناو خاکی ئەواندا ڕۆیشتن و نەرویجیان داگیر کرد، بەڵام هاوکات سوێدییەکان بە یەکێک لەو نەتەوە مرۆڤدۆستانە دادەنرێن کە لە جیهاندا وێنەیان زۆر نییە. یاساکانی سوێد هێندە مرۆڤانە دانراون کە تەنانەت تیرۆریستان دوای گەڕانەوەیان لە "جیهاد" بۆ ئەو وڵاتە، هەمان ئەو مافانەیان هەیە کە هاووڵاتییەکی ئاسایی هەیەتی، بۆیە زۆرجار کەسانی کەتنکەر و ئەوانەی کە مافی مرۆڤیان لە وڵاتەکانیان پێشێل کردووە، کەڵکیان لەو یاسایانە وەرگرتووە و خۆیان لەسایەیدا شاردووەتەوە، چەندین بەعسی و تاوانباری یوگسلاڤیایی جاران بەناوی دیکەوە کەڵکیان لە یاساکانی سوێد وەرگرتووە، سویدییەکانیش زۆرجار باجی ئەوە دەدەن.

یوناس گاردێل، نووسەری دیاری سوێدی لە وتارێکدا دەڵێت "ڕێگا نادەین ستۆکهۆڵمەکەمان لەدەست دەربێنن"، باسی ئەوە دەکات کە زۆربەی ئەوانەی لە تیڤییەکانی سوێدەوە لەکاتی ڕووداوەکەدا قسەیان لەگەڵ کردوون، خەڵکانی کۆچبەر بوون و بەزمانی سوێدی و بە ئەکسێنتی جیاوازەوە باسیان لەوە کردووە کە "وڵاتەکەیان سوێد، هێرشی کراوەتە سەر". گاردێل دەڵێت: ئەوان ڕاست دەکەن، ئەمە شاری ئێمەیە، وڵاتی ئێمەیە، ناهێڵین تیرۆریستان لێمان بستێنن".

ئەوەتا منیش لە گوندێکی ئەم کوردستانەوە کە وڵاتی منە، هەستی "سوێدیایەتیم" جووڵاوە، ئاخر سەردەمانێکی زۆر لە سوێد ژیاوم، کەچی تیرۆریستە گەوجەکان، نەک بەرد، ژەهر دەکەنە ئاوی ئەو کانییەی لێی دەخۆنەوە.

بیری شەقامەکانی ستۆکهۆڵم دەکەم، بیری خانەی فەرهەنگی و گۆڕەپانی سێرگلس دەکەم، ئەو گۆڕەپانەی مانگ نەبوو لێوەی هاوار نەکەین: بژی بژی کوردستان و داگیرکەر بۆ دەرەوە. ئێستا کە لێرەوە هەست بە ئازادی دەکەم، بە پێچەوانەوە دەڵێم: دڵم لای سوێد و ئەوانەیە کە بوونە قوربانی.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# گۆڕان، ریفراندۆمیش بایکۆت دەکات؟

1

کاردانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان، سەبارەت بە بایکۆتکردنی دانیشتن و کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی هاوبەشی یەکێتی و پارتی چاوەڕواننەکراو نەبوو، دانیشتنی خێرا و بلەزی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی و پێکهێنانی لیژنەی سیاسیی باڵا بۆ دانیشتن لەگەڵ حیزبەکان و بەغدا و، جێبەجێکردنی بڕیارەکان لە کەمتر لە بیست و چوار سەعاتدا، گۆڕانی تووشی شۆک کرد، چونکە هێشتا گۆڕان خەریکی ئەوە بوو کە لەسەر نەخشەڕێگاکەی یەکێتی دانیشتن و کۆبوونەوە بکات، بەڵام ئەو مانۆڕە خێرایەی یەکێتی ئەوانی غافڵگیر کرد. هەربۆیە سەرەتا نەیاندەزانی چی بکەن و لە هەمووشی خراپتر بۆ گۆڕان ئەوە بوو کە یەکێتی لەوبارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکی بۆ گۆڕان پێ نەبوو.

ئەگەرچی بەو بایکۆتە و بەستنەوەی هەموو بڕیارێکی سیاسی بە پەرلەمانەوە، گۆڕان بە حیسابی خۆی تۆڵەی لە پارتی کردووەتەوە کە ئامادە نەبوو لەگەڵ شاندی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی دانیشێ، بەڵام بڕیارەکەی گۆڕان زۆر دەستەپاچەیی پێوە دیارە. یەکێتی، پارتی و حیزبەکانی دیکە تا رادەیەک توانیویانە مەسەلەی ریفراندۆم و چارەنووسی کەرکووک، وەکو دوو پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی بخەنە دەرەوەی خیلافاتی سیاسیی ناوخۆیی. ئەگەرچی پرۆسەی ریفراندۆم ئاستەنگی یاسایی و سیاسی لەبەردەمە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، پارتی و یەکێتی هەم ئاڵتەرناتیڤی یاساییان پێیە و هەمیش حیسابی کاردانەوەکانی گۆڕانیان کردووە.

هەڵوێستی ئێستای گۆڕان، نائومێدیی تەواوە لە ڕێککەوتنی دووقۆڵی لەگەڵ یەکێتی و ئیدارەی نوێی یەکێتیش هێندە حیساب بۆ گوشارە ناوچەییەکانی گۆڕان ناکات و چاوی لە تابلۆ گەورەکەیە. هەر بۆیە گۆڕان پتر لەوەی بیر لە مەسەلەی ریفراندۆم بکاتەوە، دەرگیری خۆئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردنێک کە ئیحتیمالی زۆرە دوابخرێت. بەڵام ئەم چوارچێوەیەی کە ئێستا گۆڕان بە حیسابی خۆی سیاسەتی تێدا دەکات، لە داهاتوودا دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیاری بایکۆتکردنی بەشداری لە ریفراندۆمیش بدەن، بە واتایەکی دیکە گۆڕان کە ناتوانێ داوا لە لایەنگرانی بکات بە (نەخێر) یان بە (بەڵێ) وەڵامی پرسیاری گشتپرسییەکە بدەنەوە، بە هەمان ئەو پاساوەی کە بڕیار و ئەنجامدانی ریفراندۆم لە دەرەوەی دەسەڵاتی پەرلەمانەوە بووە و بڕیارێکی حیزبییە، بایکۆتی بەشداریکردن بکەن یانیش وەک هەڵبژاردنی 2009ی سەرۆکایەتیی هەرێم، دەنگدەرانی خۆیان سەرپشک بکەن لە بەشداریکردن یان نەکردن.

## ئەدی ئەگەر وەڵامەکە نەخێر بوو؟

2

ئەڵبەتە دۆست و دوژمن دەزانن، ئەگەر گشتپرسییەک لە کوردستانی باشوور ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی لە خەڵک بپرسن کە دەیانەوێ بەشێک بن لە وڵاتێکی داگیرکەر یان سەربەخۆ بن، وەڵامەکەی بە دڵنیاییەوە دیارە و، ئەوە بۆ هەموو لایەکیش روونە کە کورد سەرباری جیاوازیی بیر و را، زۆرینەیان داوای سەربەخۆیی دەکەن.

پەیوەست بە مەسەلەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دوو خاڵی گرنگ هەیە کە ناکرێ نادیدە بگیرێن: خاڵی یەکەم ئەوەیە کە کاتێک دەسەڵاتی سیاسی بۆ هەر پرسێک پەنا بۆ رای زۆرینەی خەڵک و جێبەجێکردنی دیموکراسیی راستەوخۆ دەبات، دەبێ پابەندیش بێت بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەوە و بڵێ ئەگەر خەڵکی کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، ئەو بڕیارە لە ماوەی ئەوەندە رۆژە یان ئەوەندە مانگەدا، جێبەجێ دەکرێت. ئێستا قسەیەک هەیە (رەنگبێ بۆ رەواندنەوەی ترسی وڵاتانی ئیقلیمی بێت) کە مەرج نییە ئەگەر وەڵامی خەڵک بەڵێ بوو بۆ سەربەخۆیی، بڕیارەکە دەمودەست جێبەجێ بکرێت! ریفراندۆمی کوردستان جیاوازە لە ریفراندۆمەکانی دیکە کە لە شوێنە جیاجیاکانی دنیا بەڕێوەدەچن، چونکە لە ئەورووپا دەتوانن لە ماوەی هەفتەیەکدا لەسەر پرسی زۆر سادە بڕیاری ریفراندۆم بدەن و جێبەجێشی بکەن و دواتریش هەموو پابەندی ئەنجامەکەی بن. بۆیە ئەگەر قەرارە ریفراندۆمێک بکرێت و هەموو کێشە سیاسی و ئابوورییەکان لە پێناوی ئەو ئامانجەدا بۆ ماوەیەک وەلاوە بنرێن، دەبێ خەڵکی کوردستان بزانێت کە دەنگەکەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان تەنیا وەکو کارتێکی گوشار و لەبیرکردنی قەیرانە ناوخۆییەکان بەکار نایەت. کەس نییە لەو دنیایە، ریفراندۆم بکاتە کارت و بیخاتە باخەڵییەوە!

خاڵی دووەم ئەوەیە کە ئێستا هەموو ئاراستەی بیرکردنەوە و هەڵوێستی سیاسی لە فەلەکی ریفراندۆم و ئەو باسەدایە کە ئیتر بواری پێکەوە ژیان لەگەڵ بەغدا نەماوە. مەبەست لە وەڵامی (نەخێر) ئەوە نییە کە (نەخێر) لە ریفراندۆمدا سەربکەوێت، بگرە ئەوەیە کە ئەدی ئەگەر زەمینەی ریفراندۆم لەبار چوو، ئایا سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان چ پلانێکی بۆ جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا دەبێ؟ چونکە پێناچێ هێزە ئیقلیمی و داردەستەکانیان وا بەئاسانی رێگە بەوە بدەن.

## دیوی ناوەوەی هەڕەشەکانی ئەردۆغان

3

ئەوەی لە هەڕەشەکانی ئەردۆغان دا جێگەی سەرنج بوو، ئەوە بوو کە نزیکەی هەشت ساڵە ئەردۆغان بەو زمانە قسەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا نەکردبوو. هەمان ئەو ئەردۆغانەی کە پێشتر باسی مافی دەستووریی کوردی دەکرد لە دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی هەرێم و کەرکووک، ئەو ئەردۆغانەی کە رێگەی دا نەوتی کەرکووک راستەوخۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە بۆری بگوازرێتەوە بۆ بەندەری جیهان و بفرۆشرێت، ئێستا هەڕەشەی تێکچوونی پەیوەندییەکانی کرد و تەنانەت گوتی باجی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک قورس دەبێ. ئەو هەڕەشەیەی ئەردۆغان پڕبەدڵی نەیارانی پەیوەندیی تورکیا و حکومەتی هەرێم بوو، لە خۆشیان شاگەشکە بوون، بەڵام راستییەکەی ئەردۆغان هەندێک شتیان بۆ نووسیبوو (پێدەچێ ئیلنور چەڤیکی راوێژکاری بۆی نووسیبێت) کە خۆی باوەڕی بە گوتنیان نەبوو. ئەم قسانەی ئەردۆغان تەنها بۆ رازیکردنی ی هاوپەیمانی بوو تا رۆژی ریفراندۆم.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ئاغازادە

ماوە ماوە لەگەڵ هاورێیانم رێمان دەکەوێتە سلێمانی. هەرجارێک کە دەچم، شتێکی نوێ دەبیستم کە لە کوردستان نیگەرانترم دەکات. باسی ئەمجارە چالاکیی ئاغازادەکانە. ئەو ئاغازادانەی تەنیا لە سلێمانی نا، بەڵکو لە کەرکووک و هەولێر و دهۆکیش هەن، بەڵام لە سلێمانی خەڵک کراوەتر قسەیان لەسەردەکات و لێیان بێزارترە.

رەنگە بپرسیت: "ئاغازادەکان کوڕی ئاغاکانی سەردەمی کۆنن؟" نەخێر. ئەو دەستەواژەیە لە نیوەی دووەمی هەشتاکانەوە کەوتووەتە نێو ئەدەبیاتی میدیا و کۆمەڵگەی ئێرانی و نزیکەی سی ساڵ دواتر بەشێوەیەکی "مامۆستایانە" گوازراوەتەوە باشووری کوردستان، بەڵام هێشتا لە میدیادا باسی ناکرێت و وەک دەستەواژە نەکەوتووەتە سەر زاران.

لە ئێرانی پاش جەنگ لەگەڵ عێراق، فەرماندە ئازاکان و وەزیر و کاربەدەستە دەستڕۆیشتووەکان چاویان لە چنینەوەی بەری رەنج و ماندووبوونیان بوو. هەندێکی کەمیان ئەمەیان پێ زوڵم بوو و بیروباوەڕەکەیان رێگەی نەدەدان بەرەو گەندەڵی بچن، بەڵام هەندێکی دیکەیان فێڵی شەرعییان بۆ گەندەڵی دۆزیبووەوە. ئەویش ئەوەبوو کە لەجیاتی ئەوەی بۆخۆیان گەندەڵی بکەن، کوڕ و خزمە نزیکەکانیان سوودیان لە دەسەڵات و پەیوەندییەکانیان وەردەگرت و ماڵباتەکانیان دەوڵەمەند دەکرد. ئەگەریش ئاشکرابووایە، کابرای بەرپرسی "خوانەناس" بێگوناه دەردەچوو، کوڕ یان خزمیشی گەندەڵ و "لاسار" دەردەچوو. بەنێوبانگترین نموونەی ئەو ئاغازادانە کوڕەکەی هاشمی رەفسنجانییە کە سەرەڕای گیران و ئاشکرابوونی گەندەڵییەکانی، بەڵام باوکی تا مردنیش هەر وەک پیاوە باشەکە لەنێو خەڵکدا مایەوە.

کۆمەڵگەی ئێرانی کۆمەڵگەیەکی زیندووە. ئێستا ئاغازادەکانی ریسوا کردووە و لەنێو خەڵکدا دەناسرێنەوە. با هەر خاوەنی یانەی وەرزشی و ئۆتۆمبێلی گرانبەها و جلوبەرگی بووگاتی و دۆستی کچی جوان جوان و ڤیللاگەلی شاهانە بن و هەر رۆژەی لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا و بەریتانیا و رۆژێکی دیکە لە دوبەی ببینرێن، بەڵام لەنێو خەڵکدا بە سووکایەتییەوە پێیاندەڵێن "ئاغازادە" و حورمەتیان نەماوە.

لە کوردستان ئەمە بەپێچەوانەیە. لێرە ئاغازادە و وردە ئاغازادە هێندە زۆرن و وا دەستیان لە هەموو شتێک گیرکردووە کە نازانیت کێیان لەکوێ بدۆزیتەوە و چییان لەسەر بزانیت و کەسیش وەک پیاوی خراپ تەماشایان ناکات. بەپێچەوانەوە کێبڕکێیە لەسەر ئەوەی کێ زووتر دەبێتە برادەریان. چاوت بە ڤیللایەکی جوان دەکەوێ، دەپرسیت: "ئەمە هی کێیە؟" یەکێک پێتدەڵێت "هی فلان بەرپرس و کۆنە تێکۆشەرە"، کەچی دە کەسی دیکە سوێندت بۆ دەخۆن کە وانییە و هی ئەو نییە. قسەی هەردووکیشیان راستە. چونکە ڤیلاکە هی خۆی نییە و هی جەنابی ئاغازادەی کوڕیەتی، کە دواجار هەر دەبێتەوە بە هی خۆی.

ئەمجارە لە سلێمانی ناوی هەندێک بەرپرسی باڵا و خوارتریان هێنا کە خۆیان لەنێو خەڵکدا بە پیاوی ماندوو و پاک و دوور لە گەندەڵی ناسراون، بەڵام کوڕ و برازا و خوارزاکانیان هەریەکەیان شاگەندەڵێکن. ئەم دیاردەیە خەریکە وردە وردە بە کۆپیکردنەوەی زیرەکانەی ئەزموونی ئێرانی، لە هەموو کوردستان جێگە دەگرێت. هەرچەندە لەسەرەتای نەوەتەکانەوە دیاردەکە هەبوو، بەڵام ئەوکات لەسەر ئاستی زۆر باڵا و سنووردار بوو. کەچی ئێستا پێت سەیر نەبێت ئەگەر کوڕی بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتێکیش رێگە بەخۆی بدات ببێتە ئاغازادە و سوود لە پەیوەندی و دەسەڵاتەکانی باوکی یان ئاغاکانی سەرووی باوکی وەربگرێت.



بەختیار کەریم

# هەمان عێراق یان عێراقێکی تر

بابەتی سەربەخۆیی کوردستان یەکێکە لە بابەتە گەرمەکانی گفتوگۆی نێوان دوو بەرە: بەرەی دژەدەوڵەت کە دەیانەوێت کورد جارێکی تر پەلکێش بکەنەوە ناو زۆنگاوە خوێناوییەکەی عێراق و بەرەی دەوڵەتخواز کە دەیانەوێت کورد لەو زۆنگاوە بهێننە دەرەوە، تەنها بۆ ئەوەی بەرەو زۆنگاوێکی تر پەلکێشی بکەن، کە خۆیان تێیدا حوکمڕانی رەهان.

بەرەی دژەدەوڵەت بانگەشەی گێڕانەوەی شکۆ و ئیرادە دەکات بۆ مرۆڤی ئێمە، بانگەشەی دژایەتیکردنی گەندەڵی، ستەمکاری و سوڵتانیزم دەکات، بەڵام هاوکات هیچ پرۆژەیەکی نییە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم ئیرادەیەی کە بانگەشەی گێڕانەوەی دەکات، هیچ پرۆژەیەکی نییە بۆ ئەو کوردەی وەک قەرەجی دەرەمێژوو، زیاتر لە سەدەیەکە جینۆساید دەکرێت و وەک پەنابەرێکی قێزەون خاکی بێگانان تەی دەکات. ئەم بەرەیە لەسەر ئاخوڕی ئەو پۆپۆلیزمە دەژی کە بەناوی دژایەتی گەندەڵییەوە، ساتەوەختی گەندەڵیی هزری و رۆحیی خۆی ئەزموون دەکات و سەرقاڵی راهێنانە بۆ جێگرتنەوەی ئەو "دڕندە"یەی لە دژی دەجەنگێت. نووسەرانی ئەم بەرەیە بەخۆیان بزانن یان نا، سەرقاڵی کوشتنی ئیرادەی سەربەخۆی مرۆڤی کوردن و دەیانەوێت پەلکێشی ناو زۆنگاوەکەی عێراقمان بکەنەوە. کاتێک نووسەرانی ئەم بەرەیە باسی عێراق دەکەن، وێنای نیشتیمانێک دەکەن کە منداڵەکانی خۆی ئەنفال و گازباران ناکات، جینۆسایدی کورد و ئێزدی لەسەر خاکی ئەم نیشتیمانە رووینەداوە، مەسیحییەکان وەک رەسەنترین دانیشتووانی سەر ئەم خاکە بەرەو نەمان ناچن، لە هەمووشی گرنگتر گەندەڵی بوونی نییە لە عێراقی ئەم نووسەرانەدا!

بەرەی دەوڵەتخوازکە زۆرینەی حیزبە سیاسییەکان و رۆشنبیرانی ئێمە لەخۆدەگرێت، لە بنەڕەتدا لەگەڵ بەرەی یەکەم جیاواز نین، واتا هەڵگری هەمان جیهانبینین! ئەمانیش هاوشێوەی بەرەی دژەدەوڵەت پەلکێشی عێراقێکی ترمان دەکەن، دەوڵەتێک کە کۆپیەکی تری عێراقە! بەرەی دەوڵەتخواز باسی دەوڵەتی کوردی دەکەن، یان وەک تاکتیکێکی سیاسی باسی دەوڵەتی کوردستان دەکەن، بەبێ ئەوەی بیرۆکەیەکی روونمان پێشکەش بکەن لەسەر ئەدگار و سیماکانی ئەم دەوڵەتەی ئایندە. لەهەردوو دۆخەکەدا، باسەکە لەسەر دەوڵەتێکە کە کورد هەژموونی رەهای دەبێت، دەوڵەتێک کە هەمیشە کراوە دەبێت بەڕووی ئەگەری ستەمکاریی زۆرینە و چەوساندنەوەی کەمینە نەتەوەییەکان لەلایەن هەژموونی کوردسالاری و کەمینە ئایینییەکان لەلایەن هەژموونی ئیسلامسالارییەوە.

پێکەوەژیانی پاش جینۆساید، لە ئەستەم نزیکە. هەموو نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو، چارەنووسێکی جیاوازی هەڵبژاردووە لە نەتەوەی جینۆسایدکار، چونکە ئەزموونەکانی مرۆڤایەتی نیشانی دەدەن پێکەوەژیانی پاش جینۆساید مەحاڵە، بەتایبەتی کە نەتەوەی جینۆسایدکار ئامادە نەبێت داوای لێبووردنی راستەقینە بکات بەرامبەر ئەو تاوانەی ئەنجامیداوە و پرۆسەی "سارێژکردنەوە"ی هەمەلایەن ئەنجام نەدات. جینۆساید ساتەوەختێکە کە نەتەوەی پێش جینۆساید لە نەتەوەی پاش جیۆساید جیادەکاتەوە. (مایکڵ ئیگناتیف) لەسەر یەکلاکەرەوەیی جینۆساید دەڵێت: "پێش ئەزموونی جینۆساید، لەوانەیە خەڵک هەستی وابەستەبوونی نەتەوایەتییان نەبێت. پێش جێنۆساید لەوانەیە وابەستەبوون و بڕوا وەک بژاردەی تاکەکەسی سەیر بکەن. بەڵام پاش جێنۆساید، وابەستەبوونی نەتەوایەتی دەبێتە چارەنووسیان."

(مایکڵ ئیگناتیف) لە ساڵی 1993 لە هەڵەبجە، ئەم سەرنجانەی لەسەر جێنۆسایدی کورد تۆمارکردووە، باس لە ئەنفال و هەڵەبجە دەکات وەک هێڵێکی تۆخ لەنێوان رابردوو و ئایندەی نەتەوەیەکی جینۆسایدکراودا. ئێستا پاش چارەکە سەدەیەک لەو راپەڕینەی، زۆربەی خەڵک لەو بڕوایەدا بوون، بەرجەستەی ئیرادەی نەتەوەیەک دەکات، هەست دەکرێت کە زۆربەی ئەو نووسەرانەی ئومێدیان بە بەرجەستەبوونی ئەم ئیرادەیە هەبووە، هەڵەبوون. لەوانەیە کورد بەدەرکارییەکی دەگمەن بێت لەم رێسایەی (ئیگناتیف)، چونکە پاش ئەنفال، دەبووایە کورد هەرگیز بیری لە ژیان لە چوارچێوەی عێراقدا نەکردایەتەوە. دەبووایە پاش ئەنفال، کورد بەدەر لە ئیرادەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، وابەستەبوونی نەتەوایەتی چارەنووسی بووایە!

بەڵام ئەزموونی شکستخواردووی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان، بڵاوبوونەوەی هەموو جۆرەکانی گەندەڵی لە جەستەی سیاسی و کۆمەڵایەتیماندا، سەرکەوتنی ئیرادە و چارەنووسی خێڵ بەسەر حیزب و حیزب بەسەر نەتەوەدا، هۆکارن بۆ دروستبوونی هێزێکی سیاسی و گوتارێکی رۆشنبیری کە جینۆساید لەیاد دەکات و بەرگری لە بیرۆکەی مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا دەکات.

لەڕاستیدا دەبووایە ئەم گفتوگۆیانە لەسەر بابەتی تر بکرانایە: چۆن دەتوانین وەک بەشێک لە پرۆژەی دەوڵەتسازی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا دژایەتیی گەندەڵی بکەین و دیموکراسی بسەپێنین بەسەر ستەمکارە خۆماڵییەکاندا، لەجیاتی پەنابردن بۆ ستەمکاری خراپتر؟

چۆن دەتوانین دەوڵەتی ئایندەمان دەوڵەتێکی مەدەنیی راستەقینە بێت، کە مەسیحییەک و موسوڵمانێک، تورکمانێک و کوردێک تێیدا یەکسان بن؟

کێشەی سەرەکیی بەرەی دژەدەوڵەت ئەوەیە کە پێشنیازێک یان پرۆژەیەکیان نییە بۆ نەتەوەیەک کە "لەبێ دەوڵەتیدا، دەوڵەت دەیکوژێت!" رەتکردنەوەی ناشیونالیزم و دەوڵەت و دروستکردنی گومان لەسەر سەربەخۆیی، لای ئەم نووسەرانە تەنها بەرتەکێکی پڕ لە هاتوهاواری بانگخوازانەیە بۆ سەرسامکردنی زۆرترین "موجاهیدی فەیسبووکی".

لەبەرامبەردا، بەرەی دەوڵەتخواز دیدگایەکی روونی نییە، جگە لە دروستکردنی دەوڵەت لەرێگەی راگەیاندنی سەربەخۆیی و بڕیاردان لە چارەنووس وەک مافێکی سروشتی. بەڵام ئێمە نازانین ئەدگارەکانی ئەم دەوڵەتە چین. پێویستە هەڵهاتنی رەوای ئێمە لە زۆنگاوی عێراق، تەنها لەسەر ئەو بنەمایە نەبێت کە ئێمە مافێکی سروشتیمان هەیە بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆمان، بەڵکو پێویستە هاوشان بێت لەگەڵ پێناسەکردنی ئەو شوێنەی خۆمان و کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانی تری بۆ دەبەین. دەبێت لەخۆمان بپرسین، چۆن دەتوانیت قەناعەت بە تورکمان، ئێزدی، سریانی و کلد و ئاشووری و ئەرمەنی بهێنین کە ئەو دەوڵەتەی بونیاتی دەنێین جیاواز دەبێت لە عێراق؟

کێشەی ناشیونالیزمی کوردی لێرەدایە، لەم هەنگاونانە بەرەو نادیار، لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەت بەبێ بەشدارییەکی راستەقینەی جەماوەری و بەبێ گفتوگۆیەکی قووڵ لەسەر ئایندەی دەوڵەتەکەمان. کێشەی ئەوانەش کە بانگەشەی مرۆڤایەتی و پێکەوەژیان دەکەن و دەوڵەت رەتدەکەنەوە، لەوەدایە کە جگە لە کردنەوەمان بە کۆیلەی دەوڵەت، هیچ بەدیلێکی تریان نییە. لەم شەڕەدا، کە شەڕێکە لەگەڵ وێنەی خۆیان لە ئاوێنەدا، هەردوو بەرە کۆیلەی جیهانبینییەکن کە جگە لە عێراق یان عێراقێکی تر هیچی لێ کەسک نابێت!



رابەر تەڵعەت

# ترس لە سەربەخۆیی

سیاسەت لە دۆخی پێناسەکراوی خۆیدا، هونەری رێگریکردنە لە قەیران و کارەسات بەر لە روودانیان. لەو وڵاتانەدا کە سیاسەت تێیاندا تا رادەیەکی باش لە ئاستێکی بەرقەرار و جێگیردایە، سیاسییەکان خۆیان لەسەر ئەوە رادەهێنن کە چۆن بتوانن کێشە ئاڵۆزەکان تێپەڕێنن بەبێ ئەوەی پەل بهاوێژێت بەرەو دووبەرەکی و ناکۆکیی ناوخۆیی. لەلای ئێمە سیاسییەکان بە گشتی و بڕیاربەدەستەکان بەتایبەتی، سەراوسەر رووە و خولْقاندنی کێشە و ناکۆکی خۆیان هەڵدەدەن، بگرە خولْقاندنی قەیران و گرفتی یەک لەدوای یەک بووە بە کولتورێکی باو و پەیڕەوکراو لە ژیانی حیزبی و سیاسییاندا.

هەوڵدان و بازدان لە وێرانکردنێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، بۆ لەخشتەبردن و لاوازکردنی ئەوی دیکە، بۆ خولقاندنی بەرزترین ئاستی توندوتیژیی سیاسی و دەروونی، بووە بە خوویەکی رۆژانە، بووە بە تلیاکی ژیانی سیاسی و کاربەدەستانی حیزبی و حکومی ناتوانن دەستبەرداری بن، ئەوانەش کە وەک راوێژکار و حاشییەی نوخبەی دەسەڵاتە حیزبی و حکومییەکان کار دەکەن، بەشدارییەکی چالاکیان هەیە لە بەکارهێنان و دابینکردنی ئەو تلیاکی توندوتیژی و قەیرانانە.

مەیلی دەسەڵاتخوازی و مەرکەزییەت، رەتکردنەوەی بەرامبەر و دانپێدانان بە فرەیی و جیاوازییەکان، رەتکردنەوەی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان هێزەکان خۆیاندا، یاخود ئاڵوگۆڕکردنی رۆڵ و بەرپرسیارێتییەکان، دیارترین دیاردەی نێو سیاسەتی کوردییە و جەوهەری ئایدیۆلۆژیای سیاسی حیزبەکان پێکدەهێنێت. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی حیزب و سیاسەتمەدارەکانی هەرێمی کوردستان کە زۆربەیان لە پاشخانێکی حیزبی و کاری نهێنی و رێکخستنەوە هاتوون و هیچ جۆرە ئەزموونێکیان لە ئیدارەدانی دەوڵەت و دامەزراوەی دیموکراسیدا نییە، بۆیە دەبینی بەگشتی دامەزراوەکانی حکومەت سەرتاپا بەرگێکی ئایدیۆلۆژی رێکخستنی حزبییانەیان پۆشیوە و حکومەت و دامودەزگاکانی زیاتر وەک رێکخستنێکی نهێنی حیزبی بەرێوەدەبردرێن وەک ئەوەی کە دامەزراوەی مۆدێرن و دیموکراسی بن.

مەیلی دەسەڵاتخوازی و سەپاندنی هەژموونیش بۆ ئەوەی بتوانێت مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات، رێگای کەڵەکەکردنی سامان دەگرێتە بەر، بۆ هەرێمی کوردستانیش کە تاکە سەرچاوەی سامان و داهات تیایدا پشتی بە نەوت بەستووە، بازرگانیکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەو سێکتەرە ئاسانترین رێگایە بۆ بەدەستهێنانی سامان و بونیادنانی هێزی چەکدار و دامودەزگای ئەمنی. مێژووی سیاسی جیهانیش ئەوەمان نیشان دەدات کە وڵاتانی پشتبەستوو بە سەرچاوەکانی نەوت، زۆرترین مەیلیان هەیە بەلای دەسەڵاتخوازی و دامەزراندنی سیستەمێکی سەرکوتکاریی و داپڵۆسێنەردا.

ئەزموونی دەوڵەتی ئێراق و هەرێمی کوردستانیش لەم ساڵانەی دواییدا، نەیتوانیوە پێچەوانەی ئەو مەترسییانە لە خۆیدا نیشان بدات کە لە دەوڵەتێکی سەرکوتکاری نەوتفرۆش دەبینرێت، بەڵکو زیاتر وەک بازاڕی فرۆشتنی نەوت و ونبوونی سامانی نەوت دەرکەوتووە. لاوازیی دامودەزگاکان، نەبوونی بونیاد و هوشیاری قانونی بەرامبەر بە سیاسەتەکانی حکومەت و لاوازی و دەستەوەستاویی کۆمەڵگا بەرامبەر بەوەی کە حیزبەکان دەیکەن و کردوویانە، لەرزۆکیی کۆمەڵگای مەدەنی و لاوازیی دادگاکان لە ئاست ئیرادەی داسەپاوی حیزبە فەرمانڕەواکاندا، وای کردووە کە هاووڵاتی وەک تەنێکی بچوکی لەرزۆک و حیزب و دامودەزگاکانی وەک زەبەلاحێکی باڵادەست بەسەر هەموو شتێکدا بێنە بەرچاو. چونکە توانایییەکانی کۆمەڵگا و هاووڵاتیان لە رێگای کۆمەڵە و سەندیکاکانەوە دەتوانێت لە ئاست کۆمەڵگای سیاسیدا خۆی نیشان بدات، ئەویش بەو مەرجەی کە یاسا بێلایەن بێت و دادگاکان سەربەخۆ بن، کە هیچ یەکێک لەمانە بوونیان نەبوو، مانای ئەوەیە هیچ کەس لە هەژموونی دەسەڵاتخوازیی حیزبەکان و حکومەتەکەیان پارێزراو نییە.

دەوڵەت لە ناوچەکەی ئێمەدا، بەتایبەتیش ئەزموونی کورد و دەوڵەتی ئێراق هەر لە سەرەتاوە تا ئەمرۆ، ئەلبوومێکە پڕ لە یادەوەری و وێنەی کارەساتبار لە هزری هەر تاکێکی کوردیدا، یەکێکیش لە ترسناکترین وێنەکان، نارسیزم و ئاشقبوون و ئاوێتەبوونی وێنەی سەرۆک و نوخبەی دەسەڵاتدارە لەگەڵ وێنەی دەوڵەت، پیاهەڵدان و بە پیرۆزکردنی سەرۆک و حیزبی فەرمانڕەوا وەک بەشێک لە نیشتیمانپەروەری و بەرزڕاگرتنی پیرۆزییەکان، بەشێکە لە یادەوەری تاڵی مرۆڤی کورد، لە یەک کاتدا جێگیرکردن و لەناوبردنی ئەزموونی دەوڵەتیشە، وەک ئەوەی لە مێژوودا بینیمان، ئەوەی بەسەر ئەڵمانیای هیتلەر و ئێراقی سەدامدا هات.

سەرئەنجام، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە، بە وردبوونەوەیەکی سۆسیۆلۆژییانە، دەکرێ بڵێین؛ سەیر نییە دوای 26 ساڵ لە ئازادی و فەرمانڕەوایی کوردی، بیرۆکەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەتوانێت بەشێوەیەکی رەها هەستی کوردانەمان ببزوێنێت، یان لانیکەم بۆ خەڵکانێک جێگای تێڕامان و نیگەرانی بێت وەک ئەوەی جۆشوخرۆش بێت، چونکە یادەوەریی ناخۆش لەگەڵ بیرۆکەی حیزبی حاکم و دەوڵەتی بەهێز، بەشێکە لە هۆشیاریی سیاسیمان کە بونیادی ئەو درک و هۆشیارییەش لە ئەزموونەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە لامان سەیر نەبێت کە خۆمان داوای گەرەنتی لە دەوڵەتی خۆمان بکەین.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## شاجوان دەزگاکەی دێنێتە کوردستان

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net







